ژمارە ( ٨ )ی ٢٠١٠

# زمانناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان
ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی دەریدەکات

پراگماتیک
پ.د. محەمەد مەعروف فەتاح

زمانەوانی و گشت لقەکانی
پ.د. یوسف شەریف

زمانی کوردی و مۆرفیمی بکەر نادیارسازی
و: ئیبراهیم مورادی

لێکدانەوەی چەند وشەیەکی کوردی
موعتەسەم سالەیی

جۆرەکانی جێناو لەناوچەی پشدەردا
ئیسماعیل حەسەن

ڕۆڵی ژمارە لەپێکهاتەی وشەی کوردیدا
د. سەباح موسا


ڕێکخراوی زمانناسی
بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی


# زمانناسی


گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان

ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی دەریدەکات

**ژمارە (٨) ٢٠١٠**


گۆڤاری زمانناسی

**لەسەر ئەم ماڵپەڕانە بخوێنەوە:**

**www.zimannasi.com**
**www.dwrga.com**
**www.dengekan.com**


خاوەنی ئیمتیاز
پ.ی سەلام ناوخۆش
٠٧٥٠٤٤٦٧١٨٤

سەرنووسەر
نەریمان خۆشناو
٠٧٥٠٤٩٤٧٧٨٧
٠٧٧٠٢٥٧٧٥٢٨

بەڕێوەبەری هونەریی
کۆچەر ئەنوەر نایف

نەخشەسازی بەرگ
ئەبوبەکری مەلا عەبدوڵڵا

**ناونیشان**
**کوردستان ـ هەولێر**
**شەقامی ئاراس**
**پشت قوتابخانەی ئەیوبییە**

بۆ پەیوەندیکردن:
zimannasi@yahoo.com
xoshnaw_n@yahoo.com
nawkhosh@yahoo.com

## لەم ژمارەیەدا

### سەروتار


- زمانی کوردی لەناو دەستووری عێراق..........................خاوەن ئیمتیاز 3


### تایبەت


- (پرسەنامە)........................... ڕێکخراوی زمانناسی 7
- پیاوێك بۆ لێفێربوون ........................ د. شێرکۆ حمە ئەمین 8
- پراگماتیك.......................... پ. د. محەمەد مەعروف فەتتاح 10


### لێکۆڵینەوە


- زمانەوانی و گشت لقەکانی ............................ پ. د. یوسف شەریف 19
- زمانی کوردی و مۆرفیمی بکەر نادیارسازی.................... و: ئیبراهیم موڕادی 32


### بەدواداچوون


- هەگبەی هیرانی (هیچ)ی تێدابوو!........................... سەباح مەجید 43


### وتار


- ڕۆڵی ژمارە لەپێکهاتەی وشەی کوردیدا........................... د. سەباح مووسا 59
- جۆرەکانی جێناو لەناوچەی پشدەردا.......................... ئا: ئیسماعیل حەسەن 75
- لێکدانەوەی چەند وشەیەکی کوردی ......................... موعتەسەم ساڵەیی 84
- سێ (یا) و یەك مراوی.............................................. نزار سابیر 91
- زمانی دکتۆرەکان زمانێکی دکتاتۆرانەیە؟ .......................... سەلام ناوخۆش 98


### وەرگێڕان


- جۆرەکانی زمان.....................................و:نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو 105


### فەرهەنگی زمانناسی


- چەپکێك لە زاراوەگەلی بواری ئەندازیاری ...................... پ. ی. د. شێرکۆ بابان 116

## سەروتار

# زمانی کوردی لە ناو دەستووری عێراق

## پرۆژەیەك بۆ پەرلەمانتارە نوێیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

خاوەن ئیمتیاز

لەکۆمەڵگای کراوەدا، کە مرۆڤ وەك بونەوەرێکی پڕ ڕێز چەقی فەلسەفەی سیاسی دام و دەزگاکان پێکدێنێ، چاوەڕێ دەکرێ دەمارەکانی دکتاتۆریەتی سیاسی، نەتەوەیی هەتا کەسیی خاو ببنەوە، بەشێوازێکی تر، مرۆڤ ناتوانێ بە ئازادی خۆی وەك بونەوەرێکی زمانەوانی ئینسانی دەرك بە بوونی سیاسی خۆی بکات هەتا لەمپەرەکانی بەردەم کۆمەڵگای کراوە لانەبرێن. ئەنزیمەی عەرەبی لە عیراق نەیتوانیوە هیچ گۆڕانکارییەك لە زهنیەتی تاکی عەرەبی بکات، چونکە حیزبی عەرەبی خاوەن هەر فەلسەفەیەکی سیاسی بێ یان هەتا هەر رەوتێکی سیاسیش بێت عەلمانی بێ یان (نا - عەلمانی) نەیتوانیوە لەبەرانبەر کورد گڕ لە کەلتووری شۆفێنزمی سیاسی و نەتەوەیی بەربدات. لەهەندێ قۆناغی سیاسیدا، حیزبی عەرەبی وەك حیزبێکی کەمالی ئەتاتورکی لە ئاست کورددا نەك هەر شۆڤینیەت بەڵکو بەرەو فاشیەت چووە. کورد لەمێژووی عیراقدا بەدوو جۆر (بەشداری سیاسی) لەگەڵ عەرەبی عێراقدا کردووە. لەسەردەمی پاشایەتیدا بەشێك لە کورد بەشداری سیاسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی داکردووە. بەشێکی تر لەدوای روخانی رژێمی بەعسی وەك پارتی سیاسی بەشداریان لەو ئەنجومەنە کردووە.

ئەگەرچی ئەو دوو (بەشە) لە کورد لەیەك جیان: ئەوانەی سەردەمی پاشایەتی (تەواو) نوێنەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نەبوونە، بەڵام ئەوانەی دوایی لەڕێگای هەڵبژاردنەوە، وەك نوێنەری حیزب و خەڵك بەشداربوونە، ئەم نووسینە هەوڵ دەدات ئەو راستیە روون بکاتەوە کە

دەسەڵاتی کوردیش مکوڕ بووە لەپاراستنی حاڵەتی داگیرکردن لە کوردستان و دیار نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی کورد لە عیراقدا، وێڕای ئەمەش تەواو جەخت لەسەر (زمان)ی نوێنەرانی کورد دەکات، کە کەسیان جورئەت ناکەن بەزمانی خۆیان بدوێن. دەبێ هۆکارو پاساوەکان چین؟

عەرەبەکانی دەسەڵات بە (شیعە) و (سونە) و (عەلمانی)یەوە باوەڕیان بە بنەماکانی سیستەمی فیدرالی نییە، ئەوان بەحوکمی (زۆربە) و (دەسەڵات) هەتا (دین) خوێندنەوەیەکی عەرەبایەتی بۆ ناسنامەی عیراق دەکەن، ئەوان عیراق وەك هەر دەوڵەتێکی دی عەرەبی دەبینن، کوردیش وەك (نەتەوەی دووەم و خاوەن ماڵ و شەریك) ناخوێنێتەوە، کورد لە نەزەر ئەوان (ئەقەلیەتی قەومیە) نەك نەتەوەیەکی جودا لەعەرەب و خاوەن خاك لەعیراقی زۆرەملێ زۆربەی پەرلەمانتارەکانی کورد لە بەغدا (سیاسی) و (نەتەوەیی) نین و لە مەسەلە نەتەوەییەکان، وەك (زمان) و (جوگرافیا)ی نەتەوەیی بێ ئاگان. ئەمەریکا گەمەی سیاسی لە عیراق بە (ئاراستەیەك)دا بردووە، کێشەی دەسەڵاتی سیاسی کورد لە بەغدا هەر تەنیا بۆتە قسەکردن لەسەر بودجە ! ! بەجۆرێك چارەنووسی سیاسی هەرێمی کوردستان بەرەوشی بودجەی عیراقەوە بەستراوەتەوە، هەر کێشەیەکی سیاسی لە پاشان عەسکەری لەنێوان (بەغدا) و (هەولێر) دروست ببێ و بەغدا بودجەی هەرێم نەنێرێ، ئەوە گەورەترین کێشەی سیاسی و ئابووری لەکوردستان بەرپا دەبێت کورد لە بەغدا عەرەب بە (برا گەورە) دەخوێنێتەوە، بەگوفتارو رەفتاری خۆیان لە پەرلەمانی عیراقیدا جەخت لەسەر (یەك گەلی). عیراق دەکەنەوە !

ئەگەر فاکتەری زمانی جودا کاری لەسەر نەکرێ، چۆن بزانرێ لەعیراق زیاتر لە نەتەوەو گەلێك هەیە ؟

ئەوە دوو خولی پێشوو تەنیا کاریان لەسەر ناسنامەی کورد لەرووی زمانەوە نەکرد ئەمجارە کە نوێنەرانی کوردستان (نەك کورد) هەر تەنیا نوێنەری دەسەڵاتی کورد نین، بەڵکو ئۆپۆزسیۆنیش بە قەبارەیەکی گەورەتر لەجاری پێشوو بەشدارە، بۆیە دەتوانن مەسەلەی زمان وەك پرۆژەیەك پێشکەشی پەرلەمانی عیراقی بکەن، پرۆژەی زمانی کوردی بۆ دیارکردنی هەقیقەتی دوو نەتەوە لە عیراق مەسەلەیەکی فاکتەری زمان رۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕێ لەرۆنانی جودایی نەتەوەدا، زمان و بونیادی نەتەوە لەوڵاتێکی فرە نەتەوەدا پێویستییەکی حەتمییە بۆ پاراستنی

کـەلتور و زمـان و دینـی نەتـەوە – Language and nation building زمان یەکێ لە ئەستونە پتەوەکانی ناسنامەی نەتەوەییە، بۆیە گرنگە نەك هەر نوێنەرانی کورد لەهەرێمی دەسەڵاتی ئەو جۆرە دەوڵەتەدا، بەڵکو تاکەکانیش مەسەلەی زمان بە ئامانجی ستراتیژی خۆیان بـزانن و بـە بەشێك لە ئاسایشی نەتەوەیی بـزانن نوێنـەری کوردسـتان دەتـوانن لەسـەر چـەند بنـەماو شەنگـستێك (شـەڕی زمـان) لەگـەڵ نوێنـەرانی (باشـور) و (ناوەڕاست) ی عیراق بکەن.

عەرەب فاکتەری دین زۆر دیماگۆژیانە بەکاردەهێنن هەتا عەلمانییەکانی عەرەبیش بە بەهانەی زمانی قورئانەوە (پرۆسەی تەعریب) بەسەر (غـەیرە عەرەب) پەیڕەو دەکـەن. هـەر لەدامەزرانـدنی یەکـەم حکومـەتی عیراقیـدا، کەسێکی وەك (ساتع ئەلحەسەری) وەزیری مەعاریفی ئەوسا، شەڕی تۆفیق وەهبی دەکرد بەوەی نابێ لـەپێناو دروسـتکردنی ئـەو دەنگانـەی لـەزمانی عـەرەبی نـیین و لـەزمانی کـوردی داهـەن لەسـەر شـێوەی پیتـی عـەرەبی گۆڕانکارییان تێدا بکرێ!! ئـەو وەزیـرەی حکومـەتی ژێـر سـایەی ئینگلیـز دەیگوت: نابێ دەسکاری پیتەکانی زمانی عـەرەبی بکرێت، چـونکە زمـانی قورئـانی پـیرۆزە!! بێگومـان (ئەلحەسـەری) دەیزانـی ئـەم گۆڕانکاریـە پەیوەندی بـەزمانی قورئانـەوە نییـە، چـونکە زیـاتر لەسـەردەمی (ئیمـامی عەلی) نەك پێغەمبەرو سێ خەلیفەکەی تر ئەو پیتانەی زمانی قورئان سەرە و بۆر) و نوختەیان بۆ کراوە!!

لەلایـەکی تـرەوە (زمـانی قورئـان) و (ئاخـاوتنی عـەرەبی) زۆر لەیـەك جودان. شێوەی ئاخاوتنی عیراقی هیچ پەیوەندییـەکی بـەزمانی قورئانـەوە نییـە ئەمـەو زمـانی قورئـان، زمـانی قورئانـەو زمـانێکی (ئومـەمی)یـە نـەك (نەتـەوەیی) دوا دینـی خـودا دینێکـی جیهانییـە نـەك نەتـەوەیی، بۆیـە زمانەکەشی زمانێکی رۆحانی جیهانییە.

قورئانی پیرۆز فاکتەری زمان بە بونیادی نەتەوە هەروەها بە ئایـەتێکی خـودای گـەورە دانـاوە: (وجعلنـاکم شـعوبا وقبـائلا.. ومـن ایاتـە اخـتلاف السنتکم) جودایی ئەم (دووە ـ زمـان و نەتـەوە) دەسـەڵاتی پـڕ هـەژمونی خودا لە ئافراندنی مرۆڤی یەك شێوازی زمان و نەتەوەی جودا دەسەلمێنێ. مرۆڤ خۆی بونەوەرێکی زمانەوانییە. ئەو هەقیقەتەش ئەوکاتە تەواو دەرکی پێدەکرێ کـە تـەواو لەپرسـی تایپۆلۆژیـای زمانـەکان بگـەین کـە هـیچ دوو (زمـان)ێـك هەرچـەندە لەهـەمان خێزانـە زمـان بـن بـەگوێرەی تیۆرەکـانی (فۆنیم) و (مۆرفیم) و (سێنتاکس) وەك یەك نیین! لەم ڕوانگەوە نوێنەرانی کوردستان دەتوانن تەواو داکۆکی لە قودسیەتی زمانی خۆیان بکـەن و ئـەو

ئەفسانەی عەرەبەکانی دەسەڵات پوچەڵتر بکەنەوە و شانازی بەزمانی خۆیان بکەن، چونکە خودای گەورە شانازی بە زاتی خۆی دەکات بەوەی ئەو هەموو مرۆڤەی لەیەك (مرۆڤ ـ ئادەم) دروست کردووە و خاوەن ئەو هەموو زمانە جودایەن.

بەپێی دەستووری کاتی عیراقی سەردەمی شۆرشی چواردەی تەمموز، کورد لە عەرەب جودایە لەگەڵ عەرەبی عیراق هاوبەشە لەدەوڵەتی عیراق، لەسەردەمی پاشایەتیش بەگوێرەی بنەماکانی بڕیاری سەربەخۆیی عیراق ئاماژە بەکورد کراوە وەك نەتەوەیەکی جیاواز لەعیراق کە دەبێ زمانی خۆی لەولاتی خۆی بەکاربێنێ حکومەتی عیراقی لە 1931/5/23 پەیمانی "یاسای زمانە ناوچەییەکانی بلاوکردەوە بەناوی یاسای ژمارە (74) ئەم یاسایە لەژمارە (989) الوقائع العراقیە لە 1931/6/1 بلاوکراوەتەوە. لەدەستووری ئێستای عیراقدا زمانی کوردی لەهەرێمی کوردستان زمانێکی فەرمییە و زمانی یەکەمە، هەروەها لەباشور و ناوەڕاستی عیراقیش زمانی دووەمە، ئایا (دەق) لەمە راشکاوتر دەبێ؟! ئایا فەرامۆشکردنی ئەم دەقە لەلایەن خودی سەرۆك كۆمار و وەزیرە کوردەکان و پەرلەمانتارە کوردەکان هەلاتن نییە لە (کوردێتی)؟ دەبێ بیانووی ئەوانە چی بێ؟! ئایا ئەو بێدەنگییەی ئەو (پۆستدارانە) بە عەرەب ناساندنی عیراق ناگەیەنێ؟! خۆشمان دەزانین، ئەگەر سەرۆك كۆمار گوتارێکی نیشتمانی بە (کوردی) بدات و لەژێرەوە قسەکانی بۆ عەرەب وەربگێڕدرێ لە 80٪ عەرەبەکانی عیراق بە (زگ دەدەن!) بەلام ئەگەر هەمان گوتار بە (ئینگلیزی) بدات هیچ روونادات؟! سەرۆك كۆمار و کوردەکانی تر بەگوێرەی دەستوری عیراقی بۆیان هەیە بەزمانی زگماکی خۆیان بدوێن و بنووسن، لەم روانگەوە بەکارهێنانی زمانی کوردی لەو دام و دەزگایانە تەواو ئەو راستییە ساغ دەکاتەوە کە لە عیراقدا دوو نەتەوەی جیاواز دەژین. ئەگەر کورد خۆی ئەو هەنگاوە ناوێت، هەرگیز عەرەبەکان چ عەلمانی چ (نا عەلمانی) نەك ئەو هەنگاوە ناوێن بەڵکو ناشهێڵن.

زمان جودایی بەڵگەیە لەسەر کوردستانێتی ناوچە جێ ناکۆکەکان.

هەردوو بەندی (58) ی کۆن و (140)ی فەرامۆشکراو بەڕێگای دیاری کردنی پرۆسەی زمانی جوداوە چارەسەر دەکرێن، هەموو عەرەبێك دەزانێ ئەوە دەسەڵاتی عەرەبی بووە کە لەسەردەمی حکومەتەکەی نوری سەعیدەوە هەتا ئێستا خەریکی بەعەرەبکردنی کوردستانن ئەمە راستیەکە

هیچ کەسێك ناتوانێ نکوڵی لێ بکات، دەسەڵاتی کوردی دەتوانێ بانگی هەموو ڕێکخراوە جیهانییەکان بکات لەسەر بنەمای زمان چارەنووسی ئەو جێیانە دیاری بکرێ، دەسەڵاتی عەرەبی باوەڕی بە فاکتەری مێژو و سیاسی نییە، دەسەڵاتی کوردی لەو روانگەوە هەوڵی لەگەڵ دان، بەس ئەو عەقڵیەتە ئەمەی قەبوڵ نییە، بەڵام کورد بە پاڵپشتی هەر ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی دەتوانێ لەسەر بنەمای زمانەوە ئەو ناوچانە بگێڕێتەوە سەر کوردستان. عەرەبی عیراق ئەگەر بۆ مەسەلەی هەواڵگری یان ناچاری نەبێ نایەوێ (کوردی) فێرببێ، هەرچی کوردە بەتایبەتی کوردی ئەو جێیانە کوردی و عەرەبی چاك دەزانێ، لەو پێودانگەوە دەکرێ خەڵکی ئەو ناوچانە لەڕووی زمانەوە تێست بکرێن Test.

زمانی کوردی بونیادی نەتەوەی کوردی دەگەیەنێ، زمان و نەتەوە هاوتای یەکترن، هەر بەزمانەوەش ناسنامەی نەتەوە دەردەکەوێت، ئەو دووەش هەردووك ئایەتی گەورەیی خودا دەسەلمێنن، بەکەمزانی زمانی ئەویتر، یان هەوڵدان بۆ سڕینەوەی زمانی ئەویتر شۆڤێنیزمی زمانی لێ بەرپا دەبێت، هەروەها پێکۆڵە، هەوڵێکە بۆ سڕینەوەی ئایەتێکی خودای گەورە هەروەها ڕەتکردنەوەی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزە.

نوێنەرانی کوردستان لە پەرلەمانی ئایندەی عیراق لەسەریانە وەك (موسلمان) وەك (کورد) لەهەموو دانیشتنەکانی پەرلەمانی عیراقی بە (کوردی) قسە بکەن بەمەش هەم پەیامێکی خودا جێبەجێ دەکەن، هەم تەواو بەندێکی دەستووری عیراقی جێبەجێ دەکەن کە دان بە ناسنامەی قەومی و زمانی نەتەوەیی کورد دادەنێت.

ئەگەر لەم خولەی پەرلەمانی عیراقی نوێنەرانی کوردستان نەتوانن لەسەر بنەماکانی (زمان) و (نەتەوە) سنووری جوگرافیی کوردستانی باشور (نەك هەرێمی کوردستان) لەگەڵ دەسەڵاتی عەرەبی بەغدا یەکلا بکەنەوە، ئەوە لە خولەکانی ئایندە ڕەوشەکە زۆر ئاڵۆزتر دەبێت و بەدوور نازانرێ عەرەبەکان مەسەلەی ساغ نەبوونەوەی زمانی فەرمیی لەکوردستان و بزاڤی جووتستاندەری لە کوردستان بقۆزنەوە و زمانی کوردی تەنیا بەزمانی (هەولێر) و سلێمانی شرۆڤە بکەن!!

# پرسەی پرۆفیسۆری زمانی ئینگلیزی و كوردی

بزاڤی زمانناسی زمانی كوردی، بزاڤێكە هەر تەنیا كار لە سەر زمانی كوردی وەك زمانێك یان لێكۆڵینەوە لە زمانی كوردی وەك زانستێك ناكات،بەڵكو ئەو پرسە بە پرسێكی ستراتیژی نەتەوە و ئاسایشی نەتەوە تێدەگات .وێڕای ئەمەش باوەڕی وایە ،كە هەر زمانەوانێكی كورد پارێزەری ئاسایشی زمانی كوردییە.ئەفسوس ئەوانەی لەو بوارە و بەو بیركردنەوە كار لە سەر زمانی كوردی دەكەن ژمارەیان زۆر كەمە ! !

لەگەڵ تەواو فراژوونەبوونی ئەو عەقلیەتە زمانەوانییە ، ئەوە مەرگ ماوە نا ماوەیەك زانایەكی ئەو بوارە لە ناومان ناهێڵێ.

ڕێكخراوەكەمان نەك هەموو زمانەوانێكی كورد بە بەشێك لە خۆی دەزانێ ، بەڵكو ڕێزێكی زۆریش لە كاری ئەو زانایانە دەنێت.

پرۆفیسۆر دكتۆر محەمەد مەعروف فەتاح، ناسراو بە حەمەی مارف، یەكێ لەو زانایانەی زمانی كوردی بوو، كە زیاتر لە (سی) ساڵێك ببوە ناوەندی زانیاری زمانەوانی زمانی كوردی و ئینگلیزی.

ئەفسوس (دی سۆسێری كورد) زۆربەی ئەو زانیاریانەی خۆی بڵاونەكردەوە، بۆیە داوا لە قوتابییەكانی دەكەین وەك قوتابییەكانی دی سۆسێر بن و بابەتەكانی كۆبكەنەوە بۆ ئەوەی لە چەند كتێبێك بڵاوبكرێنەوە.....ئێمە لە (زمانناسی) ئامادەین بۆ هەموو هاریكارییەك.

دووبارە سەرەخۆشی لە خانەوادەی بەڕێزیان و خۆمان و گشت قوتابیانی دەكەین.

**ستافی ڕێكخراوی زمانناسی**

**و گۆڤاری زمانناسی**



# پیاوێك بۆ لێفێربوون

د. شێرکۆ حەمە ئەمین
زانکۆ کۆیە

نزیکەی حەفتا ساڵ بەر لەئێستا لەخێزانێکی شاری سلێمانی منداڵێك لەدایك بوو، دواتر مرۆڤێکی لێدەرچوو، کەم وێنە یان هەر نەبوو، ئەم مرۆڤە مەزنە مامۆستای هەموومان پرۆفیسۆر محەمەد مەعروف فەتاح بوو. بەندە بەخت یاوەرم بوو کە لە سێ وێستگەی ژیانمدا وەك خویندکارێکی لە هەڵسوکەوت و زانستەکەی کەڵکم وەرگرت. زێدەڕۆیی ناکەم کە دەلێم یەکێکم لە مرۆڤە بەختەوەرەکان، ئەو سێ وێستگەیەی ژیانم قۆناغەکانی بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا بوون، باسی ئەو زانستە ناکەم کە لێوەی فێربووم، چونکە قەڵەمی بابایەکی وەك من ناگاتە دوندی زانستی مامۆستای هەمووومان، بەندەلێرەدا بەشێکی بچوك لەو هەزاران وانە ئاکاریییەی لە هەلسوکەوتییەوە فێربووم دەنووسم، ئەویش(سادەیی و خاکە ڕاییە).

ئەو فێری کردین چەندە زاناو دانا بێت، بارتەقای ئەوەش پێویستە سادەو قەلەندەری ڕێگای زانست بێت ، ئای چەند گەورە کە بە تەنیا بە تەلەفۆنێك دڵی بۆ چەندین خوێندکار ڕۆشن دەکردەوە.

ئای چەندە شیرین و خاکە ڕابوویت، کە بەدەم ڕێگاشەوە وەڵامی ئەو کەسانەت دەدایەوە ،کە دەهاتنە لاتو گرێکوێرەی پرسیارەکانت بۆ دەکردنەوە ، لایەنێکی دی ئەو خۆ بەکەم زانین و خاکەڕاییەی مامۆستای هەموومان لە ئاخاوتن و هەڵسوکوتی لەگەڵ بەرامبەردا دەبینرا ، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە تا دوا ساتەکانی ماڵئاوایی خولیای کتێب و زانستی نویێ لە ناخیدا نەسرەوت ، ئای چەند ڕۆژانێکی پڕ یادگاری شیرین و مەزنن لەلام کە لە خزمەتیدا دەبووم و پێکەوە دەچوینە کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی کۆیە ،وەك خوێندکارێکی سەرەتای فێربوون بە ناو دۆلابەکاندا دەگەڕا ، ئەم چەند دێرە بەم بەسەرهاتە کۆتایی پێدەهێنم ، ڕۆژی 2010/5/15 لە زانکۆی سلێمانی کۆبوونەوەی بەشە ئینگلیزییەکان بوو ، بە ڕێکەوت دوای تەواو بوونی کۆبونەوەکە بە خزمەتی گەشتم، دوای ماوەیەك وەستان و قسەو باس، داوای لە کۆمەڵێك مامۆستاکان کرد کەلەگەڵیدا بوون پێش ئەوەی بڕۆن بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ، سەردانی کتێبخانەی زانیار بکەن، کە تایبەتە بە سەرچاوەی ئینگلیزی ،ئەمە نزیك کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ بوو، (د. هۆشەنگ فاروق) شاهیدی ئەم بەسەرهاتەیە، ئەمەیە گەورەیی و شەیدای زانست و تا دواسانی ژیان هەوڵدان بۆ فێربوون.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکت، ئاسوودە بنوو، شاهانە ژیایت ، شاهانە لە دنیای دەرچویت، ناوێکی بۆ هەتاهەتا زیندوو، تۆ تەنها بە لاشە لەناوماندا نەمایت بەڵکو هەژمونت بە سەر هەموومانەوەیە ، ئەی هەموومان خودا بەهەشتت بداتێ .



وەکو ڕێزێك بۆ ئەم زاتە پیرۆزە، لەم ژمارە بەدواوە، بە چەند بەشێك وانەکانی خوێندنی باڵا (دکتۆرا)ی کوردی هی خوالێخۆشبوو (پ. د. محەمەد مەعروف فەتتاح) بڵاودەکەینەوە، کە من یەکێك بووم لە قوتابیانی خوێندنی باڵا (دکتۆرا)، لەگەڵ ڕێزمدا..

سەرنووسەر

# پراگماتیك

## بەشی یەکەم

پ. د. محەمەد مەعروف فەتتاح

**مێژووی زاراوەی پراگماتیك:**

زاراوەی پراگماتیك بۆ یەکەمجار لەساڵی 1938 لەلایەن چارلز مۆریس charles Morris بەکارهاتووە، بێگومان ئەم زانایە بەڕێکەوت ناوی پراگماتیکی نەهێناوە، بەڵکو لە کتێبی زانستی ڕەمزەکان (هێماکان) Semotics ئاماژەی بۆ کردووە، چارلز مۆریس کتێبەکەی دەکات بەسێ بەشەوە:

1ـ بەشی یەکەم: سینتاکس (بریتییە لەپەیوەندی ڕەمزەکان لەناو خۆیاندا).

کوڕەکە ڕۆیشت.

2ـ بەشی دووەم: واتاسازی (بریتییە لە پەیوەندی ڕەمزەکان لەگەڵ دەوروبەر یان ژینگەی دەرەوە) واتە پەیوەندی نێوان هێماو دیاردەکانی دنیای دەرەوە.

(دار) لەگەڵ وێنەی دارەکە

3ـ بەشی سێیەم: پراگماتیك: (پەیوەندی نێوان هێماو بەکارهێنەکەی، واتە قسەکەرو گوێگر).

بێگومان چارلز مۆریس لێرە پراگماتیکی بەواتایەکی فراوان بەکارهێناوە، کە هەموو شتێك لەخۆ دەگرێ، وەك زانستە کۆمەڵایەتییەکان و زانستە بایۆلۆجییەکان... هتد.

بەکارهێنانی زانستی ڕەمزەکان بەکارهێنانێکی فراوانە و هەمووی دەچێتە ناو پراگماتیکەوە و تێکەڵ دەبێ لەگەڵ زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و زانستی زمانی دەروونی و بایۆلۆجی... هتد.

دوای بەکارهێنانی زاراوەی پراگماتیك لەلایەن چارلز مۆریسەوە، زاراوەی پراگماتیك بەدووجۆر بەکارهێنرا، یاخود دوو بۆچوون دەربارەی پراگماتیك هاتە ئاراوە:

1ـ بۆچوونی یەکەم (فراوان): هەموو زانستەکان دەکات بەیەك و دەیباتە ناو پراگماتیکەوە.

2ـ بۆچوونی دووەم (تەسك): کە زیاتر پەرەی پێ دراوە و بەکاردێ، پراگماتیك بریتی دەبێت لەهەندێك بیرو دیاردەی نابەرجەستە (مجرد) کە لێکدانەوەیان پێویستی بە سیاق و دەوروبەر دەبێ، هەر دیاردەیەك دەچێتە ناو پراگماتیکەوە کە خۆیان نابەرجەستەن و پێویستیان بەوەیە پەنا بەرینە ناو دەوروبەرەوە، چونکە ئەگەر وانەبێ واتایان لێکنادرێتەوە.

بەم پێیە پراگماتیك دەبێتە بەشێك لەزمانەوانی، واتە وەکو زانست (علم) سەیری ناکرێت.

ئەگەر بەم بۆچوونە تەسکە سەیری پراگماتیك بکەین، ئەوە پراگماتیك بۆ ساڵەکانی حەفتای سەدەی بیست دەگەڕێتەوە، و چەندین ناو دێنە ئاراوە، وەك:

جاکین تۆف و ئۆستن و سێریل... هتد.

کەواتە ئەم زانستە تاڕادەیەکی زۆر نوێیە و وەکو زانست لەحەفتاکانی سەدەی بیستەم سەری هەڵداوە، وەکو هەموو زانستێك زۆری دەوێ تاکو بچەسپێ، لەزمانی ئینگلیزی پراگماتیك خاوەنی زاراوەی خۆیەتی.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی پراگماتیك

1ـ لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوودا دەیخواست کە زانستێك هەبێ، ئەویش وەکو کاردانەوەیەك بۆ کارەکانی چۆمسکی، یاخود تیۆرەکەی چۆمسکی. کە دەڵێن کاردانەوە، واتە دژایەتی کردنی کارەکانی چۆمسکی، چونکە بۆچوونی چۆمسکی بۆ زمان تەسکە، چونکە زمان وەکو توانستەك دەبینێ و زمان وەك ئەوە دەبینێ کە پەیوەندی بەدەوروبەرەوە نەبێ و لە کۆمەڵ دایدەبڕێ. واتە توانستێکی دابڕاو لە کۆمەڵ (بەکارهێن) و دابڕاو لە واتای وشەکانیش. چۆمسکی زمان و سینتاکس فەرق ناکات، چونکە لای چۆمسکی سینتاکس کرۆکی زمانە. تەنانەت لەهەندێك شوێن کە باسی ئامانج لە سینتاکسدا دەکات، پێی وایە کە دەبێ قسەی نموونەیی بکرێنە سەرچاوە، واتە ئەو نموونانەی کە دەکرێن بەسەرچاوە، دەبێ لە دەوروبەر و هەڵەی ڕێزمانی پاك کرابنەوە.

یەکێکی تر لەبۆچوونەکانی چۆمسکی ئەوەبوو کە دەبووایە نموونەکان ستاندەربن و دوربن لەهەڵەی ڕێزمانی، ئەو ڕستانەی کە چۆمسکی دەیانهێنێتەوە هەموویان لە دەرەوەی دەوروبەرن، سینتاکس دەبێ وابا بێ و دووربێ لە دەوروبەر، بۆیە ئەم بزوتنەوەی پراگماتیك سەری هەڵدا.

2ـ هۆیەکی تر، لەدوای ئەوەی کە زمانەوانان زانیاریان لەبارەی فۆنۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیکدا زۆربوو، هەندێك دیاردەی زمان سەریان هەڵدا، کە بەهیچ لەم زانستانە لێکنەدەدرانەوە، واتە هەندێك دیاردە دەمانەوە لەبواری فۆنۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیکدا هیچ لێکدانەوەیەکیان بۆ نەدەکرا. واتە ئەو دیاردانە دەچنە بواری پراگماتیك، بۆ نموونە هەرچەندە باس لە هێزو ئاواز بکەین، یان هەندێك ئەدەوات، یان هەندێك ئەدەواتی ڕێزگرتن، یا (گریمانەی پێشینە)، واتە هەندێك کێشە دەمێنێتەوە، هەرچەندە دەربارەی سینتاکس و سیماتیك شت بزانین. هێزو ئاواز بەپێی کۆنتێکست دەردەکەوێ، بۆ نموونە:

پەنجەرەکە داخە.

کە هێز دەخرێتە سەر پەنجەرەکە، واتایەکی هەیە، واتە کە قسەکەر هێز دەخاتە سەر وشەیەك مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە.

لــەڕووی سینتاکسیــشەوە قــسەکەر چــی هەڵدەبــژێری و چــی هەڵنابــژێری پەیوەندی بە گریمانەی پێشینەوە هەیە، واتە دەزانــێ گــوێگر چــی دەزانــێ باسی ناکات، چیش نازانێ باسی دەکات. واتە کە دەڵێین:

1ـ خانووەکەی تۆم دی.

پێشتر شت فەرزکراوە (دیارە تۆ خانووت هەیە)، پێویست ناکـات بڵێــی تــۆ خانووت هەیەو من خانووی تۆم دیت. واتــە زانیــاری ســەرەتایم ئەوەیــە کــە گوێگرەکەم خانووی هەیە.

2ـ پێم خۆشبوو هاتیت.

پێشبینی ئەوە کراوە کە هاتوویت، واتە هاتنەکە گریمانــەی بــۆکراوە، واتــە پێویست ناکات شتە زانراوەکان بخرێنە ناو ڕستەوە.

ئەمانە (هێزو ئاوازو گریمانەی پێشینە) بەسینتاکس لێکنادرێنەوە، بەڵکو بە پراگماتیك لێك دەدرێنەوە.

هەروەها (سا، یا، ئەگەر.... هتد) هەر شیکردنەوەیەك لەڕێزمان وەربگــرین (سا، یا،...) پشت گوێ خراون، ئەمانە پێویستیان بە پراگماتیك هەیە تاکو لێکبدرێنەوە، ئەگەر ئەمانە گرنگ نەبن مرۆڤ بۆ بــەکاریان دەهێنــێ و وزەی خــۆی بــەکاردەهێنێ یــان ســەرف دەکـات، مــرۆڤ زۆرجــار لــەڕووی کاتــەوە دەرفەت بەخۆی دەدات بۆ ئەوەی بیربکاتەوە...

3ـ هۆی سێیەم: زمانەوانان هەستیان کرد کە زانستی سیمانتیك سنووری بۆ دانــانرێ، چــونکە واتــای وشــە تێکــەڵ بەکۆنتێکست دەبــێ و وەکــو خــۆی نامێنێتەوە، بۆ نموونە:

أ ـ بەم شتە ڕازی نیم.

ب ـ دەرگاکە کراوەیە.

زانستی سیمانتیك ناتوانێ ئەمە لێکبداتەوە، سیمانتیك یارمەتیمان نادات بۆ هەموو تێگەیشتنێك، لەوانەیــە وشــەیەك لەهــەر ڕســتەیەك واتایــەکی هــەبێ، بــەوە دەتــوانین ســنوور بــۆ ســیمانتیك دابنــێین، ئەگــەر لــە پراگمــاتیکی جیابکەینـــەوە، ئەگـــەر واتاســـازی و گیروگرفتـــەکانی واتاســـازی لێـــك جیانەکەینەوە، نابێتە زانست.

ئەم جۆرە واتایەی ڕستەی (ب) ئەگــەر کــوردی زان نــەبێ واتــای (دەرگاکــە کراوەیە) نازانێ، چونکە واتای ڕســتەکە لــەواتای وشــەکانەوە دەرناکــەوێ،

دەبێ دەوروبەر بێنینە ناوەوە، ئینجا لەمەبەستەكە دەگەین (لەوانەیە هۆڵەكە هەر دەرگای نەبێ، لەوانەیە دەرگاكە كراوە نەبێ...)

واتە دەبێ دوو واتا لێك جیابكەینەوە

أ ـ واتای سیمانتیكی.

ب ـ واتای پراگماتیكی.

4ـ هۆی چوارەم: هۆیەكی تری سەرهەڵدانی پراگماتیك كێشەیەكە لەنێوان زمان و ئەدەب، بە بڕوای پراگماتیكناسەكان هەندێك كێشە، كە ئەدەب بردوویەتییە لای خۆی، وەك:

خوازە (میتافۆر)، دركە، تەلمیع...هتد، ئەمانە كێشەی ئەدەب نین، بەڵكو كێشەی زمانین، چونكە ئەمانە لەقسەی رۆژانەدا زۆر زیاترن لەبەكارهێنانی ئەدەبی. ئەدەب بۆ جوانكاری بەكاریان دەهێنێ. لەبەر ئەوە پراگماتیك ئەم كێشانە، كە خراونەتە ناو ئەدەبەوە دێنێتە دەرەوە، بەڕێگای پراگماتیك چارەسەر دەكرێن.

نموونەیەكی تر:

أ ـ خواردنەكە باش بوو؟

ب ـ پەنجەی پێوە دەخورا.

ئەم ئیدیۆمەی (ب) لەقسەی ڕۆژانەدا زۆر بەكاردێ (پەنجەی پێوە دەخورا) لەواتای وشەكانییەوە دیار نییە، چونكە ئەمە میتافۆڕە و سیمانتیك بۆمان حەڵ ناكات. دەبێ دەوروبەر و قسەكەرو گوێگر بێنینە ناوەوە ئینجا واتاكەی دەزانین. دەبێ بۆ ئاستێكی تر بگەڕێین (Force ـ قوەتی بەلاغی) ئەگەرنا قسەكەر بەبێ بۆنە ئەم ڕستەیە ناڵێ.

بۆ پرسیاركردن دوو ئیحتیمال هەیە، دوو وەڵام هەیە، یان ئا، یان نا. ڕستەی (ب) بە (ئا) و (نە) وەڵام دەدرێتەوە، بەڵام بە (ئا)یەكی بەقوەت...

نموونەیەكی تر:

ئەم سەیارە هی تۆیە؟

ئەگەر پرسیارەكە لەهەویەی سەیارەكەبێ، ئەوە سیمانتیكە، بەڵام ئەگەر مەبەست لەوەبێ كە ڕێگای گرتووە، ئەوا دەبێتە پراگماتیك، واتە خاوەنەكەی یەكسەر هەڵدەستێ و ڕێگای دەكات.

واته ئەمە پرسیار نییە، بەڵکو داوایە، یان ئەگەر پۆلیس بێ، واتای ئەوە دەگەیەنێ کە سەریارەکە دزراوە، لەوانەیە منداڵ جامی شکاندبێ یان شوختی پێدا هێنابێت، لەوانەیە لە (ئیعجاب)ەوە بێ... هتد.

نموونەیەکی تر:

**تایبەت**

گۆشتەکەم لەسەر مێزەکە بۆ داناوی .

واتای سیمانتیکی ئەم ڕستەیە دیارە، بەڵام ئەگەر لە قەسدی خێزانەکەت بگەیت، پراگماتیکە. دەتوانین لەڕووی پراگماتیک دەیان واتای بدەینێ:

1- پشیلەکە نەیخوات.

2- بڕۆ بیخۆ.

3- بۆم پارچە پارچە بکە.

4- بەمنداڵێك بڵێی واتە نەیخۆی هی باوکتە.

ئەمانە هەموویان هێزن، ئاستێکی قوڵترن، ئەمانە دەبێ بە پراگماتیك لێکبدرێتەوە.

مرۆڤ کە زمان بەکاردێنێ لەڕووی پراگماتیکەوەیە، واتە دایم مرۆڤ (خەت ڕەجعە)ی بۆ خۆی داناوە، کە لەقسە پاشگەزبێتەوە، یان بڵێ من مەبەستم ئەوە نەبووە.

یەکێك کە دەڵێ:

پەنجەرەکە کراوەتەوە.

لێرەدا ئەم ڕستەیە زۆر واتای هەیە.

## چەند پێناسەیەکی پراگماتیك

لەبەر ئەوەی پراگماتیك زانستێکی نوێیەو هێشتا سنووری زانستەکە بەتەواوی دیاری نەکراوە، بۆیە لەم بوارەدا چەندین پێناسەی جیاواز هەیە:

**پێناسەی یەکەم:** پراگماتیك لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ئەو بنەمایانەیە کە ناوێزەیی و ناپەسەندییان پێوە دیارە، وەك:

?تکایە چۆنیت؟

?وەرە ئەوێ.      ئەم نیشانەیە(?) بۆ ڕستەیەکە کە پراگماتیکی نەبێ.

? بڕۆ لام.

دیارە ئەم دوو ڕستەیە لەڕووی سینتاکسەوە ناوێزە نین.

لەڕستەی (تکایە چۆنیت) دوو جۆرە ڕستەیە:ـ
تکایە ← تکایە یان داوایە
چۆنیت ← پرسە
تایەت
پرسیار و داوا لەیەك کاتدا ناکرێ
ڕستەی (وەرە ئەوێ) ڕستەیەکی ناوێزەیە، چونکە قسەکەر خۆی دەکات بە تەوەری قسە، بۆیە دەبێ بگوترێ:ـ بڕۆ ئەوێ.
ئەم ڕستانە بۆیە ناوێزەن، چونکە لەگەڵ دەوروبەردا ڕێکناکەون، ناتوانین دەوروبەرێکیان بۆ بدۆزینەوە کە دروست بن، پراگماتیك جووتکردنی ڕستەکانە لەگەڵ دەوروبەردا.
**پێناسەی دووەم:** پراگماتیك لایەنی چالاکی زمانە.
بۆ ئەوەی لەم پێناسەیە بگەین، دەبێ لەتوانست و چالاکی بگەین:
توانست: یاساکانی مێشکی مرۆڤە، کە ئاخاوتن بەڕێوە دەبات.
چالاکی: کاراکردنی توانستە.
پراگماتیك زیاتر پەیوەندی بە (چالاکی) هەیە، پراگماتیك خستنەگەڕی توانستە، پراگماتیك دەبێ هەبێ بۆ لێکدانەوەی چالاکی، کەواتە پراگماتیك پێچەوانەی (خلاف) ڕای چۆمسکی نییە.
**پێناسەی سێیەم:** پراگماتیك لێکدانەوەی ئەو پەیوەندییانەی زمان و دەوروبەرە، کە ڕێزمانڕێژ دەکرێن، یان لەڕێزماندا ڕەنگ دەدەنەوە.
ڕێزمانڕێژ: 1ـ یان دەبێ لەشێوەی گێرەکدا بێ، کە دەوریان بەستنەوەی زمان بێ بەدەوروبەر.
2ـ یان لەشێوەی وشەی ئەرکیدابێ، وشەی ئەرکی بەوە لەوشەی لێکسیکی یان فەرهەنگی جیا دەبێتەوە: وشەی فەرهەنگی:ـ واتایان هەیە، بەکارهێنانیان زۆرە یان ژمارەیان زۆرە، لەزیادبووندان.
بەڵام وشەی ئەرکی بەپێچەوانەوە: دەوری ڕێزمانیان هەیە، ژمارەیان کەمە، لەزیادبووندا نین، واتایان نییە یان کەمیان واتایان هەیە.
بەپێی ئەم پێناسەیە پراگماتیك تەنها لەو گێرەك و وشە ئەرکیانە دەکۆڵێتەوە کە ڕێزمانڕێژن، وەك جێناوی ئاماژەکردن.
د
ت ― نیشانەکانی
ی

ئەمانە کات نیشان دەدەن، بۆیە دەچنە ناو پراگماتیکەوە، چونکە کات پەیوەندی بەقسەکەرو گوێگرەوە هەیە.

1ـ ئاوازی نیشانە. 2ـ ئامرازی ڕێز. 3ـ گریمانەی پێشینە، زۆر شتی تر هەیە بەپێی ئەم پێناسەیە ناچێتە ناو پراگماتیکەوە، بۆ نموونە هەموو ئەرکەکانی زمان ناچنە ناو پراگماتیکەوە:

گوێت لەجەرەسی دەرگایە.

من لەحەمامم.

ئەم ڕستانە ڕێزمانرێژنین، داوایە، وەڵامەکە پۆزش هێناوەیە، کە ناتوانێ ئیشەکە بکات.

**پێناسەی چوارەم:** پراگماتیك لێکدانەوەی ئەو لایەنانەی واتایە کە ناچنە ناو واتاسازییەوە، واتە پراگماتیك لەم واتایانە دەکۆڵێتەوە کە فەرهەنگی نەبن. هەرچی واتایەك نەچێتە ناو فەرهەنگەوە، پراگماتیکە.

کەم و کوڕی ئەم پێناسەیە لەوەدایە کە سنووری واتاسازی زۆر تەسك دەکاتەوە، دەبێتە واتای ئەو وشانەی کە لە فەرهەنگدان.

**پێناسەی پێنجەم:** پراگماتیك بریتییە لە دۆزینەوە و هەڵبژاردنی دەوروبەری شیاو بۆ ڕستە و گوتن، واتە جوتاندنی گوتن و دەوروبەر.

ئەم پێناسەیە لە پێناسەی یەکەم نزیکە و کەموکوڕی ئەوەیە کە لەگەڵ کۆزمانەوانی تێکەڵ دەبێ و جیاکردنەوەیان نابێ.

**پێناسەی شەشەم:** پراگماتیك بریتییە لە لێکدانەوەی واتای ناو دەوروبەر، واتە مەبەستی قسەکەر لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا.

ئەم پێناسەیە، یەکێکە لەو پێناسانەی کە زۆر بەکاردێ.

ئەم سەیارە هی تۆیە؟

ئەم ڕستەیە پرسیارە، بەڵام بەپێی دەوروبەر چەندین ڕستەیە، یان واتای هەیە، وەك:

* لەوانەیە مەبەستی ئەوەبێ بیگەیەنییە شوێنێك.

* لەوانەیە لە ئیعجاب بێ.

* لەوانەیە بیەوێت بیکڕێت.

کەواتە پراگماتیك ئەوەیە لەناو ئەو هەموو واتایە، واتایەك بدۆزیتەوە کە قسەکەر مەبەستیەتی.

**پێناسەی حەوتەم:** پراگماتیك بریتییە لە لێكدانەوەی دوورو نزیكی نێوانی قسەكەرو گوێگر. نزیكی و دووری زانیاری هاوبەش دەگرێتەوە، بۆ نموونە دوو كەس كە زۆر نزیك بن هەندێك زانیاری دەزانن، كە خەڵكی تر نایزانن، زۆرجار لەم رستانە ناگەین كە لەنێوانی دوو كەسی زۆر نزیكتر دەكرێن، بەڵام قسەكەرو گوێگر كە دووربن هەموو زانیارییەك نازانن. تا لەیەك نزیكبن پێویستمان بە دەربڕینی كەمتر هەیە، بەپێچەوانەوە تا قسەكەرو گوێگر لێك دووربن پێویستیان بەدەربڕینی زیاترە، تاوەكو:ـ

ئەم كراسە نوێیە جوانە.

بەپێی دورونزیكی قسەكەرو گوێگر زۆر واتای هەیە، ئەگەر خێزانەكەت پێت بڵێ، ئەوا دەیەوێ ڕاستی بڵێ، ئەگەر هاوڕێیەكت بێ، دەیەوێ پێت بڵێ پێشكەشت بێ.

**پێناسەی هەشتەم:** پراگماتیك ئەو زانستەیە كە لەكردەی قسەیی و گریمانەی پێشینەو دەركەوتە ئاخاوتنەكان و دەوروبەر (كات و شوێن و دەوروبەری قسەكردن و پلەی كۆمەڵایەتی قسەكەرو گوێگرو زانیاری هاوبەشی و زانیاری دنیاییان) لێك دەداتەوە.

ئەم پێناسەیە بوارەكانی پراگماتیك دیاری دەكات.

دیاردەی قسەیی: توانجە، ئامۆژگارییە، ورياكردنەوە دەگەیەنێ، یان وەسفی حاڵەتێك دەكات.

گریمانەی پێشینە: شتێك فەرز دەكات كە زانیاری هەبێ:

پێم ناخۆش بوو نەهاتی.

لێرەدا زانیاری هەبووە كە (نەهاتن)ە.

هەموو پێناسەكان ڕەنگە لەلایەنێك باش بن.

# زمانەوانی و گشت ئەو لقانەی كە لەودوە سەریان هەڵداوە

## بەشی یەكەم

پ.د.یوسف شەریف سەعید

**پێشەكی :**

لە ماوەی ئەو دەساڵەی دوایی كە بابەتی زمانەوانی و زمانەوانی كارەكیم بە قوتابیانی خوێندنی بالاّ ماستەر و دكتۆرا لە زانكۆكانی سەلاحەدین و دهۆك و كۆیە دەوتەوە ، بیرم لەوە كردەوە كە ئەم زانستە چەند لق و چەند زاراوەی جیا جیای لێ بۆتەوە ، لە دوو توێی ئەو فەرهەنگانەی كە لەبەر دەستم دا بوون دەیەها زاراوە و چەمكی وایان تێدا بوو كە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە زمانەوانی یەوە هەبوو ، بۆیە دوو ساڵ لەمەوبەر لە كۆنگرەی یەكەمی زمان لە 2005/5/20 بابەتێكم لەژێر ناونیشانی زمانەوانی كارەكیدا پێشكەش كرد، كە تا ڕاددەیەكی زۆر هەموو ئەو زاراوانەی بەخۆوە گرتبوو كە لە بواری زمانەوانی كارەكیدا بەكاردەهێنرێن ، هەر لەو ساوە بیری ئەوەم بۆ هات كە بۆچی دەستنیشانی ئەو زاراوانە نەكەم كە زمانەوانی خۆی دەیانگرێتەوە یان لە زمانەوانییەوە سەریان هەڵداوە . گرینگترین شت بەلای منەوە لەوە دایە كە هەوڵێ بدەم بۆ دەستنیشانكردنی پەیوەندی نێوان زاراوە جیاوازەكان هەروەها ڕادەی لێكچوون و جیاوازیان بە گشتی و بە تایبەتی بخەمە ڕوو ، بۆ ئەم مەبەستەش لە سەرەتاوە بە وشەی زانستی زمان یان زمانەوانی Linguistics دەستم پێ كرد و ئینجا لق و بابەتەكانی ترم بە پێ ی پێوەندیان خستە ڕوو .

### زاراوەی زمانەوانی یان زانستی زمان Linguistics

ئەم زاراوەیە بەرامبەر بەو زانستە بەکارهاتووە کە لە هەموو ئاستەکانی زمان دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی و دەرونی و کۆمەلآیەتی و فەرهەنگی و کارەکی دەکۆڵێتەوە ، لای ئێمەی کورد بە دوو زاراوە جێگیر بووە ، زمانەوانی و زانستی زمان بەلآم لای عەرەبەکان بە (اللسانيات ، علم اللغة ،علم اللسان ، فقة اللغة ، الالسنيات) ڕۆیشتووە. ئەم زانستە دوو لقە یەکێکیان تیۆری ، ئەوەکەی تریان کارەکی (تطبيقی) .ئەو لقانەی کە زمانەوانی تیۆری دەیانگرێتەوە بریتین لە :دەنگسازی گشتی (فۆنەتیك) دەنگسازی تایبەتی (فۆنۆلۆجی)، زمانەوانی مێژوویی، واتاسازی، ڕێزمان کە وشەسازی و رستەسازی دەگرێتەوە.

زمانەوانی کارەکی چەند لقێك بە خۆوە دەگرێت لەوانە :

فەرهەنگسازی ، زمانەوانی ئامێری ، زمانەوانی دەروونی ، زمانەوانی کۆمەلآیەتی ، فێرکردنی زمان ، نەخۆشییەکانی گوتن ، کارامەیی مامۆستای زمان ، شیکردنەوەی بەرامبەری ، شیکردنەوەی هەڵەکان.

لەبەر ئەوەی کە زمان بریتییە لە پەیڕەوێکی پەیوەندی کردنی مرۆڤ لەگەڵ یەکتردا لەو ڕوانگەیەوە زمانەوانی بایەخ بە زمان و لێکۆڵینەوەکان دەدات ئەم دیاردەیە واتە زمان لە دێر زەمانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە ، بەلآم وەکوو زانستێکی سەربەخۆ سەیر نەکراوە بەڵکو لەپاڵ زانستەکانی تر وەك فەلسەفە و لۆجیك و کۆمەڵناسی و دەروناسییەوە لێ ی کۆڵراوەتەوە . بەلآم لە دوای لێکۆڵینەوەکانی فردیناند دی سۆسیر قالبی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی وەر گرتووە . ئیستا بە زانستێکی سەر بەخۆ دادەنرێت و بواری لێکۆڵینەوەکانی دەست نیشان کراوە وەك سیستەمی دەنگی Phonetics و فۆنۆلۆژی Phonology و سیستەمی رستەسازی Syntax و سیستەمی واتاسازی Semantics و پڕاگماتیك Pragmatics و ئەرکەکانی زمان Functions of Language .سەرەڕای ئەمانەش لەم سالآنەی دوایی دا بە هۆی پەیوەندی زمان بە زانستەکانی ترەوە چەندین لقی تازەی لێ کەوتەوە لەوانە : زمانەوانی ئە نپرۆ پۆلۆجی ، زمانەوانی دەروونی ، زمانەوانی کۆمەلآیەتی.بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ هەروەك بەشێکی زۆری زمانەوانەکان وای بۆ دەچن ئەم زاراوەیە بۆ سێ مەبەست بەکاربهێنرێت:

1- بە شێوەیەكی گشتی . بریتییە لـە لێكۆڵینـەوەی ڕەوشـتی گـوتن لای مرۆڤ واتە شیكردنەوەی ڕۆنانەكان و سیستەمەكانی ناو زمان كە ئەمەش لە بـچوكترین ئاسـتەوە دەسـت پێـدەكات كـە دەنگـسازی یـە تـا دەگاتـە گەورەترین ئاست كە ڕستەسازی یە .
2- لێكۆڵینەوەی هەمەلایەنی گوتنی مرۆڤ كە یەكەكانی زمـان و سروشـتی زمان و ڕۆنانی زمان و گۆڕانكارییەكانی ، زمانە جیاوازەكـان یـان زمـانێكی دیاریكراو دەگرێتەوە لەم لێكۆڵینەوانەش بایەخ بە دەنگسازی بـە هـەردوو جۆرەكەیـــەوە گـــشتی و تایبـــەتی دەدرێـــت و بڕگەســـازی و وشەســـازی ڕستەسازی و واتاسازیش لەگـەڵ ڕێزمـانی گـشتی و فەلـسەفە و پەیوەنـدی نێوان زمان و ڕێنوس دەبێتە تەوەری لێكۆڵینەوەكان .
3- لێكۆڵینەوەیەكی ڕێـك و پێكـی زمانێـك بێـت یـان دیالێكتێـك یـا چـەند زمانێـك . كـە لێـرەدا زمانـەوانی هـەوڵ دەدات وەسـفی زمانـەكان یـان دیالێكتەكان بكات كە بە زمانەوانی وەسفی ناو دەبرێت . لێرەدا هیچشتێك ناسەپێنرێت بەسەر لێكۆڵینەوەكان ، ڕۆنانی زمانێك شیدەكرێتەوە كـە بـە زمانەوانی ڕۆنانی ناو دەبرێت . هەروەها زمانەوانی مێـژوویش گرنگـی بـەو گۆڕانانە دەدات كە بەسەر زمانێكدا هاتوە . بەڵام زمانـەوانی وەسـفی هـەر وەك چۆن سۆسـێر چوارچـێوەكەی داڕشـتوە بـاس لـە زمانێـك یـان چـەند زمانێك لە قۆناغێكی دیاریكراو یان لە ماوەیـەكی دیـاریكراو دادەكـات . بـە واتایەكی تر زمانەوانی وەسفی دەكرێـت ئێـستایی بێـت Synchronic كـە پەیوەنـدی نێـوان زمانـەكان لـە كـاتێكی دیـاریكراودا دەردەخـات جـا ئـەو زمانانە سەر بە یەك خێزانی زمانی بن یان جیاواز . دەكرێ لە هەمان كاتدا لێكۆلینەوەكان مێژوویی بن كە بەراوردی نێوان شێوە جیاوازەكانی زمانێك لـە ماوەیـەكی دوورودرێـژدا بكـات ، هـەر لـەم بـوارەدا دەتـوانین ئامـاژە بەوەبدەین كە زمانەوانی كارەكی بایەخ بە شیكردنەوەی بەرامبەری دەدات بەوەی كە مامۆستای زمان ئەو زانیاریانە وەردەگرێت كە زمانەوانەكان پێی گەیشتون لەبواری لێكۆڵینەوەكانیاندا. دیسانەوە زمانەوانی بەرامبەری یان شیكردنەوەی بەرامبەری تایبەتە بە بەراوردكردنی زمانی دایكی ( بنج ) ی فێرخواز بەو زمانەی كە بەنیازە فێری بێت ، بـۆ ئـەوەی تـەواو شـارەزایی لێكچون و جیاوازی ئەو دوو زمانە بێت . لێرەدا هەروەك مەبەستمانە گشت

ئەو زاراوە و چەمکانە دەخەینە ڕوو کە لە زمانەوانییەوە سەریان هەڵداوە یان پەیوەستن بە زمانەوانییەوە .

## 1– زمانەوانی کارەکی: Applied linguistics

لقێکی گرنگی زمانەوانی یە بەرامبەر بە زمانەوانی تیۆری دەوەستێت ، ئەم لقە زۆر بابەت و بوار دەگرێتەوە لەوانە فەرهەنگسازی ، فێرکردنی زمان ، نەخۆشییەکانی گوتن ، شیکردنەوەی بەرامبەری و شیکردنەوەی هەڵەکان و فێرکردنی زمانی بێگانە و زمانی دایك و تاقیگەکانی زمان و زانستی زمانەوانی دەرونی و کۆمەڵایەتی و ئامێری و وەرگێڕان ... هتد . لەکاتێکدا کە زمانەوانی تیۆری تایبەتە بە دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی و مێژووی زمان .زمانەونی کارەکی پابەندە بە لێکۆڵینەوەی زمان لەو بوارانەی کە پەیوەندییان بە کێشەکانی کردەییەوە دەبێت وەك فەرهەنگسازی و دانانی فەرهەنگ و وەرگێڕان و کەم و کورتییەکانی گوتن ... هتد . ئەم لقە لە زانستی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئە نپرۆپۆلۆژی (مرۆڤ ناسی) وەردەگرێت. دیسانەوە لە تیۆری ڕاگەیاندن و زمانەوانیش سود وەردەگرێت بەو ئامانجەی کە نمونەیەکی تیۆری تایبەت بە زمان و لێکۆڵینەوەکان و بەکارهێنانەکان دادەنێت . ئەو زانیاری و تیۆرییانەش لە بوارەکانی دانانی پرۆگرام و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی گوتن و پلاندانانی زمانی و شێوازناسیدا بەکار دەهێنرێت . شایەنی باسە زمانەوان هامب (هامب : 1966 چاپی سێیەم ) پێناسەی زمانەوانی کارەکی لە (( کولیز )) وەردەگرێت بەوەی کە لێکۆڵینەوەی دیاردە زمانییەکانە کە پەیوەندییان بە دیاردەی تایبەتیەوە لە دەرەوەی پەیڕەوی زمانیدا هەیە ، ئەم زاراوەش بەرامبەر بە زمانەوانی دەوەستێت کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوە بنەچە چەسپاوەکان و بەرامبەر بە زمانەوانی مێژوویش دەوەستێت .

## 2- زمانەوانی ئەنترۆپۆلۆژی: Anthropologial Linguistics

مەبەست لە زمانەوانی ئەنترۆپۆلۆژی ئەو لێكۆلینەوانەیە كە لەسەر زمانی ئەو كۆمەڵانە ئەنجام دەدرێت كە پەیڕەوی نوسینیان نییە و بەرهەمی ئەدەبی و بۆماوەییان تۆمارنەكراوە ئەمەش لقێكە لە لقەكانی زمانەوانی و تایبەتە بە لێكۆڵینەوەی پەیوەندی زمان و ڕۆشنبیری لە كۆمەڵگایەكدا . وەك خووڕەوشت و بیروباوەڕ و پەیڕەوی خێزانی و ئاین و ... هتد . بۆ نموونە یەكێ لەو كارانەی كە تایبەتمەندەكان و پسپۆڕەكانی ئەم بوارە ئەنجامیان داوە لێكۆڵینەوەیە لەو ڕێگایانەی كە بەكاردەهێنرێت لە پەیوەندی خێزانیدا لە ڕۆشنبیرییە جیاوازەكاندا كە بە زاراوەی خزمایەتی ناسراوە ( یوسف شریف : 2000 :33 ) . (Kinship terms) یا (Family terms) . ئەمەش ئەو زاراوانە دەگرێتەوە كە خزمایەتی بیۆلۆجی نێوان ئەندامەكانی خێزان گرێیان دەدات وەك ( باوك ، دایك ، برا ، خوشك ، مام ، خاڵ ، خوارزاو ... هتد ) هەروەها لەوەیان كۆڵیوەتەوە كە خەڵكی چۆن پەیوەندی لەگەڵ یەكتریدا لە بۆنە جیاوازەكاندا دەكەن وەك بۆنەی كۆمەلأیەتی ، ڕۆشنبیری و ئاینی هەروەها ئەمەیان بەستۆتەوە بە ڕۆنانی گشتی كۆمەڵگاوە. هەندێ زمانەوان بەلایانەوە ئەم زاراوەیە ناوێكی ترە بۆ كۆزمانەوانی .

## 3- زمانەوانی ئیتنی: Etnnographic Linguistics

لێكۆڵینەوە لە ژینگەی سروشتی و ڕۆشنبیری كۆمەڵەیەكی زمانی كە زانا ئەنترۆپۆلۆژییەكان پێی هەڵساون بە بەكارهێنانی هۆكارەكانی توێژینەوەی گۆڕەپانی (مەیدانی) بۆ وەسفكردنی چوارچێوەی هەڵوێستی كردە قسەییەكان ، بۆ نموونە لەوانە مالینۆفسكی 1887 – 1942 ، ا . ل . كردیبر 1876 – 1960 ئەم زانستە لەپەیوەندی نێوان زمانەوانی و ڕەگەزی مرۆڤ ئیتنی دەكۆڵێتەوە یان هەڵس و كەوتی ڕۆشنبیری نازمانی . بە واتایەكی تر لێكۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نێوان زمان و شێوازی ژیان . هەندێ لە زمانەوانە ئیتنی یەكان وەك همبۆڵت (Vonhimboldt .w) و ل . وورف (L.B.whorf) بنەمای هۆكاری زمانیان كردە ڕێبازێك بۆ لێكۆڵینەوە لەوەی كە هەر زمانە ڕێگای تایبەتی خۆی هەیە لە وێنە

كێشانی واقیع و گەیاندنی ئەم وێنەیە بە قسەكەرانی زمانەكە. وورف نموونەی زۆری لەم بارەیەوە هێناوەتەوە و دەڵێت زمان واقیع لە بیژینگ دەدات بە گوێرەی عەقڵی مرۆڤ. لە لای نەتەوەی ئەسكیمۆ چوار وشە بۆ بارینی بەفر هەیە، لەوانە ( بەفری باریو ، بەفری سەر زەوی ، بەفری پاككراو ، بەفری ئامادەكراو بۆ خانوو)، بەڵام لە زمانی ئینگلیزی دا تەنیا یەك وشە بەرامبە بەو چوار وشەیە هەیە . ئەم هەڵوێستە بێگومان كاردەكاتە سەر گوتنی ڕۆژانە لەم بوارانەدا، لەوانەشە كار لەو بیرانەش بكات كە لە ئەنجامی ئەو بیرەوە سەریان هەڵداوە ، نموونەیەكی تر لەم بارەیەوە دانیشتوانی گۆی زەوی ڕەنگەكانی كۆلكە زێڕینە بە ڕێگای جیاواز پۆلین دەكەن بۆ نموونە میللەتی ناڤاهو جیاوازی نێوان شین و سەوز بە پلە intensity دەكەن، چونكە یەك وشە بۆ هەردوو ڕەنگەكە لە زمانەكەیاندا هەیە .

## 4– زمانەوانی بەراوردكاری: Comparative Linguistics

لێكۆڵینەوەیەكی بەراوردكاری دەنگییەكانی وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازییە لە نێوان ئەو زمانانەی سەر بە یەك كۆمەڵەی زمانین یان دەكەونە ناو تاكە خێزانێكی زمانییەوە .زمانەوانی بەراوردكاری لقێكە لە زانستی زمان ، كە لە دوو زمان یان زیاتر دەكۆڵێتەوە بە مەبەستی لێكۆڵینەوە لە جۆری زمانەكان .واتە پۆل كردنی زمانەكان لەسەر بنەمای جۆرەكانیان نەك لەسەر بنەمای شوێنی جوگرافی و پەیوەست بوونیان بە ناوچەیەك یان شوێنێك .هەروەها لەگەڵ زمانەوانی مێژوویی و بەراوردكاری دا بەكاردێت . دیسانەوە هەندێ لە زمانەوانەكان بەتایبەتی كارەكییەكان بەكاری دەهێنن بۆ زانینی جیاوازی نێوان زمانی بنجی ئەوكەسانەی فێری زمان دەبن لەگەڵ ئەو زمانەی كە مەبەستە فێر بكرێن و سەرەرای سیستەمەكانی ڕستەو ڤاكۆبلەری و یاسا دەنگییەكان و ئەو بوارانەی دەیانگرێتەوە. هەروەها ئەو زاراوەیە بۆ ئەو لێكۆڵینەوانە بەكاردەهێنرێت كە لایەنی لێكچو و جیاواز لە نێوان دوو زمان یان زیاتر لە ماوەیەكی دیاریكراودا دەست نیشان دەكرێت . یان لێكۆڵینەوە لە تاكە زمانێك لە قۆناغە جیاجیاكانی بە پێی مێژوی زمانەكە بەكار دەهێنرێت.بەم پێیە

دەکرێ لێکۆڵینەوە لەسەر بنـەمای وەسـفی (( سـایکرۆنی )) یـان مێـژوویی (دایکرۆنی) ئەنجام بدرێت . بـە رادەیـەکیزۆر ئـەو جـۆرە لێکۆڵینەوانـە بـۆ ئـەوە دەکرێـت کـە دەستنیـشانی بنجـی هاوبەشـی لـە نێـوان زمانــەکان دیاربکرێت کە لە سەدەی نۆزدەهەم دا زۆر باو بووە و زمانەوانەکان بەدوای بنجی زمانی هیندۆ ئەوروپیدا گەڕاون وبە دەیەها زمانیان بۆ ئـەم مەبەسـتە بەراورد کردووە بۆ ئەوەی وێنەیەکی زمانی هیندۆ ئەورەپی هاوبـەش بنیـاد بنێنەوە . زۆرجـار زمانـەوانی بـەراوردکاری بـۆ مەبەسـتی لێـڵ و نادروسـت بەکاردەهێنرێت وەك ئەوەی ئامـاژە بـە هەنـدێ چـالاکی زمـانی جۆراوجـۆر بکــات .ئامــانجی ســەرەکی زمانەوانــەکان لــە بــەراوردکردنی زمانەکانــدا دەگەڕێتەوە بۆ:

ا- بـەراوردکردنی دوو زمـان بـە مەبەسـتی دەسـت نیـشان کردنـی لایەنـە جیاوازەکانیـان کـە دەناسـرێت بـە زمانــەوانی بەرامبـەری (Contrastiv Linguistics) ئەمـەش لـە کـاتی فێرکردنـی زمـانی دووەم دا بـۆ زاڵ بـوون بەســەر ئــەو کێــشانەی کــە ڕووبــەڕووی فێرخــوازی زمانەکــە دەبێــت بــەکاردەهێنرێت.لێـرەدا هــەموو زمانــەکان لەســەر بنــەمای جـۆر کـە بـە (Typology) ناسراوە پۆلین دەکرێن.ئەوەیلە زمانەوانیدا بەرچاو دەکەوێت زاناکان زمانیان بە پێی جۆر دەست نیشان کردووە :

1- زمـانی تـۆن : زمانێکـە کـە بـەهۆی تۆنــەوە واتــە ئـاوازی دەربـڕین وشەکانیان لێك جیا دەکرێتەوە واتە تۆنەکان واتـا دەگـۆڕن و وشـەی نـوێ دروست دەکەن وەکو زمانی (چینی ، سویدی ، نەرویجی) و هەنـدێ زمـانی تر لـە زمـانی هیندیـە سورەکانی ئەمـەریکا کـە هەنـدێ جـار بـە فـرە تـۆن دەناسرێن (Polytonic Languige) .

2- یان ئەو زمانانەی کە ڕێکخستن و ڕیزکردنی وشەکان دەکەنـە هۆکارێـك بۆ سیستمی ڕستە .

## 5- زمانەوانی وەسفی: Descriptive Linguistics

لێکۆڵینەوەی زمانییە لە کات و شوێنی دیاریکراودا ، هەروەها بەرامبـەر بـە زمانـەوانی پێـوەری Prespricitive Linguistics دەوەسـتێت بـە زمانـەوانی سایکرۆنیش (Synchronic Linguistics) ناو دەبرێت . ئەم زانـستە وەسـفی

زمـان دەکـات ، هــەر زمانێـك بێـت لـە ماوەیـەکی دیـایکراو و لـە شـوێنی دیاریکراودا ، لە ڕاستیدا لە ئەمەریکا لە ئـەنجامی توێژینـەوەی مەیـدانی لـە زانـستی ئـەنترۆپۆلۆژیا و کـەلتورەوە سـەری هەڵداوە . کـە توێژینـەوەکان تەنیا شیکردنەوەی گوتن دەکەن یان شێوەی گۆکردنی زمان ، بـە تایبـەتی ئەو زمانانەی کە شێوەی نوسراویان نییـە ، کـە بەشـێوەیەکی تایبـەتی لـە ڕۆنانی زمانەکان دەکۆڵێتەوە . ئەمەش وایکردووە هەندێ لـە زمانەوانـەکان بە زمانەوانی ڕۆنانی ناوی ببەن (Structural Linguistics). سـەرەتای سـەر هەڵدانی ئـەم جـۆرە لێکۆڵینەوانـە لـە ئەمـەریکا لـە سـەر دەسـتی زانـای بەناوبانگ ((بلۆم فیلد)) لە دوای (1850) وەدەستی پێکـرد کـە سـێ لقـی سەرەکی لێ دەست نیشان کراو:

1– زانستی فۆنۆلۆژی Phonemics دەنگسازی تایبەت
2– زانستی مۆرفۆلۆژی Morphemics وشەسازی
3– سیستەمی سینتاکسی Syntax سیستەمی ڕستەسازی

هەر لەم زانـستەوە لقێکـی تـر سـەری هەڵدا بـەناوی کۆزمانـەوانی وەسـفی (Descriptive) – (Sociolinguistics) کە لقێکە لە زمانەوانی کۆمەڵایـەتی ( کۆزمانەوانی ) و لە بواری لێکۆڵینەوەی دیالێکت و بەکارهێنانەکانی لـە نـاو کۆمەڵ و ئامانجەکانی دەکۆڵێتەوە .

## 6– زمانەوانی مێژوویی Diachronic Linguistics

زمانـەوانی مێـژوویی لـە زمـان دەکۆڵێتـەوە لـەو ماوەیـەی کـە زمـان تێیـدا بەکارهاتووە و هەموو گۆڕانکارییەکان و تایبەتییەکانی زمان دەست نیـشان دەکات . هـەروەها بـە Historical Linguistics نـاوی هـاتووە کـە بەرامبـەر بەزمانەوانی وەسفی دەوەستێت ، ئەو بابەتانـەی کـە زمانـەوانی دایکڕۆنـی یـان مێـژوویی لێیـان دەکۆڵێتـەوە بـریتین لـە : گۆڕانکـاری دەنگـی لـە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بۆ نموونـە ئەگـەر زمـانی فارسـی وەربگـرین ، سێ قۆناغ دەکرێ دەستنیـشان بکـەین ، فارسـی کـۆن ، باسـتان ، فارسـی ناوەند و فارسی نـوێ ، . هـەروەها سـەرهەڵدانی زمانـەکان و سەرچـاوەی زمانــەکان و گەشــەی مێــژوویی و ســیماکانی زمــان بەدرێــژایی ڕۆژگــار دەگرێتەوە.

## 7- زمانەوانی گشتی : General Linguistics

ئەم زانستە لە تیۆری زمان بـە شـێوەیەکی گـشتی و بەرنامـەو ڕێبازەکـانی لێکۆڵینەوەی زمان دەکۆڵێتەوە هەروەها لـە دیـاردە هاوبەشـەکانی هـەموو زمانەکان دەکۆڵێتەوە .زمانەوانی گشتی بایەخ بە چالاکییە ڕێك و پێکەکانی مرۆڤ کە زمانە دەدات کە لە چوار چێوەی ئەم لێکۆڵینەوانـەدا دەبێـت: 1- ئەنجام 2- هۆکاری بەرهەم هێنان 3- بەکارهێنانی بەرهەم هێنراو واتە لـە زمـان و مەلەکـەی زمـان لای مـرۆڤ و بەکارهێنانـەکانی لـەناو کۆمـەڵگادا دەکۆڵێتەوە . ئەم لێکۆڵینەوانەش لەسـەر بنـەمای شـیتاڵکردن و وەسـف و دیاریکردنی زانستی دەنگسازی و ڕێزمان و لێکۆڵینەوەی یەکە زمانییەکانـدا دەبێـت . هـەروەها لـە سیـستەمەکانی ڕێنـوس و لێکۆڵینـەوەی مێـژوویی و بـەراوردکاری دیالێکتەکانـدا توێژینـەوە دەکـات دیـسانەوە لـە ئـەنجامی کۆکردنەوەی دێتایەکی زۆر لە زمانان لە دیاردەی زمان دەکۆڵێتەوە دەکرێ بڵێین زمانەوانی ئەڵمانی همبولت (Humbolt ) دامەزرێنەری ئەم زانستەیە .

## 8- زمانەوانی ئەرکی : Functional Linguistics

ئەم زانستە لێکۆڵینەوە لە سەر ئەرکی توخمەکانی زمان دەکات جەخت لـە سەر ئەرکی تەخمەکانی دەکـات و لقێکـە لـە زانـستی زمـان . ئـەم زانـستە کەرەسە زمانییـەکان بـەپێی ئـەرکیان پـۆلین دەکـات . واتـە بـە پێـی ئـەو ڕاستیانەی کە لە زمانێکی دیاریکراو کۆیان دەکاتەوە لە ئاستی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسـازیدا . زمانـەوانی ئـەرکی دەروازەیەکـە بـۆ زانـستی زمان کە بایەخ بـە زمـان دەدات وەك ئـامرازێکی مامەڵـەکردنی کۆمەڵایـەتی سەرەڕای ئەوەی کە وەك پەیڕەوێکی سەربەخۆ و جیا تێی دەڕوانێت . ئەم دەروازەیـەش مـرۆڤ یـان تـاك بـە بونـەوەرێکی کۆمەڵایـەتی دادەنێـت لـە ڕێگاکـانی فێربـونی زمـان و بەکارهێنانـەکانی لـە پەیوەنـدی کـردن لەگـەڵ کەسانی تر لە کۆمەڵگایەك و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا توێژینـەوە دەکـات . زمانەوانی ئەرکی بە جۆرێك لە جۆرەکانی شیکردنەوەی زمانی کـە پابەنـدە بە پەیوەندی ئەرکی دادەنرێت و جەختی لەسەر دەکات . لێرەدا ئاماژە بـە

لێکۆڵینــەوەکانی هەنـدێ لــە زمانەوانــەکان دەکــەین کــە لــە ئــەورووپا بــە قوتابخانــەی بــراخ Prague School لێکۆڵینــەوەکانی ((جلوســیمات)) مۆرفیمەکان (Glossematics) ناسراون .دەروازەی ئەرکی زمانـەوانی فـۆنیم بە بچوکترین یەکەی دەنگـی دادەنێـت کـە بەهۆیـەوە دەکـرێ جیـاوازی لـە واتادا بەدەست بهێنرێت . وە فۆنیم و ئەلۆفۆنەکان لە یەك جیا دەکاتەوە ، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا دەنگی [ك] و دەنگی [ق] هـەردوکیان فـۆنیمن وەك (کل) و (قل) ، (کون) و(قون) بەلاّم ئەم دودەنگە لە زمانی ئینگلیزیـدا ناتوانن جیاوازی لە واتادا دروست بکەن بەڵکو ئەلۆفۆنی یـەکترین هـەروەها لە کوردیدا [س] و [ص] جیاوازی واتاییان لێ دروست نابێ وەك (سـەگ) و (صەگ) ، (سەد) و (صەد)، بەلاّم لە زمانی عەرەبیدا دوو فۆنیمی جیـاوازن وەك (سار) و (صار) .

## 9– زمانەوانی ئـامێری – ژمێریـاری – کۆمپیوتـەری: Computational Linguistics

ئەم زانسـتە لقێکـە لـە زانسـتی زمانـەوانی کـارەکی کـە زمـان دەخاتـە نـاو کۆمپیوتەرو کۆمپیوتەر بەکاردەهێنێ لە شیکردنەوەی زمان دا ، زیاتر بایەخ بە زانستی وەرگێڕانی ئامێری دەدات دوبارە گێڕانەوەی ئەو زانیاریانەی کە خراونەتــە نــاو مێــشکی کۆمپیوتەرەکــە . بــۆ ئــەم مەبەســتە پــشت بــە شــێوازەکان و یاســاکانی ماتمــاتیکی دەبەســتێت و دێتاکــانی زمــان شیدەکاتەوە هەروەها هەوڵدەدات گووتنی دروستکراو (Speech synthesis) بە هۆکاری ئەلیکترۆنی بەرهەم بهێنێت بە ڕێگایەکی تۆماتیکی گوتنی مـرۆڤ بناسێتەوە و مامەڵەی لەگەڵدا بکات . یەکەم تاقیکردنـەوە لـەم بارەوە لـە ساڵی 1945 لە زانکۆی (جـۆرج تـاون ) ی ئـەمریکی ئـەنجام درا هـەروەها یەکەم بەرنامە ڕێزی فێرکردنی ئەم بابەتە واتە زمانەوانی ئامێری لە زانکۆی ( ئەندیانا ) لە ساڵی 1964 دەستی پێکرد کە بۆل جـارفن (Paul Garvin)

وانـەکانی تێـدا دەگوتــەوە . بـۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە (Mathematical Linguistics، Statistical Linguistics )

**10– زمانەوانی دەروونی (علم اللغه النفسی ) Psycholinguistics:**

ئەم زانستە لقێکە لە زمانەوانی کـارەکی (Applied Linguistics) لـە رێگـای فێربـونی زمـانی دایـك و فێربـون و فێرکردنـی زمـانی بیگانـە و هۆکـارە دەروونییە کاریگەرییەکانی سەر ئەم کردە دەکۆڵێتەوە ، هەروەها لە کەم و کورتییـەکانی گـۆکردن و چارەسەسـییەکانی دەکۆڵێتـەوە . دیـسانەوە لـە پەیوەندی نێوان دەروونی مرۆڤایەتی و زمان بە شێوەیەکی گشتی و کـردە دەروونییـە هزرییـەکان هاوکـار لەگـەڵ کارامەییـە زمانییـە جیاوازەکـان دەکۆڵێتەوە . گرینگترین بوارەکانی زمانەوانی دەروونی لێکۆڵینەوە لە کردە هزرییەکانـە کـە مـرۆڤ بـەکاریان دەهێنـێ بـۆ بەرهـەم هێنـانی زمـان و تێگەیشتنی ، هەروەها لە چۆنیەتی فێربونی مـرۆڤ بـۆ زمـان دەکۆڵێتـەوە . دیسانەوە زمانەوانی دەروونی لە هەستکردن بە زمان Speech Preceotion و ڕۆڵـی مێمـەری memary و چـەمکەکان دەکۆڵێتـەوە ، سـەرەڕای ئـەو کردارانەی کە پەیوەندیان بە بەکارهێنانی زمانـەوە هەیـە دەکاتـە تـەوەری لێکۆڵینـەوە . زمانـەوانی دەروونـی دەروازەیـەکی هاوبەشـە لـە ڕێگـای دەروونناسـی و زمانەوانییـەوە لـە زمـان و بـەکارهێنانی زمـان دەکۆڵێتـەوە چونکە زمانەوانی دەروونی لە ڕەوشتی زمانی و ئەو لایەنانەی کە بەرپـرسـ لێی دەکۆڵێتەوە . بەم هۆیەوە دەتوانین بڵێین زمانەوانی دەروونی تایبەتـە بە لێکۆڵینەوەی زمان لەو لایەنانەی کە پەیوەندییان بە ڕەوشـتی مرۆڤـەوە هەیە بە واتایەکی تر لە ڕەوشتی زمانی دەکۆڵێتەوە و هەوڵ دەدات بۆچونی زمانەوانی دەربارەی زمان کە بەسیـستەمێکی هێمـاییی دادەنـێ و بۆچـونی دەروونناسـی بـۆ زمـان کـە بـە چـالاکی وەرگـێراو دادەنـێ لێـك بـدات و ئـەنجامێکی تـەواو بـدات بەدەسـتەوە . دیـسانەوە زمانـەوانی دەروونـی هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە :

1- ئایا هیچ بەڵگەیەكی ڕاستەقینە هەیە بۆ ئەو تیۆرییەزمانییانەی كە زانایانی ڕێزمانی گوێزانەوە بۆیان داناوە .
2- ئایا زمان خۆڕسكە لای مرۆڤ ، ئایا لەگەڵ مرۆڤ لە دایك دەبێت یان چالاكیەكە مرۆڤ فێری دەبێت.
3- لە كاتی شێوانی گوتن دا بە هۆی توش بوون یان نەخۆشییەك یان هەر هۆكارێكی تر چ ڕوو دەدات كە توانای گوتن لەدەست دەدرێت . ئایا دەكرێت شێوە چارەیەك بۆ ئەمانە بدۆزرێتەوە .
4- ئایا زمان تایبەتە بە مرۆڤ گریمانەیەكی ڕاستە ، ئەگەر ڕاستە بۆچی ؟
لەڕاستیدا دەبێ ئەوە بزانین كە زمانەوانی دەروونی زانستێكی نوێ یە و ساڵی 1953 بە ساڵی لەدایك بوونی ئەم زانستە لە قەڵەم دەدرێت ، كاتێك لە شاری (بلومنجتوتن) لە ویلایەتی (ئەندیانا) دەستەیەك لە زاناكانی دەروونناسی و ئەتنۆلۆجییەكان و زمانەوانەكان كۆبونەوە و سنور و چوارچێوەی لێكۆڵینەوەكانی زمانەوانی دەرونییان دارشت .بەم شێوەیە دەبینین زاراوەی زمانەوانی دەرونی وەكو زاراوەیەك بەو لێكۆڵینەوە جیاوازانە دەوترێت كە لێكۆڵینەوە لەسەر زمان لە ڕوانگەی دەروونییەوە ئەنجام دەدات ، لێكۆڵینەوەكانیش ئامانجیان ئەوەیە بگەنە بەڵگە و ڕاستی لە ڕێگای تێكەڵكردن و تاقیكردنەوەوە . كە چۆن مرۆڤ زمانەكەی خۆی فێردەبێت یان وەردەگرێت . یان چۆن ئەم زمانە لەگەڵ كارامەییەكان خۆی بەكاریان دەهێنێ و چۆن هەست بە گوتن دەكاو دروستی دەكات ، یان چ پەیوەندییەك لە نێوان زیرەكی و مێمەریدا هەیە كە بەشداری كردەی گوتن دەكەن هەروەها چ پەیوەندییەك لە نێوان زمان و كردەی بیركردنەوەدا هەیە.

**11- زمانەوانی فراوانكراو: Linguistics-Macro/Macro Linguistics**

زمانەوانی فراوانكراو زانستێكە لە زمان دەكۆڵێتەوە لە ڕوانگەی كۆمەڵایەتی دەروونی و كارەكییەوە . كە زمان و جولەی لەش و دەربڕین و ئاراِیشەكانی ڕەوشتی شارستانیەتی بە خۆوە دەگرێت . هەندێك لە زمانەوانەكان وای بۆ

دەچـن کـە ئـەم زاراوەیـە هاوواتـای زمانـەوانی کـارەکی یـە (Applied Linguistics) هەروەها زۆربەی زمانەوانەکان وای بۆ دەچن کە ئەم زاراوەیە پێـچەوانەی زاراوەی (Microlinguistics )ە کـە بـە زمانـەوانی ورد یـان زمانەوانی تەسك دەناسرێت . ئەم زانستە واتە زمانـەوانی تەسـك بایـەخ بـە دیـاردە زمانییـەکان دەدات ، بـەڵام زمانـەوانی فراوانکـراو هـەموو ئـەو توێژینەوانە دەگرێتەخۆ کە پەیوەندیان بە زمانەوە هەیە و وامـان لێـدەکات زانیاریمان دەربارەی دیاردەکانی تر لە دەرەوەی بواری ڕاستییەکانی زمانی دا زیاد بکەین بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە کردەی پەیوەندی کردنەوە هەیـە ، بـۆ نمونـە لێکۆڵینـەوە لـە دیالێکتـەکانی زمـان Dialectology دەچێتە ناو لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی تەسك بەڵام ئەگەر زمانەوان بایەخ و گرنگی بە واتای وشەکانی قسەکەرێ بدا کە ئاستی ڕۆشـنبیری پـێ دەسـت نیشان دەکرێت ئەوا توێژینەوەکـەی دەچـێتە بـوارێکی تـرەوە کـە دەبێتـە زمانەوانی فراوانکراو . دیسانەوە هەندێ لە زمانەوانەکان زاراوەی زمانەوانی فراوانکـراو (Macro Linguistics) بـۆ ئامـاژەدان بـەو توێژینەوانـە بـەکار دەهێـنن کـە لەسـەر بنـەمای بـەکارهێنانی ئـەو هۆکارانـەدا دەبێـت کـە لـە زانستەکانی ترەوە وەردەگیرێت . بۆ نموونە ماند لـبرۆت (Mande Ldrot) توێژینەوەی ئاماری لە زماندا دەخاتە ناو چوارچێوەی زمانەوانی فراوانکراو . هـەروەها زمانـەوانی ئـەمریکی ج . ل . تریجـر (Trager.L.G) وای بـۆ دەچێت کە زمانەوانی فراوانکـراو زانـستی پـێش زمـان (Pre Lingustics) و زمانەوانی تەسك و ورد (Mico Linguistics) و زانـستی دەوروبـەری زمـان (Meta Linguistics) کە دەروازەیەکی زانستی ڕاستییە زمانیەکانـە لـە ژێـر ڕۆشنایی ئەنترۆپۆلۆژیدا .

# زمانی کوردی مۆرفیمی بکەر نادیارسازی کۆنی پاراستووە(1)

غوڵا محوسەین کەریمیدووستان[2] و ڕەحمان وەیسی[3]
و. لە فارسیەوە: ئیبراهیم مورادی[4]

**پوختە:**

ئەم وتارە نیشان ئەدا کە مۆرفیمی بکەرنادیارسازی – یە– (-ya-) کە لە بکەرنادیاری مۆرفۆلۆژیکی لە زمانە ئێرانیەکانی کۆنا بە ڕەگی کارەوە ئەنووسا، لە زاراوەکانی سۆرانی، ئەردەڵانی، کەڵهوری، ئیلامی و هەورامی زمانی کوردیا، بە شێوەی – یا– (-yâ-) و –یە– (-ya-) ماوە و بوونی ئەم مۆرفیمە لە زمانی کوردیا، ئەتوانێ هەم لە زمانناسی مێژوویی و گۆڕانی زمانا و هەم لە ڕوون کردنەوەی باسی چۆنیەتی سازکردنی ڕستەی بکەرنادیار لە زمانە ئێرانیەکانی نوێدا یارمەتیدەری لێکۆڵەرەان بێ.

وشە سەرەکییەکان: بکەر نادیار لە زمانە ئێرانیەکان، بکەرنادیار لە زمانی کوردی، بکەرنادیاری مۆرفۆلۆژیکی، گۆڕانی بکەرنادیار لە کۆنەوە تا نوێ

## 1– سەرەتا

لە زمانی ئینگلیسیا ڕستەی (1) بکەردیار و ڕستەی (2) بکەرنادیارە (ڕەدفۆرد،296: 2004). هەر وا کە دیارە لەم جۆرە زمانانەدا بۆ چێکردنی ڕستەی بکەر نادیار، کاری سەرەکی[main verb] بە شێوەی ئاوەڵناوی بەرکاری [past participle] دەردێ و بە دوایا کاری یارمەتیدەر [auxiliary]دێ و بکەری واتایی (لۆژیکی) لە دوای پریپۆزیشنێك لە کوتایی ڕستە دەرئەکەوێ.

(1) The thieves stole the jewels. «دزەکان جەواهێراتەکەیان دزی.»

کە دز –ان دزییان ەکە جەواهێرات

(2) The jewels were stolen by the thieves.

«جەواهێراتەکـــــەان دزیـــــان لــــــە لایـــــەن دزەکانـــــــەوە.»
-ان دز ەکە لەلایەن دزیاو بوون جەواهێرات ەکە

ئەگەرچی تاقمێك لە زماننناسەکان (کەریمی،2005) لـەو بـاوەڕەدان کـە لــە زمــانی فارســیدا بکـەرنادیار بــە شــێوەی ڕســتەی (2) نیــە، جەبباری(92–1382:91) پێی‌وایە کە ڕستەی (4) و ڕستەی بکەرنادیاری (3) هـەر یـەکن. هـەر وەك ئـەوەی لـە (2)دا دیمـان، لـە (4)یـشا، کـاری سەرەکی بـە شـێوەی ئاوەڵنـاوی بـەرکاری و لـە تـەك کـاری یارمەتیـدەری «شدن» (بوون)دا هاتووە:

(3) بچە درخت را شکست. (منالەکە دارەکەی شکاند.)
منـــاڵ دار نیـــشانەی بــــەرکار شـــکاند ﴿زمـــانی ئستانداردی فارسی مۆرفیمی ناسراوی وەك -ەکەی نیە.﴾

(4) درخت شکستە شد. (دارەکە شکیا.)
دار شکیاو بوو

لە تەواو زاراوەکـانی زمـانی کـوردی لـە ئێرانـا، پرۆسـەی سـازکردنی بکەرنادیار دەگەڵ ئەوەی لەسەرەو ئاماژەی پی‌کرا جیاوازە. بۆ نموونـە لـە زاراوەی سـنەیی‌دا ڕسـتەکانی (5) و (6) کـوردی کـراوی ڕسـتەکانی (1) و (3)ن و ئاخێوەرانی زاراوەی سنەیی (7) و (8) بە بکەرنادیاری (5) و (6) ئەزانن.

(5) دزەکان جەواهێراتەکانیان دزی.
(6) منالەکە دارەکەی شکان.
(7) جەواهێراتەکان دزیا.
(8) دارەکە شکیا.

بە پێچەوانەی زمانگەلێ وەك ئینگلیسی و فارسی، زمانی کوردی بـۆ چـی‌کردنـی بکـەرنادیار، کـاری سـەرەکی بـە شـێوەی ئاوەڵنـاوی بـەرکاری دەرنـاهێنێ و لـە کـارە یارمەتیـدەرکانیش وەك «بـودن» و «شـدن» کـەڵك وەرنـاگرێ" بـەڵکوو مـۆرفیمی تایبـەتی بـۆ ئـەم کـارە واتــە -yâیـا -ya بەکاردێنێ(وەك ڕسـتەکانی 7 و 8). ئـەم وتـارە دوای چاوخـشانێکی خێـرا

بەسەر چەن بۆچوون سەبارەت بە بکەرنادیار، لەسەر مۆرفۆلۆژی بکەر نادیار لە زمانی کوردی ئەکۆڵێتەوە.

## 2- چەن بۆ چوون لەبارەی بکەرنادیارەوە

دیاردەی بکەرنادیار لە مێژە سەرنجی هۆگرانی بابەتەکانی پێوەندیدار بە زمانی بۆ لای خۆ ڕاکێشابوو. ڕەواقییەکان[Stoics] بۆ کار، دۆخگەلی[case]وەك تێپەڕی بکەردیار، تێپەڕی بکەرنادیار و پووچەڵیان [خونسا]دانابوو کە شێوەی تێکەڵ بوونی کار دەگەڵ ناوێکی خاوەن دۆخی تایبەتا پێوەری وان بۆ ئەم کارە بووە. سینتاکسی کارە بکەردیارەکان و بکەرنادیارەکان لە چاخی باستانا دەگەڵ دۆخەکانی ناودا پێوەندییەکی نزیکی هەبووە. تێکەڵ بوونی کار دەگەڵ ناوێك لە دۆخی نابکەریدا، کاری تێپەڕی پێكهێناوە و دەگەڵ ناوێك لە دۆخی خاوەنیدا، بکەرنادیار و بێجگە لەمانە کارەکە پووچەڵ بووە(ڕۆبینز، 1382:77). ڕێزمان نووسە سوننەتییەکانیش جیاوازی نێوان بکەردیار و بکەرنادیاریان ئاوا ناساندووە: کاری تێپەڕ بە بەرکار نسبەت ئەدرێ بۆ نموونە لە ڕستەی «سەعید حەمیدی لە شەقام دی.»دا ئەتوانین بکەر لابەین و بێژین «حەمید لە شەقام بینرا» کە کارەکە بە بەرکار واتە «حەمید» نسبەت دراوە، کەوایە نەهادی ڕستەکە بەرکارە نە بکەر. بە کاری «بینرا» کە بە بەرکار نسبەت دراوە ئێژن بکەرنادیار(ئەنوەری-گیوی، 1376:67).

بکەرنادیار یا بکەرنادیارسازی لە قوتابخانەی ئەرکیدا [functionalist] لەسەر بنەمای باس[theme] و خواس[rheme] ڕاڤەئەکرێ. لەم تیۆرییەدا ڕستە بە باس و خواس دابەشئەکرێ. باس شتێکە کە بیسەر لە پێشدا ئەیزانێ و خواس باسێکی تازەیە کە لە بارەی بابەتەکەوە ئەوترێ. باس بەر لە خواس دێ. بۆ نموونە لەم ڕستانەدا:

(9) John kissed the child. ( جان منداڵەکەی ماچ کرد.)

(10) The child was kissed. (منداڵەکە ماچ کرا.)

لە ڕستەی (9)دا لە بارەی «جان»ەو قسە ئەکەین و گەرەکمانە بێژین ئەو چ کارێك ئەنجامئەدا یا ئەزانین «جان» کەسێکی ماچ کردیە، گەرەکمانە بزانین ئەو کەسە کێیە. بەڵام لەڕستەی (10)دا ڕەنگە بیسەر

بزانیێ کە مناڵەکە ماچ کراوە و ئێمە گەرەکمانە بزانین کە کێ ئەوی ماچ کـردووە. کەوایـە «جـان» خواسـە و «مناڵەکـە» باسـە. بـەم جـۆرە لـە قوتابخانەی ئەرکیدا بەرودوا کردنی زانیارییەکان و شێوەی گۆڕانی لە سەر بنـــەمای ڕســـتەی بکـــەردیار و بکـــەرنادیـــار شیئەکرێتەوە(سامسۆن1980:104). هەڵبەت ئـەبێ بـزانین کـە هـەم لـە (9) و هـەم لـە (10)شدا فرەیـزی کـار وەك گـوزارە سـەر بـەو بەشـە لـە ڕستەیە کە زانیاری نوێی هەیە و زانیاری نوێ بە ئەژماردێ.

لەتیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا (GB) پرۆسـەی بکـەرنادیارسـازی ئەبێتە هۆی جێبـەجێبوونی فرەیـزی نـاو لـە نـاو ڕسـتەدا و دۆخـدان [case marking] کاریگەرییـەکی یـەکجار زۆری لەسـەر جێبـەجێ بـوونی ناوەکـان هەیـە. هەگمـەن (1992:173) ئـەم تایبەتمەندییانـەی خـوارەوەی بـۆ مۆرفۆلۆژی بکەرنادیار ناوبردووە:

(11) ا– لە سەر مۆرفۆلۆژی کار کاریگەری هەیە

ب– مۆرفیمی بکەرنادیار ئارگیوومنتی[argument] دەرەکی ئەگرێتە خۆی و لەناوی ئەبا و ئیتر

وەك ئارگیوومنتێکی ڕاستەوخۆ ڕۆڵ ناگێڕێ.

پ– ناوێکە ڕۆڵی تتای نـاوەکی کـاری بکـەرنادیاری هەیـە بـەرەو جێگایـەك ئەڕوا کە بتوانێ دۆخ بگرێ.

لەم تیۆرییەدا جێبەجێبوونی بەرکار بۆ شوێنی بکەر، ئاوا باس ئەکرێ کە کاری بکەرنادیار توانایی دۆخدانی لەدەسئەچێ و فرەیزی بـەرکاری بـۆ گرتنی دۆخ بۆ شوێنێکیتر ئەچێ. چون هەر فرەیـزی نـاوی بـۆ ئـەوەی کـە بتوانێ لە ناو ڕستەدا دەرکـەوێ ئـەبێ دۆخـی بـبێ. هەڵبـەت لـە بەرنامـەی مینیماڵیستا گۆڕانێك بەسەر ئەم بۆچوونەدا هاتووە. بـۆ نموونـە لـە بـارەی دۆخدان لە ناو ڕستە بکەرنادیارەکاندا وای بۆ ئەچن کە گوایە فرەیزی ناوی بۆ گرتنی دۆخ، جێبەجێنابێ، بەڵکوو بۆ چـاولێکردنەوەی دۆخەکـەی لـەناو ڕستەدا جێگەی ئەگۆڕێ(دەبیر موقەددەم:1383).

هاسپلماس(2002:210–213) ئەکۆشێ بیسەلمێنێ کە بکەرنادیار و بکەرنادیارسازی بە پرۆسـەیەکی سینتاکسی–مۆرفۆلـۆژیکی ئـەوترێ کـە

گۆڕانێکی تایبەت لە ئاست ڕستەدا پێك دێنێ. ئەم گۆڕانە بە شێوەی جێگۆڕکێی ئەندامەکانی ڕستە، گۆڕانی مۆرفۆلۆژیکی و لە ناو چوونی هەندێك لە ئەندامەکانی ڕستە دەرئەکەوێ.

## 3– بکەرنادیار لە زاراوەکانی کوردیدا

هەر وا کە لە سەرەوە ئاماژە کرا لە زمانەکانی فارسی و ئینگلیسیدا گۆڕانی سینتاکسی لە بکەرنادیارسازیدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە پریپۆزیشنێك و کارێکی یارمەتیدەر بێتە ناو ڕستەکەوە. بەڵام لە زاراوەکانی زمانی کوردیدا کاری یارمەتیدەر دەگەڵ کاری سەرەکی نایەت" بەڵکوو تەنیا ئاڵوگۆڕی مۆرفۆلۆژیکی ئەبێتە هۆی ئەوەی کە بکەردیار ببێتە بکەرنادیار. بۆ ئاگادار بوون لە جموجۆڵە سینتاکسی و ئاڵوگۆڕە مۆرفۆلۆژییەکان لە زمانی کوردی، سەرنج بدەنە نموونەکانی خوارەوە:

(12– ا ) من گوڵەکەم برد. (12–ب) گوڵەکە بریا.

لەبەر ئەوەی کە لە ڕستەی (12–ب) دا کار بە بەرکاری واتایی نسبەت ئەدرێ (ئەنوەری و گیوی،1376) و لە بەراوەرد دەگەڵ (12–ا)دا گۆڕانێك لە ساختاری زانیاریدا ئەبینرێ، ئەتوانین بێژین بە پێی بووچوونی ڕێزماننووسە سوننەتییەکان و زمانناسانی قوتابخانەی ئەرکی، (12–ب) بکەرنادیار بە ئەژمار دێ. هەروەها لە(12–ب)دا مۆرفۆلۆژی ڕستەکە و ڕۆڵی ڕێزمانی ئارگیوومنتی دەرەکی گۆڕاوە و ئارگیوومنتی ناوەکیش لە ناو چووە (11). بە باوەڕی هاسپلماس (200) هەم لە بواری مۆرفۆلۆژی و هەم لە بواری ساختاری سینتاکسیەوە ئەتوانین (12–ب) بە بکەرنادیار بناسین. ئەگەرچی ڕستەگەلێ وەك (7)، (8) و (12–ب) دەگەڵ ڕستەگەلێ وەك (2) و (4) جیاوازن و تا ڕادەیەك دەگەڵ ساختگەلی میانی [Middle Constructions]لێكئەچن، بەو هۆیانەی لەسەرەوە باسکرا و بۆ ئاسانتر پێشچوونی باسەکە، لە زمانی کوردیدا ڕستەگەلێ وەك (12–ب) بکەرنادیار بە ئەژمار دێنین و لەم بەشەدا لە سەر بکەرنادیار لە زاراوەکانی

موکریانی (مهابادی)، سنەیی (ئەردەڵانی)، کەلهوڕی (کرماشانی)، ئیلامی (فەیلی) و هەورامی دەکۆڵینەوە.

لە نموونەکانی خوارەوەدا کە لە زاراوەکانی زمانی کوردی گیراون، ڕستەکانی (13–ا) تا (17–ا) ڕابردووی بکەردیارن و ڕستەکانی (13–ب) تا (17–ب) ڕابردووی بکەرنادیار و ڕستەکانی (13–پ) تا (17–پ) ڕانەبردووی بکەرنادیار. پێویستە بگوترێ کە مۆرفیمی بکەرنادیارسازی -ya- لە ڕانەبردوو و -yâ- لە ڕابردوودا بەکاردێ و لەڕاستیدا یەکەمیان مۆرفیمی بکەرنادیارسازی ڕانەبردووە و دووهەمیان مۆرفیمی بکەرنادیارسازی ڕابردووە. هەڵبەت هەروا کە لە (16)دا نیشاندرا لە زاراوەی سۆرانیدا، مۆرفیمی بکەرنادیارسازی ڕانەبردوو بە شێوەی – رێ (-rē-) و مۆرفیمی بکەرنادیارسازی ڕابردوو بە شێوەی –را (-râ-) گۆدەکرێ.

ا– سنەیی

(13ـ ا) ئەوان سێفەکانیان خوارد.

(13–ب) سێفەکان خوریان.

(13–پ) سێفەکان ئەخوریەن.

ب– کەلهوڕی

(14ـا) ئەوان سێفەکان خواردن.

(14–ب) سێفەکان خوریان.

(14–پ) سێفەکان خوریەن.

پ– هەورامی

(15–ا) ئانیشا ساوەکا واردە.

(15–ب) ساوەکا وریای.

(15–پ) ساوەکا وریا.

س– موکریانی

(16–ا) ئەوان سێوەکانیان خوارد.

(16–ب) سێوەکان خوران.

(16–پ) سێوەکان دەخورێن.

(17–ا) ئەوان سێفەیلە خواردن.
(17–ب) سێفەیلە خوریان.
(17–پ) سێفەیلە ئەخوریەن.

هەروا کە ڕوونە لە تەواو نموونەکانی (13–ب تا 17–ب) و لە (13–پ تا 17–پ)دا ئارگیومنتی ناوەکی ( لە ڕستە بکەردیارەکانا بەرکار) چووەتە جێگای بکەر و بکەر لە ڕستە بکەردیارەکانا (13–ا تا 17–ا) بەرچاو ناکەوێ و هێنانیان دوای پرێپۆزیشن لە کۆتایی ڕستەکەوە وەك ئینگلیسی ئاسایی نیە، ئەمە بەو واتایە کە کوردزمانەکان لە هێنانی بکەری واتایی لە ڕستە بکەر نادیارەکانا خۆ ئەبوێرن.

## 4– سەرچاوە و گرینگی مۆرفیمی بکەرنادیارساز

لە زمانەکانی ئێرتنی باستانا مۆرفیمگەلێکی بەستراوی‌یان بە ڕیشەی کارەکانەوە ئەچەسپان و ڕگێکیان بە دەس ئەهێنا کە بۆ گەردان کردنی کارەکان لە دۆخ و کات و دەمکاتە جوراوجۆرەکان بەکار دەهێنران. بۆ نموونە لە فارسی کۆنا چەندین ڕەگی کار وەك ڕابردوو، داهاتوو، ئێستای تەواو[present perfect]، بکەرنادیار، ناچارکردن(واداری)، ناڕاست(جەعلی)، ئارەزوویی و توندی (تەشدیدی) هەبووە کە مۆرفیمی بکەرنادیارسازی -ya- بە ڕەگە بکەردیارەکانەوە نووساوە و بکەرنادیاری چێ‌کردووە(ئەبولقاسمی، 1375:141و دەبیرموقەددەم، 1364:33).
مۆرفیمی بکەرنادیارسازی ڕابردوو لەزاراوەکانی زمانی کوردی‌دا –yâ– ، تەنیا لە موکریانی‌دا (-râ-)یە و مۆرفیمی بکەرنادیارسازی ڕانەبردوو لەزاراوەکانی زمانی کوردی‌دا -ya- ، تەنیا لە موکریانی‌دا – رێ (-rē-)یە.
ئەگەر قەبووڵ کەین کە لە موکریانی‌دا لە پرۆسەی گۆڕانی مۆرفیمی بکەرنادیارساز لە کۆنەوە تا ئێستا، ڤاوڵی ڕەوانی[Glide] /y/ بووە بە کۆنسنانتی/r/، ئەتوانین بێژین کە مۆرفیمی بکەرنادیارساز کە لە زمانەکانی ئێرانی باستانا هەبووە، بە تۆزێك گۆڕان، لە تەواو زاراوەکانی زمانی کوردی‌دا ماوەتەوە. پاراستنی ئەم مۆرفیمە لە لایەن زمانی کوردییەوە

لانیکەم لە دوو گۆشەوە گرنگە: یەکەم گۆڕانی زمان و ڕێزمانیبوون[Grammaticalization]، دووهەم کەڵك وەرگرتن لە ئەم دیاردە بۆ ڕوونکردنەوەی تەمومژی چۆنیەتی بکەرنادیارسازی لە زمانە ئێرانیەکانی نوێدا(مۆین،1974، کەریمی، 2005 و جەباری، 1382).

لەزمانی ئینگلیسیدا «to be» (لە ڕستەی 2دا) ئامێرێکی ڕیزمانیە و جگە لە ڕۆڵی ڕێزمانی وەك کارێکی یارمەتیدەر ئەرکێکی نیە و بە زمانی زماننانسەکان دەبێژن تەواو ڕێزمانی بووگە. بروونر(1977:213) باوەڕی وایە کە لە ناو زمانە ئێرانییەکانی بەشی ڕۆژاوادا هەم پرۆسەی سینتاکسی هەیە و هەم پرۆسەی مۆرفۆلۆژیکی. لە زمانە ئێرانیەکانی کۆنا بکەرنادیارسازی، تەنیا لە ڕێگای مۆرفۆلۆژی و مۆرفیمی بکەرنادیارسازەو بووە و لە فارسی نوێدا لە ڕێگای سینتاکسەوەیە. کە وایە ئەتوانین بێژین دەورانی میانی لە بواری بکەرنادیارسازیەوە دەورانێکی تێپەڕ بوون بووە لە مۆرفۆلۆژییەوە بۆ سینتاکس و لەم دەورانەدا کاری «شدن» (کە لە پێشدا بە واتای «ڕۆیشتن» بووە) بەرەو ڕیزمانیبوون گۆڕاوە(4). بەڵام لە کوردیدا هەروا کە دیمان، بکەرنادیارسازی و مۆرفیمەکەی بە شێوەی مۆرفۆلۆژیکی پارێزراوە و بە پێچەوانەی زمانی ئینگلیسی و فارسی کاری «بودن« و «شدن» بە مەبەستی بەکارهێنان لە بکەرنادیارسازی دا ڕێزمانی نەبووگن. دەرەنجامی باسەکە ئەمەیە کە لەناو چوونی مۆرفیمی بکەرنادیارساز بووەتە هۆی ڕێزمانیبوون و گۆڕانی کارگەلێ وەك «شدن» و «بودن» بە کاری یارمەتیدەر بۆ چێکردنی بکەرنادیارساز و بە پێچەوانە، پاراستنی ئەم مۆرفیمە، لە ڕێزمانیبوون و چێبوونی کاری یارمەتیدەر بۆ بکەرنادیارسازی، بەرگیریکردووە.

هەروا کە لە سەرەتادا ئاماژەی پێکرا کەریمی(2005:76-74) باوەڕی وایە کە ڕستەگەلێ وەك (18ب) بکەرنادیاری (18-ب) نیە و لە فارسیدا پرۆسەی بکەرنادیارسازی هەر نیە، بەڵکوو «خوردە» لە (18-ب) دا هەروەك (19-ب) ئاوەڵناوە و «شد» یەك سووکەکار [light verb]ە:

(18- ا) پرویز سیبها را خورد. (پەرویز سێوەکانی خوارد.)

(18- ب) سیبها خوردە شدند. (سێوەکان خوریان.)

(19–ا) پرويز خانه را خراب كرد. (پەرویز ماڵەكەی خراپ كرد.)
(19–ب)خانه خراب شد. (ماڵەكە خراپ كریا.)

مەبەستی ئەوەیە كە «خورده» لە (18–ب)دا وەك «خراپ» لە (19–ب) ئاوەڵناوە و «شد» هەم لە (18–ب) و هەم لە (19–ب)شدا، سووكەكارە و لە ڕاستیدا «خوردەشد» لە (18–ب)دا بكەرنادیار نیە بەڵكوو رستەیەكی بە سووكەكار چێكراوە. ئێستا كە ڕوون بووەوە كە لە كوردیدا هەم ڕستەی بە سووكەكار سازكراو هەیە وەك (19–ا) و (19–ب) و هەم بە جێگەی ساختارگەلێ وەك (18) بكەرنادیارسازی مۆرفۆلۆژیكی بە شێوەی زمانە ئێرانیەكانی كۆن هەیە، لێكدانەوەیەكی بەراوەردی لە نێوان ڕستە چێكراوەكان بە سووكەكار لە زمانەكانی كوردی و فارسی و ساختارگەلێ وەك (4) كە بە باوەڕی هەندێ كەس بكەرنادیارن و كارە بكەرنادیارەكانی زمانی كوردی، ئەتوانێ یارمەتیدەری ڕوونكردنەوەی بابەتی چۆنیەتی بكەرنادیارسازی لە زمانی فارسیدا بێت، بەڵام ئەو باسە پێویستی بە وتارێكیتر هەیە و جێگای ئێرە نییە.

## 5– ئەنجام

بە لێكۆڵینەوە لەسەر چەن ڕستەیەكی زاراوەكانی زمانی كوردی لە ئێران كە بریتین لە موكریانی، كەلهوڕی، سنەیی، ئیلامی و هەورامی و بەراورد كردنیان دەگەڵ بكەرنادیار لە زمانگەلێ وەك ئینگلیسی و فارسی كە بكەرنادیاریان بە شێوەی سینتاكسیە، دەركەوت كە لە زمانی كوردیدا بكەرنادیارسازی بە شێوەی مۆرفۆلۆژیكییە و بە چەسپاندنی مۆرفیمی بكەرنادیارساز بە ڕەگی كارەوە كاری بكەرنادیار چێدەبێ. مۆرفیمی بكەرنادیارساز لە كوردیدا بە شێوەی -yâ- و -ya- دەرئەكەوێ. لە زمانەكانی ئێرانی باستانا مۆرفیمی -ya- بە ڕەگی كارەوە ئەنووسا و كار و چاوگی بكەرنادیاری چێئەكرد. ئەم دیاردەیە ئەسەلمێنێ كە ئەم تایبەتمەندییە لە زمانەكانی ئێرانی باستانەوە لە زمانی كوردیدا ماوە. بكەرنادیارسازی لەكوردیدا هەم لە بواری دەنگسازییەو و هەم لەبواری پرۆسەی بكەرنادیارسازییەوە كە لەو دا مۆرفیمی بكەرنادیارساز بۆ

چێکردنی کار و چاوگی بکەرنادیاری ڕابردوو و ڕانەبردوو بە ڕەگی کارەوە ئەنووسێ زۆر لە زمانە ئێرانییەکانی باستان ئەچێ. دیاردەی بکەرنادیارسازی لە کوردیدا ئەتوانێ هەم لە گۆڕانی زمان و باسە مێژووییی و بەراوەردکارییەکانی زمانە ئێرانیەکان و هەم بۆ ڕوونکردنەوەی تایبەتیەکانی بکەرنادیار لە زمانەکانی ئێرانی نوێ، میانی و باستانا یارمەتیدەری لێکۆڵەر و زماننناسەکانی هۆگری زمانە ئێرانییکان بێ.

## سەرچاوەکان

ا- فارسی


1. ابوالقاسمی، محسن. (1375). دستور تاریخی زبان فارسی. تهران: انتشارات سمت.
2. انوری، حسن/ احمدی گیوی. (1384). دستور زبان فارسی. تهران: انتشارات فاطمی.
3. جباری، محمد جعفر. (1382). "تفاوت مجهول در زبانهای فارسی و انگلیسی". مجله زبانشناسی، سال هیجدهم، شماره اول، صص 93-78.
4. دبیر مقدم، محمد. (1383). زبانشناسی نظری. تهران: انتشارات سمت.
5. دبیر مقدم، محمد. (1364). " مجهول در زبان فارسی". مجله زبانشناسی، سال دوم، شماره اول، صص 46-31.
6. روبینز، ار.اض. (1382). تاریخ مختصر زبانشناسی. مترجم محمد علی حق شناس، تهران: نشر مرکز.

ب - ئینگلیسی

7. Aronof، M. and Fudeman، K. (2005). What is morphology? Blackwell publishing. Oxford
8. Bruuner، J. C. (1997). Syntax of Middle Iranian. Caravan Books. New York

9. Hageman، L. (1992). Introduction to Government and Binding.
10. Theory. Blackwell publisher. Oxford.
11. Haspelmath، M.(2002).Understanding Morphology. Oxford University Press Oxford.
12. Karimi، S. (2005) A Minimalist Approach to Scrambling. Mouton De Gruyter.
13. Moyne، J. (1974) “The so called passive in Persian”. Foundation of Language 12: 249-267.
14. Radford، A. (2004). Minimalist Syntax، Cambridge university press.
15. Sampson، G. (1980). Schools of Linguistics. An Imprint of the Hutchinson publishing group.
16. Tallerman، M. (1998). Understanding Syntax. Oxford: Oxford University Press.


**پەراوێز:**

1– ئەم وتارە لە ساڵی1387ه. دا لە ژێر ناوی « حفظ يك مادەساز باستانی در ساخت مجهول در كردی» لە لاپەڕەی137–147ی ژمارە 2ی ساڵی 41ی گۆڤاری زمان و ئەدەبیاتی کالجی ئەدەبیاتی زانکۆ فردەوسی مەشهەدا بە فارسی بڵاو بووەتەوە.

2 – مامۆستای زماننانسی لە زانکۆ تاران و خاوەنی دوکتۆرای زماننانسی لە زانکۆ ئیسکسی ئینگلستان. زۆر بابەتی لە سەر زمانی کوردی بڵاو بووەتەوە.

3 – ماستەری (کارناسی باڵا) زماننانسی لە زانکۆ کوردستانی سنە و خوێندکاری دوکتورای زماننانسی لە ئیسفەهان .

4 – ماستەری زماننانسی لە زانکۆ تەربیەت مودەڕسی تاران و مامۆستای زمانی ئینگلیسی لە دیواندەرە.

# هەگبەی هیرانی (هیچ)ی تێدابوو!

سەباح مەجید

دوای ئەوەی لە ژمارە (4 و 5)ی گۆڤاری (زمانناسی)دا لێکۆڵینەوەیەکم بەناوی (رێزمانی قوتابخانەکان و سەر لە قوتابی شێواندن) بڵاوکردەوە، پڕبەدڵ حەزم دەکرد (لیژنەی پسۆر لە وەزارەتی پەروەردە) بەدواداچوونیان لەبارەیەوە هەبێت، بەڵام ئەوان نەیانبوو، کەچی بەڕێزێك بەناوی (ئەحمەد هیرانی) وەك ئەوەی خۆی سەرۆکی ئەو لیژنەیە بێت لە ژمارە (7)ی گۆڤاری (زمانناسی)دا وەك خۆی دەڵێت: (هوردە بارانی سەرنج)ی رژاندۆتە سەر لێکۆڵینەوەکە. بەڵام لەڕاستیدا نووسینەکەی ئەو بەڕێزە نە هوردەیە و نە سەرنجیش، بەڵکو نووسینەکەی (گەورە هەڵە)یە و بەشێوەی شەستە باران راژاوەتە سەر لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە، بۆیە بەپێویستی دەزانم کە هەڵە گەورەکان بۆ ئەو برا بەڕێزە راست بکەمەوە. سەرەتاش لەوەوە دەست پێدەکەم کە ناوی نووسینەکەی خۆی ناوە وتار، وەك نووسیویەتی: (وتارێ لەژێر پڕشنگی سەرنجەکانمدا) کەچی لە گۆڤاری (زمانناسی) نووسینەکەی ئەو بەڕێزە لە بەشی (لێکۆڵینەوە)دا بڵاوکراوەتەوە، من زۆر قسە لەسەر ئەوە ناکەم، با ئەمە لەگەڵ ستافی گۆڤاری (زمانناسی)دا یەکلایی بکاتەوە، ئایا کامەیان راست و کامەشیان هەڵەن، بەڵام قسە لەسەر ئەوەدەکەم کە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەی بە وتار ناوبردووە، وەك دەڵێ: (وتارێ لەژێر ناوی (رێزمانی قوتابخانەکان و سەر لە قوتابی شێواندن) بە زمانی (سەباح مەجید) بڵاوکراوەتەوە). ئەو بەڕێزە دەبێ سەرەتا (وتار) و (لێکۆڵینەوە) لە یەکتری جیابکاتەوە ئەوسا بێت و قسەیان لەسەر بکات، چونکە نالوێ تۆ لە گۆڤارێکدا بابەت بڵاوبکەیتەوە کە تایبەت بێت بە (زمانناسی) و هەڵەی وا بکەیت کە (وتار) و (لێکۆڵینەوە) لێکهاوێر نەکەیت. هەر لە ناونیشانی نووسینەکەی ئەو بەڕێزەوە هەڵەیەك هەیە کە لەڕووی زمانەوانییەوە دەبێ بیخەمەڕوو، چونکە من پرسیارم لە

بەڕێزیان نەکردووە تا ئەو بێت بنووسێت (وەڵامێك بۆ نووسینەکەی سەباح مەجید). لێرەوە دەمەوێ بچمە ناو کرۆکی باسەکەوە و هەڵەکان بۆ ئەو نابەڵەدە روونبکەمەوە. بەر لە هەر شتێك ئەو نووسینەی هیرانی هیچ پەیامێکی تێدا نییە، ئێمە لە لێکۆڵینەوەکەماندا پەیامی خۆمان گەیاندووە و خوێنەرانیش دەتوانن بگەڕێنەوە سەر لێکۆڵینەوەکە لە ژمارە (4و5) گۆڤاری (زماننناسی)، چونکە نالوێ لێرەدا شتەکان دووبارە بکەینەوە. بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بکەم کە هەڵەی هەرە گەورەی ئەو بەڕێزە ئەوەیە کە نووسینەکەی هیچ پەیامێکی تێدانییە، چونکە تۆ کاتێك قسە لەسەر زمان دەکەیت، ئەوە لە کایەیەکی زانستیدا کاردەکەیت و دەبێت پەیام هەبێت لەپێناو بەرهەم، کەچی نووسینەکەی ئەو تەنها نەرێکردنەوەی بۆچوونەکانی ئێمەیە لەسەر رێزمانی قوتابخانەکان، بەمەش ویستویەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە کەمبەها پیشان بدات. ئێمە هەرچی بۆچوونێکی تازەمان خستبێتەڕوو ئەو تەنها و تەنها نەرێیکردۆتەوەو دارێکیشی نەخستۆتە سەر بەردێك و هیچی پێنەبووە تا وەك زیادەیەك بیخاتە سەر لێکۆڵینەوەکە، تەنها ئەوە نەبێت کە هەندێك پەندی پێشینان و هەقایەت و هۆنراوەی نووسیوە، کە ئەمانە هیچ پەیوەندییەکیان بە نووسینەکەی ئێمەوە نەبووە، وادەزانم کە ئەو پەندی پێشینان و مەتەڵ و هەقایەتانەی تەنها بۆ ئەوە نووسیوە کە خۆی واپیشان کە پەندی پێشینان و مەتەڵ و هەقایەت دەزانێت، کاکی برا من دەستخۆشیت لێدەکەم کە ئەم شتانە دەزانیت، بەڵام ئێمە قسە لەسەر بابەتێکی فۆلکلۆری ناکەیت تا تۆ بێیت ئەو شتانە بنووسیت، ئێمە لەچوارچێوەی زمان قسە دەکەیت، کەواتە لە کایەی زانستدا قسەدەکەین. هەرچەندە تێبینی زۆرم لەسەر پەند مەتەڵ و هەقایەتەکانی هەیە، بەڵام لێرەدا جێی ئەوە نییە کە باسیان بکەم. وێڕای ئەمانەش هۆکاری سەرەکی بوونی ئەو هەموو هەڵە گەورەیەی کە ئەو برایە تێیکەوتووە، بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە کەسێکی کۆنخواز (نوستالیژی)ە و دووچاری حاڵەتی دۆگمایی هاتووە، ئەو هەر ئەوەندەی کە پێیەتی بەڕاست و دروستی دەزانێت و هیچ بۆچوون و شتێکی نوێ وەرناگرێت، چونکە کەسانی دۆگما دووچاری چەقبەستوویی عەقڵ دەبنەوە، ئەو نوێنەرایەتی دەسەڵاتی باوکسالاریی دەکات و هەرگیز لەگەڵ بۆچوونە نوێکانی

نەوەکانیدا نییە، هەموو شتێك کە بۆنی نوێگەری لێبێت ئەو بەدوژمنی خۆی دەزانێت، بۆیە کاتێك لە نووسینەکەی ئێمەدا بەرچنەیەك بۆچوونی نویێ و تازە دەربارەی رێزمانی قوتابخانەکان دەبینێت، ئیدی شەڕی ئەو دەست پێدەکات، بۆیەش بەر لە هەر کەسێك ئەو هاتووە بەحیسابی خۆی (بەرِێکی خستۆتە مزگەوت). ئەو بەرِێزە دۆنکشیۆتانە رەفتاری کردووە و هاتووە بە بۆچوونە کۆنەکانەوە رووبەڕووی بۆچوونە نوێکان بۆتەوە، بۆیە پیس تێکشکاوە و دووچاری هەڵەی گەورە گەورە بۆتەوە. یەکێك لە هەڵەکانی ئەو بەرِێزە ئەوەیە کە تا ئێستا رەگی کار (کە ئەو بە رەگی چاوگ ناوی بردووە) لە چاوگ و قەدی چاوگ جیاناکاتەوە. وەك نووسیویەتی: (خوێندنگە- یاریگە- دانیشگە- ئارایشگە- پارێزگە- پەرستگە- فرۆشگە- لەبەرئەوەی -گە- پاشگرە دەچێتە سەر رەگی چاوگ و واتایان دەگۆڕێت..هەروەها دەچێتە سەر ناو و واتای شوێن دەگەیەنێ وەك: مەلەوانگە- پاوانگە- سەیرانگە) تۆ سەیری ئەم نەزانییە بکە! ئەو (خوێندن) و (پەرست) و (یاری) بە رەگی کار دادەنێت. ئەوە لەکاتێکدا گەر لە قوتابییەك بپرسی پێتدەڵێت کە (خوێندن چاوگە) و (پەرست قەدی چاوگە کە لە پەرستن وەرگیراوە. ئەو دەڵێ: (-گە- پاشگرە دەچێتە سەر رەگی چاوگ و واتایان دەگۆڕێت) کەچی خۆی نموونەی هێناوەتە کە پاشگری (گە) چۆتە سەر چاوگی (خوێندن) و چۆتە سەر(پەرست) کە قەدی چاوگە و چۆتە سەر ناوی (یاری)! سەیری نموونەکانی بکە (خوێندنگە، پەرستگە، یاریگە) بەڕاستی سەیرە! ئەو هاتووە باس لەوە دەکات کە پاشگری (گا) هەڵەیە و دەبێ بنووسرێت (گە)، ئەمە کەی ئەو کێشەیە کە من لە لێکۆڵینەوەکەمدا باسیم کردووە؟ کەی کێشەیە گا یان گە بەکاربێت، هەرچەندە کە (گا)ش راستترە با بزانیت، چونکە جگە لە تۆ و هاوشێوەکانت کەس ناڵێت (پارێزگەی هەولێر) هەمووان دەڵێت (پارێزگای هەولێر). جگە لە تۆ و هاوشێوەکانت کەس ناڵێت (فرۆشگە یان دانیشگە یاخود پەرستگە) بەڵکو هەر دەلێن (فرۆشگا، دانیشگا، پەرستگا). بەڵام من لەو بەرێزە دەپرسم کە تۆ جارێ نازانیت پاشگری (گا) دەچێتە سەر چی و چۆن بەکاردێت، ئیدی چۆن هاتوویت رەخنە بگریت و زاتی ئەوەت کرد دار لە شارە زەنگەسۆرە وەربدەیت؟

دواتر ئەو بەرێزە بەڕێزەوە دەپرسێت (ئەگەر زمان نەبێت، نەتەوە لە کوێوە دێت؟) ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە و بەڕاستی لە قسەی کەسێك دەچێت کە بەژیانی دوو بابەتی دەربارەی زمان نەخوێندبێتەوە، من بەزەییم بە کەسێکدا دێتەوە کە چەندین ساڵ مامۆستا بووبێت و چەندین ساڵ سەرپەرشتیاری پسپۆریی زمانی کوردی بووبێت و ئێستاش خانەنشینکرابێت و کەچی هەڵەی وا زەق بکات! زۆر بەداخەوە، بەڕاستی هەر ئەو جۆرە مامۆستا و سەرپەرشتیارانە هۆکاری ئەو هەموو هەڵە و ناڕێکییەن کە لە پەرتووکی رێزمانی قوتابخانەکاندا بەدی دەکرێن، ئاخر ئەم جۆرە مامۆستا و سەرپەرشتیارانە بەم بۆچوونە سەقەتانەیانەوە بوونەتە هۆی ئەوەی کە زمانی کوردیش لەبەرچاوی رۆڵەکانی ئەو گەلە ستەمدیدەیە بخەن. کاکی برا پێمخۆشە دیسان جارێکی تر سەیری ئەم رستەیەی خۆت بکەیتەوە و لێی وردبیتەوە، بزانە هیچ عەیبێکی نییە؟ ئاخر چاوی چاوم (وابزانم ئەمە کەبایخانەیەکیشە لە هەولێر) تۆ پێتوایە نەتەوە لە زمانەوە دێتەبوون؟ نەخێر کە وانییە!! بابزانیت ئەگەر مرۆڤ نەبێت زمانیش نابێت. ئەگەر ئادەم (سلاوی خوای لەسەر بێت) سەرەتا نەبووایە ئەوە خودای گەورە ناوەکان (شتەکان)ی فێر نەدەکرد. ئەگەر دەتەوێت راستییەکە بزانیت ئەوە قسەکەی خۆت لنگەوقوچ بکەرەوە ئەوکاتە پێتدەڵێم دەست خۆش ئەم بۆچوونەت راست و دروستە، بۆیە (هەتا کەس نەیزانیوە و نەیبینیوە) رستەکەت وا بنووسەرەوە (ئەگەر نەتەوە نەبێت، زمان لە کوێوە دێت؟) ئەوکاتە دەستخۆشیشت لێدەکەم. دوای ئەمەش راستەخۆ ئەو بەڕێزە نووسیویەتی: (مێژوو دەری دەخات ئەو نەتەوانەی داگیرکراون بەهەر هۆیەك بێت..ئابوری، رامیاری، ئاییني،...زمانیان نەماوە و سڕاوەتەوە و لەژیانی کاروانی ئەم خەباتەی رۆشنبیران هەر لەسەردەمی بەردرخانییەکانەوە تا دامەزراندنی دەوڵەتی سوریا و لوبنان لە ساڵی 1947 نەپساوەتەوە. لەو کاتەشدا چەندەها گۆڤار و رۆژنامەیان دەرکرد خزمەتی رێزمان و زمانی کوردییان پێ کردووە). ئەم پەرەگرافە بەڕاستی سەیرە و سەمەرەیە! چونکە باسی ئەوە دەکات مێژوو ئەوە دەردەخات کە ئەو گەلانەی داگیرکراون زمانیان نەماوە و سڕاوەتەوە، کەچی باسی خەباتی بەدرخانییەکانی کردووە؟! ئینجا باسی دامەزراندنی دەوڵەتی سوریا و

لوبنــانی کــردووە؟! پاشــانیش دەڵــێ چــەندین گۆڤــار و ڕۆژنامــەیان دەرکردووە! بەڕاستی ئەم پەرەگراڤەی ئەو بـەڕێزە هـیچ مانایـەکی نییـە! لەبەرئــەوەی تاسەرئێــسقان کۆنخــوازە، بۆیــە بۆچــوونە نوێکــانی ئێمــە تەنگیانپێهەڵچنیوە و لەئەنجامیشدا بەمشێوەیە تێیکەتووە، کاکی برا بـەس گــەلی کــورد داگیرنــەکراوە، دواتــر زمــانی کــوردیش نەســڕاوەتەوە و لەناونەچووە، ئیدی تۆ نازانم بـاس لـە چـی دەکـەیت؟ ئەگـەر لـە خـەوێکی شیریندایت ئـەوە (تکـات لێدەکـەم) باشـتروایە بـەئاگابێیت و بزانیـت چـیت نووسیوە؟! لەبەرئەوەی زۆر حەز بە پەندی پێشینان و مەتەڵ و هەقایەت دەکەیت بۆیە پێمخۆشە جار بەجار پەندیسێکی پێشینانت بۆ بنووسم، بۆیـە پێت دەڵـێم: (ئـاش لـە چ خـەیاڵێك، ئاشـەوان لـە چ خـەیاڵێك). یـان (کـەر لەکوێ کەوتووە و کورتان لە کوێ). دواتـر ئەگـەر پێتوایـە لـەم سـەردەمی تەکنەلۆژیایــە و جیهانگیرییــەدا زمــانی کــوردی مرترســی لەناوچــوونی لێدەکرێت، ئەوە پێتدەڵێم: تۆ خەمی ئەوە مەخۆ چاوەکەم، چـونکە زمـانی کوردی لەناوبچێت، نەخێر خاتر جەم بە کـە زمـانی کـوردی بـەهیچ جۆرێـك لەناوناچێت، ئەم سەردەمە سەردەمی جاران نییە و دونیا گۆڕاوە ـ بەڵام تـۆ کە هەروەك خۆت ماوییەوە، ئـەوە هـەقی خۆتـە لـەوە بترسـیت کـە نـەبادا زمــانی کــوردی لەناوبــچێت، چــونکە ئــەمڕۆ (خوانەخواســتە) هــەرێمی کوردستانیش داگیربکرێتەوە، ئەوە زمانی کوردی لەناوناچێت، چـونکە بـە ملیۆنەها کورد لـە سـەرتاپای جیهانـدا بوونیـان هەیـە و ئـەمڕۆ بەهـەزارەها ماڵپەڕی کوردی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەیـە کـە لـەدەرەوەی کوردسـتان کاردەکەن، بۆیە مەگەر تەنها لافـاوێکی هاوشـێوەی لافاوەکـەی سـەردەمی (نوح) پێغەمبەر (سلاوی خوای لێبێت) رووبداتەوە ئەگـەرنا زمـانی کـوردی لەناوناچێت و پێویست بەوەش ناکات کە چیتر تۆ و کەسـانی وەك تـۆ بـەم بیانووە بێمانایە (وتەنیات)مان بەسەردا بفرۆشن.

لە بەشـێکی دیکـەی نووسـینەکەیدا ئـەو بـەڕێزە هـاتووە بۆچـوونەکانی ئێمـەی لـەبارەی پێکهاتـەی وشـەی ڕێزمانـەوە خـستۆتەڕوو و بـە ناڕاسـتی زانیــون، بــەڵام بۆخــۆی هــیچ بۆچــوونێکی نییــە و هیــچی پێنــەبووە تــا بیخاتەڕوو، ئەمەش هەڵەیەکی دیکەی نووسینەکەیەتی. هـەروەها لـە باسـی یاسا و دەستوورەکانی زماندا ئەو بەرێزە بۆچوونەکانی ئێمەی بە سـەقەتی

خستۆتەڕوو و هەر بە دەستی ئەنقەست چەقۆکاریی کردوون ، بەمەش ویستویەتی واپیشان بدات کە ئێمە هەڵەمان کردووە، کەچی ئەگەر خوێنەران لێکۆڵینەوەکەی ئێمە بخوێننەوە ئەوە شتەکان زۆر روون و ئاشکرا دەبن لەلایان، بۆنموونە ئێمە گوتومانە کە (هەر زمانێك کۆمەڵێ یاسا و دەستووری خۆی لە هەناوی خۆیدا هەلگرتووە، هەربۆیەش مرۆڤەکان بەشێوەیەکی خۆکارانە یاسا و دەستوورەکانی زمانی خۆیان بەوپەڕی راستی و دروستییەوە بەکاردێنن) بەلاّم باسیشمان لەوە کردووە کە (زمانەوانەکان لەپێناو ئاشنابوونی هاوزمانانیان بەیاسا و دەستووری زمانەکەیان کاردەکەن و شەونخونی دەکێشن..ئەمەش بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، بەتایبەتیش بۆ ئێمەی کورد هەر زۆر گرنگە، چونکە ئێمە گەلێکین کە تاکو ئێستا قەوارەیەکی سەربەخۆمان نییە و تا ئێستاش هەوڵ و هەڕەشەکان بەمەبەستی لەناوبردنی زمانەکەمان لەئارادایە.. بۆیە هەرچەندە کە مرۆڤ –وەك ئاماژەمان بۆکرد– هەموویان لە قسەکردندا بێکێشە و هەڵەی رێزمانی مامەڵە لەگەڵ زمانی خۆیان دەکەن، بەلاّم ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئیدی ئێمە دەست لەئەژنۆ دانیشین و دەستبەرداری رێزمان و دەستنیشانکردنی یاسا و دەستوورەکانی زمانەکەمان بین، نەخێر..بەڵکو ئەمە لەم قۆناغەی ئەمڕۆماندا ئەرکێکی نیشتمانی گەورەیە) بەلاّم ئەو بەدەستی ئەنقەست ئەمەی پەڕاندووە. ئەمەش لە نووسیندا بە چەواشەکاری دادەنرێت و عەیبێکی گەورەشە؟! بەتایبەتی بۆ کەسێك کە پرچی خۆی لەناو وانەگوتنەوەی زمانی کوردی سپی کردبێت، بەلاّم دیارە ئەو بەرێزە پرچی لەبەر هەتاو سپی کردووە، بۆیە جاریَ شارەزایی لە بنەماکانی نووسین نییە، جا کەسێك بەمشێوەیە بێت دەبیَ قوتتبییەکانی لە بابەتی دارشتن تا چەند سوودیان لیَ وەرگرتبێت؟! خوێنەران دەتوانن بگەڕێنەوە سەر لێکۆڵینەوەکەم و ئەمە بەدوور و درێژی بخوێننەوە. دوای پەڕاندنی ئەو پەرەگرافەش ئەو وتەیەکی ئێمەی نووسیوەتەوە بەناوی خۆیەوە! ئەوەتە سەیری بکە (کەوایە با زمانەوانەکان دەست لە ئەژنۆ دابیشن). ئەمە هەمان ئەو قسەیەی ئێمەیە کە لەو پەرەگراڤەدا نووسیومانە، بەلاّم ئەو شێواندوویەتی بە لایەکی دیکەیدا بردووە. بەلاّم ئەو

بەڕێزە مادام ئەوەندە عەشقی پەندی کوردییە دەبووایە ئەم پەندەشی بخوێندبایەوە کە دەڵێ (بەری رۆژ بە بێژینگ ناگیرێ).

یەکێك لە سەیر و سەمەرەکانی دیکەی نووسینەکەی ئەو بەڕێزە ئەوەیە کە دەلێ (فێرکردنی ئەلفبا هیچ پەیوەندی ناگەڕێتەوە سەر بابەتەکانی رێزمان) رێزم بۆ ئەم برایە هەیە، بەلاّم جارێ پێش هەموو شت رستەکەی هەڵەیە و گرێ و گۆڵی تێدایە، ئەگەر جارێکی ئەم قسەیەی دووبارە کردەوە پێمباشە بە گوێی برا بچووکی خۆی بکات و بنووسێت (فێرکردنی ئەلفبا هیچ پەیوەندی بە بابەتەکانی رێزمانەوە نییە)، بەلاّم ئەو ئازادە دەشتوانێت (هەر لەسەر یاسینی گۆلکێ بێت)، بۆیە پەندی پێشینان بەکاردێنم، چونکە دیارە وا باشتر تێدەگات، ئەگەرنا من پەند لە نووسینی بابەتێکی رێزمانی بەکارناهێنم، ئەوجا با هەڵەی گەورە لەم رستەیەی ئەو بەڕێزە دیارییبکەم، ئەو دەڵێ ئەلفبا پەیوەندی بە بابەتی رێزمانەوە نییە، جارێ دەترسم مەبەستی لە ئەلفبا ئەو (ئەلفبا)یە بێت کە گۆڤارێك بوو لەسەردەمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ دەردەچوو، چونکە ئەگەر مەبەستی لەو گۆڤارە بێت ئەوە رەنگە قسەکەی هەندێك راستبێت، بەلاّم وابزانم مەبەستی لە ئەلفبا پیتەکان و دەنگەکانی زمانە، بەڕاست هەرواشە، بەلاّم پێمخۆشە بزانیت کە ئەلفبا پەیوەندییەکی ریشەیی بە رێزمانی کوردییەوە هەیە، چونکە ئەگەر پیت نەبێت تۆ تەنانەت ناتوانی بنووسیت (ئەحمەد هیرانی)ش، تۆ ئەو پیتانەی ناوی خۆت بدە بە من و ئینجا ناوی خۆت بنووسە! ئەوکات منیش بە دوعایەکەت دەڵێم ئامین. بەبێ پیت ناتوانیت هیچ وشەیەك بنووسیت، ئایا لەخۆت نەپرسیوە نووسینە سەقەتەکەی خۆت لەچی پێکهاتووە؟ کاکی برا پیت بچووکترین یەکەی زمانە، ئیدی چۆن هەڵەی وادەکەیت و دەڵێی پەیوەندی بە رێزمانەوە نییە، باشە کەوابێت ناوێکی تایبەتی، ناوێکی گشتی، ناوێکی کۆمەڵ، جێناوێك، هاوەڵناوێك، هاوەڵکارێکم بۆ دروست بکە، بەلاّم پیتی تێدانەبێت، بەڕاستی برا (ئاسنی ساردت کوتراوەتەوە)، بەداخەوە، باوەڕبکە بەزەییم بەو قوتابییانەشدا دێتەوە کە تۆ رۆژێك لەرۆژان رێزمانت پێگوتوون، بەزەییم بەو مامۆستایانەشدا دێتەوە کە تۆ رۆژێك لە رۆژان سەرپەرشتیاریان بوویت، بەڕاستی ئەم کوردستانە جوانەی ئێمە گوناهە، زۆریش گوناهە!!

لە هەمووان سەیرتر دوای ئەم رستەیە هەر خۆی پەشیمان دەبێتەوە دەڵێ: (ئەلفبا بناغەی فێربوونی هەموو زمانێکە) تەمەرخان ترێی هێنا؟؟؟!!

ئەو بەڕێزە ئەوەی هاتبێتە سەر زمانی کردوویەتی بە نووسین و نەیگەڕاندۆتەوە، بۆیە زۆربەی کات لە کرۆکی باسەکان دووردەکەوێتەوە، ئەوەتە ئەمجارە بایداوەتەوە سەر گەندەڵیی و دەڵێ: (تا ئێمە مابین لە ژیاندا هەر دەبێ لەژێر بێگاری و گەندەڵی بناڵێنین) ئێمە باس لە رێزمان دەکەین و ئەو بەڕێزەش یەخەی گەندەڵی گرتووە! خۆزگە بۆچوونەکەشی راستبا، بەخوا ئەوکات ئاماژەم پێنەدەکرد، بەلاَم لەبەرئەوەی تەنانەت لە باسی گەندەڵیشدا بەهەڵەداچووە، بۆیە بەئەرکی خۆمی دەزانم کە هەڵەکەی بۆ راست بکەمەوە، چونکە ئەو زۆر بە رەهایی باس لەوە دەکات کە ئێمە هەتا لەژیاندا بین دەبێ بەهۆی گەندەڵی بناڵێنین! ئێ باشە تۆ چوزانی ئێمە هەتا هەبین هەر وادەبین؟ ئایا تۆ عیلمی غەیبت پێیە؟ کاکی برا رەهایی لە هیچ شتێکدا نییە، ئەمەش زمانی نووسین نییە و نالوێ لە نووسیندا بەو رەهاییە قسەبکەیت. هەروەها لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێ: (ئەو گەندەڵییە ناقۆلاَیە..قەت بنبڕناکرێت). باشە کاکی خۆم هەر وا تێبگە و دانیشە لەسری خۆت بدە!

هەروەها ئێمە لە لێکۆڵینەوەکەماندا کە (رێزمانی قوتابخانەکان)مان بەکارهێناوە روونمان کردۆتەوە کە مەبەستمان لەو رێزمانانەیە کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا دەخوێنرێت و چەندین جار جەختمان لەسەر کردۆتەوە، کەچی ئەو هەمان قسەی ئێمەی دووبارە کردۆتەوە و دیسانەوە نووسینەکەی ئێمەی چەواشەکردووە (دەتوانن بگەڕێنەوە سەر لێکۆڵینەوەکە و ئەوکات خۆتان شایەت بن). ئەو بەڕێزە لە یەك شتەدا راستی فەرمووە، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێ (نووسیویە –پەرتووك– ئەمە پەرتووك نییە) من شایەتی بۆ دەکەم ئەمەی راستە و ئێمە هەڵەین، بەلاَم با ئەو برایە بزانێت هەڵەکە چۆن بووە، بەڕێزان لە گۆڤاری (زمانناسی) ئەو لێکۆڵینەوەی من بەشێوەی پەرتووك چاپدەکەن، بۆیە کە نووسینەکەم بۆیان نارد من نووسیبووم (پەرتووك)، بەلاَم کە لە گۆڤارەکەدا بلاَوکرایەوە ئەم (پەرتووکە) دەبووایە بکرابا (لێکۆڵینەوە)، بۆیە پێمخۆشە ئەوە

بزانیت، چونکە دیارە زۆر دڵت پێی خۆشبووە و بۆیەش لە چەندین جار ئەمەت دووبارە کردۆتەوە!

ئەو بەڕێزە پێیوایە ئەگەر مامۆستا پارێزەر و بەرگریکاری قوتابییان بێت ئەوە هەڵەی کردووە! بۆیە کاتێك دەبینێت ئێمە پارێزەر و بەریگاری قوتابییان نین ئەوە بەرۆکمان دەگرێت و زەرزەنشتمان دەکات (هەر باشە هەڕەشەی لێنەکردووین)، ئەوەتە دەڵێ (بەرێزتان وەك پارێزەرێك لە مافی قوتابییان و بەرگری کردن لێیان...زۆر جێی داخە) من بەتۆ دەڵێم : زۆر جێی داخە چەندین ساڵ مامۆستا و سەرپەرشتیار بوویت و وەك من خۆت بە پارێزەری قوتابییان و بەرگریکار لە قوتابیان دانەنا! بەداخەوە، چونکە مامۆستا دەبێت هەمیشە پارێزەری قوتابییان بێت و بەرگریان لێبکات، ئەگەر وانەکات ئەی چی بکات؟ ببێتە دوژمنیان؟ پشتیان بشکێنێت؟ بەڕاستی من شانازی بەوە دەکەم کە (تۆ) من بە پارێزەری قوتابییان دادەنێیت و بە بەرگریکار لە قوتابییانی خۆشەویستم لە قەڵەم دەدەیت و ئەو شایەتیەم بۆ دەدەیت، بەلاّم جێی داخە کە (خۆت) خۆتت بە پارێزەری قوتابییان و بەرگریکار لە مافەکانیان نەزانیوە. رەنگ بێت ئەمەش هەر پەیوەندی بەو باوکسالارییەوە هەبێت کە سەرەتا ئاماژەم بۆ کرد، چونکە لەژێر سایەی باوکسالارییدا خەونی دایکەکان و فەرزەندەکان دەپلیشێنەوە، بۆیەش هاتوویت قەسەی فەیلەسوفێکت هێناوە کە دەڵێ (مرۆڤ نابێ بەدوای سێ شت رابکات وەك (ژن، پاس، رێزمان) ئەمە بۆچوونێکە کە تاسەرئێسقان باوکسالاریی تێدایە، چونکە بەپێی ئەم وتەیە (کە من زۆر بەسەقەتی دەیبینم با قسەی فەیلەسووفێکیش بێت) پیاو نابێت بەهیچ شێوەیەك بەرەو رووی ئافرەت بچێت و ئاوری لێبداتەوە و گوێ لە خواست و داواکانی بگرێت و بەزەیی پێیدابێتەوە و . ...هتد) بەلاّم ئەمە هەڵەیە و من بەهەڵەی دەزانم. وێڕای ئەمەش بەپێی وتەی ئەو فەیلەسووفە کە دیارە زۆر پێی سەرسامی تۆ هەرگیز بەدوای ئەوە نەبوویت کە روو لە فێربوونی رێزمان بکەیت و هەوڵبدەیت شت لەبارەی رێزمانەوە بزانیت و بەدوای بابەتەکانی رێزماندا رابکەیت! چونکە ئەوەتە خۆت نووسیوتە مرۆڤ نابێ بەدوای ژن و پاس و رێزماندا رابکات!! ئەوە من نەمنووسیوە! دووبارە بخوێنەوە بزانە وایە یان نا، جا لەبەرئەوەی بەدوای رێزماندا راتنەکردووە و

ماندووبوون و شەکەتیت نەبینیوە، بۆیە ئەو هەموو هەڵەیە گەورەت کردووە کاکی خۆم، بەقسەی من بکە و ملی شەیتانی بشکێنە و لەمەودوا بەدوای رێزماندا رابکە و ئەو وتەیەی ئەو فەیلەسووفە کاڵفامەش لەبیری خۆت بەرەوە.

بەڕاستی ئەو بەرێزە ئەوەندەی هەڵە کردووە، کە فریا ناکەوم و نازانم کامەیان پێش ئەوەی تر بخەمەڕوو! ئەوەتە کاتێك ئێمە باسی ئەوە دەکەین کە لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردیدا و لەسەرجەم قۆناغەکاندا تا ئێستا تاکە پێناسەیەکی رێزمانیش نەکراوە، کەچی ئەو هاتووە دەڵێ: (رێزمان چەندەها پێناسەی جۆراوجۆری هەیە، وەك لە خوارەوە دەیان نووسین) ئینجا هاتووە چوار پێناسەی نووسیوە کە هی خۆیەتی! ئێمە باس لە پەرتووکی قوتابخانە دەکەین ئەو هاتووە لەخۆوە پێناسەی رێزمانی کردووە؟! بەڕاستی سەیرە! دیسانەوە خۆزگە پێناسەکانیشی راست بووانایە ـ بەڵام بەداخەوە دیسان خراپ تێیکەتووە! (ئەمجارە من دەریناهێنم و با بەدوای رێزماندا رابکات تا خۆی دەربهێنێت)، دوای ئەوەی پێناسەکانی نووسیوە، دەڵێ: (دەتوانم چەندەها پێناسەی تر دابڕێژم) بەڕاستی ئەمە مایەی پێکەنینە، چونکە ئێمە باس لەوە دەکەین لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی سەرجەم قۆناغەکاندا پێناسەی رێزمان نەکراوە، کەچی ئەو بەڕێزە بەوە دەنازی کە چوار پێناسەی سەقەتی هێناوە و دەتوانێت چەندەها پێناسەی تر دابڕێژێت؟؟!!

ئێمە لە لێکۆڵینەوەکەماندا ئاماژەمان بەوەکردووە کە نابێت رێزمان و ئەدەب تێکەڵ بەیەکتری بکرێن لە قۆناغەکانی خوێندندا (چونکە ئەدیبان بەگشتی و شاعیران بەتایبەتی لە نووسینی تێکستی ئەدەبیدا رێزمان تێکدەشکێنن)، ئەم بەڕێزە جگە لەوەی کە گوتویەتی من لەگەڵ ئەم رایەدا نیم، هیچ دیکەی نەگووتوە، تەنها ئەوە نەبێت کە لە (تێکشکاندنی رێزمانی) نەگیشتووە و وایزانیوە کە(چۆن منداڵێکی لاسار پەنجەرە دەشکێنێت) ئەدیبان و شاعیرانیش زمان دەشکێنن؟! کاکی برا ئەگەر هەندێك شارەزاییت لەبارەی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی هەبووایە ئەوە لە تێکشاندانی رێزمان دەگەیشتیت، چونکە با پێت بڵێم هەرچەند زیاتر شاعیر رێزمان تێکبشکێنێت ئەوەندە داهێنەرترە. پێمخۆشە (ئەگەر بەپیریش

بچیتە بەر هەویری) ئەوەندە بزانیت کە زمان لە کایەی کۆمەڵایەتیدا جیایە لە زمان لە کایەی ئەدەبدا. لەکایەی کۆمەڵایەتیدا زمان هەم (دال)ە و هەمیش (مەدلول). بەواتایەکی دیکە لە کایەی کۆمەڵایەتیدا زمان هەم (گواستنەوە) و هەمیش (مانا)ی تێدایە. بەڵام لە کایەی ئەدەبدا زمان تەنها (دال)ە و (مەدلول) خوێنەر جێدەڵێرێت، بەواتایەکی دیکە لە کایەی ئەدەبدا زمان تەنها (گواستنەوە)ی تێدایە و دەبێت خوێنەر خۆی بەدوای (مانا)دا بگەڕێت. ئەمەش بەوە مەیسەر دەبێت کە ئەدیبان و شاعیران زمان تێکدەشکێنن و سەرلەنوێ زمان بەشێوەیەك بونیات دەنێنەوە کە خۆیان دەیانەوێت نەك من و تۆ. بۆیە لە کایەی کۆمەڵایەتیدا زمان ئاماژە بۆ کۆمەڵ دەکات، بەڵام لە کایەی ئەدەبدا زمان ئاماژە بەخۆی دەکات، بۆیەشە کە زمانی ئەدەب بە زمانێکی نێرگسی دادەنرێت، ئەمڕۆ لە هەموو جیهاندا ئەدیبان بەمشێوەیە مامەڵە لەگەڵ ژانرە ئەدەبییەکاندا دەکەن، بەڵام کەسانێکی کۆنخواز و دۆگما تائێستا لەناو کوردا هەن کە پێیانوایە (بشفرێت هەر بزنە)، کە باس لە تێکشکانی ڕێزمان دەکەین ئەوەیە مەبەستمان، بەڵام هەڵبەت کە کەسێك شارەزایی لە ئەدەبی نوێ نەبێت، هەر بەوشێوەیە تێیدەگات کە تۆ تێیگەیشتوویت، ئێمە قسە لەسەر شکاندنی پەنجەرە و دەرگا ناکەین ئەزیزەکەم.

دواتر ئەو بەڕێزە تۆمەتێکی بە گۆڤاری (زمانناسی)یشدا کردووە، ئەوەتە خۆی دەڵێ: (ئەو خەمە دەمکوژێت و چۆن لە گۆڤاری زمانناسی قسەی هەلەق و مەلەق بلاوبێتەوە..قسەی بێ بنەما و بێ لێکدانەوە ئەمەیان گوناهێکی زەبەلاحە) سەیرە دیارە ئەو بەڕێزە قسەکانی خۆی بە هەلەق و مەلەق دەزانێت بۆیە وادەنووسێت، چونکە ئەگەر گۆڤاری (زمانناسی) شوێنی بلاوکردنەوەی قسەی هەلەق و مەلەق بێت ئەوە خۆ ناگونجێت قسەی خەڵکی هەلەق و مەلەق بن و هی خۆی زێڕ و زیو، دیارە قسەکانی خۆشی هەر بە هەلەق و مەلەق زانیوە بۆیە لە (زمانناسی) بلاوی کردوونەتەوە؟!

شتێکی دیکەی سەیر و سەمەرە لە نووسینەکەی ئەو بەڕێزە ئەوەیە کە ئێمە دەڵێین لە کۆمەڵەزمانی هیندۆ ئەورووپی شیکردنەوە نییە) ئەویش نەدەڵێ وایە نە دەڵێ وانییە، باسەکەی گۆڕیوە و هاتووە باسی ئەوەی

کردووە کە زمانی فارسی زمانێکی دەوڵەمەندە و سوودی زۆری لە زمانی عەرەبی وەرگرتووە، کەچی بە یەك وشەش باسی شیکردنەوە ناکات. بەلاّم کە بەرپەرچی ئێمەی داوەتەوە سەبارەی بەوەی کە ئێمە پێمانوایە (شیکردنەوە پێویست ناکات) دیسانەوە نووسینەکەی ئێمەی شێواندووە و وەك خۆی نەگواستۆتەوە، بەڵکو چەقۆکاریی کردووە، چونکە ئێمە لە لێکۆڵینەوەکەماندا ئاماژەمان بەوە کردووە کە (مەبەستمان ئەوەیە کە نابێت چیدیکە وەك عەرەبەکان مامەڵە لەگەڵ شیکردنەوەدا بکەین. ئەگەر سەیری زمانی ئینگلیزی بکەین، دەبینین شتەکان زۆر سادە ساکار و کاڵن، کەچی زمانی ئینگلیزی لە تەواوی جیهانیشدا بەپلەی یەکەم دێت! با ئێمەش شتەکان بە سادە و ساکاری بۆ قوتابیانمان بخەینەڕوو، نەك شتەکانیان لەسەر سەخت و قورس بکەین و زمانی کوردیشیان لەبەرچاو بخەین) بەلاّم ئەو دیسانەوە ئەو پەرەگرفەشی قرتاندووە، چونکە ئەگەر ئەو پەرەگرافەی بنووسیبا ئەوە دەیزانی ئەوکات (کەس ناڵێ کەرت بەچەندی)، بەڕاستی ئەم هەوڵە قێزەونانە نابێت بەهیچ شێوەیەك لەکەسانێك ئاشکرابکرێن کە لەبواری پەروەردە و فێکردندا کاریان کردبێت یان کاردەکەن، چونکە ئەمە راسپاردەیەکی زانستییە و دەبێت وەك خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. پاشان هەر لەبارەی شیکردنەوە ئەو بەڕێزە دەڵێ: (شیکردنەوە بڕبڕە و کڕکڕاگەی پشت ئەستووری فێربوونی هەر زمانێکە لە گێتیدا) لەڕاستیدا ئەمە هەڵەیەکی دیکەیە کە ئەو خۆ بەزماننناسە تێیکەتووە، چونکە هەموو زمانەکان شیکردنەوەیان تێدا نییە، تا بەو رەهایی و سەد دەرسەدییە ئەو قسەیە بکات، دواتر شیکردنەوە نە بڕبڕە و نە کڕکڕاکە و نە قونەجۆرەی زمانە، شیکردنەوە ئەوەیە تۆ بەوپەڕی سادە و ساکاری شتەکان شیبکەیتەوە نەك وەك لە رێزمانی قوتابخانەکاندا باوە و تۆ پێت راستە.

لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەیدا ئەو بەڕێزە بە رقوکینەوە رەخنەی ئاراستەکردوون لەبەرئەوەی گوتومانە لە پەرتووکی قوتابخانەکاندا نابێت بەهیچ شێوەیەك هەڵەی چاپ هەبێت (چونکە بوونی ئەو هەموو هەڵەی چاپە..شتێکی نەشیاو و ناپەسندە) بەلاّم ئەو هەڵەی چاپ (بەهەندێ شتی لاوەکی) ناودەبات، دیارە هەڵەی چاپ لای ئەو هیچ کێشەیەك بۆ قوتابییان

دروست ناكات، بەلاَم من لێیدەپرسم ئەگەر وشەی (كەڕ) ئەو حەوتەی ژێر (ر)ی لێ لابەرین چی ڕوودەدات؟ نابێت بە (كەر)؟ ئایا ئەمە شتی لاوەكییە؟ یان تەقلەلێدانە بە وشەی (كەڕ)؟ برا بە گۆڕینی (ڕ)یەكی قەڵەو بۆ (ر)یەكی لاواز تۆ مرۆڤێك كە خودا ڕێزی لێناوە دەكەیت بە (كەر)، ئیدی چۆن ئەمە شتی لاوەكییە؟ ئەی ئەگەر وشەی (كووڕ) بە یەك (و) بنووسین ئەوسا نابێت بە (كوڕ)؟ ئەی چۆن ئەمانە شتی لاوەكین، ئەمە جگە لەوەی كە لە وانەكانی بیركاری و فیزیا و كیمیا هەڵەپ چاپ هەر مەپرسە چ گۆبەندێكی بەدواوەیە. بۆیە هەڵەی چاپ شتی لاوەكی نییە و پێویست لەناو پەرتووكی قوتابخانەكاندا بنبڕبكرێت. ئەو لە باسی هەڵەی چاپ و هەڵەی ڕێزمانی خۆشی نازانێت كە ویستوویەتی چی بڵێت، چونكە جارێك دەڵێ: (هەڵەكان زۆر زۆر دەگمەنن) ، دواتر سەری لێدەشێوێت و دەڵێ: (لە هەموو سەردەمێك و بارودۆخێكیشدا پرۆگرامی خوێندنی كوردی هەروا پڕ هەڵە ڕۆیشتووە). لێرەدا لە بێئاگایی خۆیدا هەمان بۆچوونی ئێمەی دووپاتكردۆتەوە. بەڕاستی سەیرە، چونكە دووفاقییەكی تەواو لە بۆچونەكانیدا بەدیدەكرێت. هەروەها دەمەوێ ئاماژە بەهەڵەیەكی چاپ بكەم كە لە گۆڤاری (زمانناسی) و لە بابەتە سەقەتەكەی ئەو بەڕێزە ڕوویداوە، ئەویش ئەوەیە كە لە لاپەڕەدا (37) ڕوویداوە و لەجیاتی وشەی (گوێت لە كوێیە؟) نووسراوە (كوێت لە كوێیە؟) (گوێت) لەگەڵ گوێیەتی كە ئەندامەشوێنێكی مرۆڤە، بەلاَم (كوێت) ناوی ولاَتێكە (ڕەنگە مامۆستا بزانێت كەوتۆتە كوێ).

هەروەها دەربارەی بوونی چەندین هاوواتای وەك (بكەر–كارا، جێناو–راناو، بەركار–تەواوكەری ڕاستەوخۆ و ...هتد)ش ئێمە گوتومانە كە ئەم هەموو هاوواتایە دەبێتە مایەی سەرلێشێواندنی قوتابییان، بەلاَم ئەو دیسانەوە بۆچوونەكەی ئێمەی نەرێكردۆتەوە و دەڵێ نەخێر، پێچەوانەكەی ڕاستە. هەروەها لە باسەدا هەڵەیەكی كوشندەشی كردووە كاتێك دەڵێ: (تێكەڵكردنی شێوەكانی كوردی تا ئەوپەڕی پەسەندە بۆ بە خراپی دادەنێت، دەمانبات و ڕامان دەكشێ لە ئەنجامدا بەرەو زمانێكی ستانداردی فەرمی)، ئەمە هەڵەیە، چونكە ڕاستە هاوواتا بەڵگەی دەوڵەمەندی زمانە، بەلاَم نابێتە هۆی دروستبوونی زمانی ستانداردی فەرمی، ئەو پێیوایە تێكەڵكردنی شێوەزمانەكانی كوردی دەبێتە هۆی دروستبوونی زمانی ستاندارد، بەڵكو بەپێچەوانەوە ئەمە دەبێتە هۆی سەرلێشێواندنی قوتابییان

و کێشەیەکی گەورەشە لەبەردەم دروستبوونی زمانی ستانداردی کوردی. ئەمە جگە لەوەی کە تێکەڵکردنی شێوەزمانەکان لە رێزمانی قوتابخانەکاندا هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە دووپاتی دەکەمەوە کە هەر شێوەزمانێك یاسا و دەستووری تایبەت بەخۆی هەیە و ئەمەشم لە لێکۆڵینەوەکەدا بەوردی باس کردووە.

سەیرترین بەشی نووسینەکەی ئەو خۆ بەزمانناسە ئەوەیە کاتێك رەخنەی لێمان گرتووە لەسەر ئەو قسەیە کە گوتوومانە: (خوێندنی ئەدەب لە قوتابخانەکاندا بۆ خۆشەویستکردنی شاعیران و پەخشاننووسان و ئەدەبی کوردییە)، بەلاَم ئەو راستەوخۆ دەڵێ: (ئەم وتەیەی بەرێزیان..قابیلی قبوولْ نییە) فەرمووو سەیربکەن ((دەڵێت: (خوێندنی ئەدەب لە قوتابخانەکاندا بۆ خۆشەویستکردنی شاعیران و پەخشاننووسان و ئەدەبی کوردییە) ئەم وتەیەی بەرێزیان..قابیلی قبوولْ نییە)) بەراستی نووسینەکەی ئەو کۆلکە نووسەرە سەرتاپای ئەم جۆرە هەلاَنەن. ئەو وەك گوتمان تەنها بۆچوونەکانی ئێمەی نەرێکردۆتەوە، بۆیە کاتێك ئەمەشی نەرێکردۆتەوە، ئەوە دووچاری ئەم هەڵەیە گەورەش بۆتەوە، بەڵێ لای ئەو بەرێزە خوێندنی ئەدەب بۆ ناشیرینکردنی شاعیران و پەخشاننووسان و ئەدەبی کوردییە، حەیف بۆ کەسێك کە چەندین سالْ لە بواری پەروەردەدا کاری کردبێت ئەمە بۆچوونی بێت سەبارەت بە خوێندنی ئەدەب، هەزار و حەیف و سەد مخابن و پەنجا سۆری! لەبارەی ئەو هەموو هەڵە رێزمانییەی کە ئاماژەمان بۆکردووە لە لێکۆڵینەوەکەماندا، کەچی ئەو چاوی راستییەکانی نەبینیوە و نموونەکانی ئێمەی بەرچاو نەکەوتووە، سەیرە، دواتر ئەگەر ئەو یەك سالْ بەدڵسۆزیی و بەجدییەوە رێزمانی کوردی گوتبێتەوە ئەوە نەدەبووایە ئەو قسەیە بکات کە هەڵەی رێزمانی لە بابەتەکاندا نییە یان زۆر زۆر دەگمەنن، ئەگەر جگە لە ئەو نووسەرێك یان کەسێکی دیکە ئەو قسەیەی کردبا کە رێزمانی نەگوتبێتەوە ئەوە لێمنەدەگرت، بەلاَم کەسێکی وەك ئەو کاتێك ئەو قسەیە دەکات، ئەوە پێویستە هەڵەکانی بۆ راستبکرێتەوە.

دوای هەموو ئەمانە ئەو کۆلکە نووسەرە لەبەرئەوەی دیارە هەر سەرپێییانە شتەکانی خوێندۆتەوە لە بارەی (رێزمانێکی خۆشەویستەوە) پرسیار دەکات کە (ئادەی بۆمان باسکە بۆمان تا بزانین هلومەرجەکانی رێزمانێکی خۆشەویست چیین؟) ئەمە لە کاتێکدا بەدوور و درێژی هەموو شتێکمان لەمبارەوە باسکردووە، بەشێکی تەواومان بۆ تەرخانکردووە، بەلاَم من چی بکەم کە تۆ نەتخوێندبێتەوە، من بۆکەسانی وەك تۆم

باسکردووە، بەڵام ئێوە راستییەکان نابینن و ئەگەر بشیانبینن ئەوە چەواشەیان دەکەن. مامۆستای بەڕێز، کە تۆ چاوت لەئاست راستییەکان کوێربێت، ئەوە گوناهی ئێمە چییە؟

وێڕای هەموو ئەمانە، ئەو بێئاگایە لەوەی کە ئەمڕۆ پەرتووکی کتێبەکان چۆنن و بەشەوانەکان لە قۆناغەکاندا ژمارەیان چەندە، ئەوەتە لەبارەی بەشەوانەکانی زمانی کوردی دەڵێ: (بابەتەکان بەپێی رۆژگاری ئێستامان کەمن، چونکە بەشەوانەی کوردی چوارە تا قۆناغی یازدەهەمی ئامادەیی لە دوازدەشدا کراوە بە پێنج) لەبێخەبەران کەشکەك سەلاوات! ئەو بەڕێزە دیارە لەگوێی گادا نووستووە و ئاگاداری ئەوە نییە کە بەشەوانەی کوردی لە هەموو پۆلەکاندا چوار بەشەوانەیە (بە پۆلی دوانزەهەمیشەوە)، ئەگەر دەیەوێ بزانێت کە چەندە بێئاگایە و ئێمە بەئاگامان هێناوەتەوە، ئەوە پێمخۆشە هەر ئێستا لەکاتی خوێندنەوەی ئەم وشانەدا مۆبایلەکەی دەربهێنێت و پەیوەندی بە چەند مامۆستایەکی پۆلی دوانزەهەم بکات تا بزانێت وایە یان نا، تۆ کاتێك قسەیەك دەکەیت دەبێ بزانیت کە لە چ کات و شوێنێکدا ئەو قسەیەت دەکەیت، ئەگەرنا ئەوها تووشی هەڵەی وا زەق دەبیتەوە. دواتریش بابەتەکان بەپێی رۆژگاری ئەمڕۆمان کەم نین، بڕۆ سەیری کتێبەکانی کوردی بکە و دڵنیابەرەوە لەوەی کە گوتووتە، چونکە دڵنیام ئەگەر سەیرێکی بکەی ئەوە راستی قسەکانی ئێمەت بۆ دەردەکەوێت. بەڵام تۆ قسە لە هەوا بکەیت و شت لە گیرفانی خۆت دەربهێنیت و لەگەڵ گۆڕانکارییەکان نەڕۆیت و هەر پشت بەوەندە زانیارییە ببەستیت کە فێری بوویت و تەواو ئیدی؟ نەخێر تۆ دەبێت بەردەوام بەدوای زانیارییەکاندا رابکەیت. ئەگەرنا هەر وەك ئێستا چۆن بەجێماویت، هەروەها دەمێنیتەوە.

یەکێك لە هەڵەکانی دیکەی ئەو بەناو نووسەرە ئەوەیە کە جاری نازانێت پەخشانی زانستی دەبێت چۆن بنووسرێت، ئەمە لە کاتێکدا کە لە قۆناغی ئامادەیی و لە بەشی ئەدەبدا زۆر جۆرەکانی پەخشان لەڕووی ناوەڕۆکەوە خراوەتەڕوو، بەڵام نازانم مامۆستای بەڕێز کە چەندین ساڵ وانەی کوردی گوتۆتەوە چۆن شتێکی لێفێرنەبووە؟ ئەی چۆن ئەم بابەتەی بۆ قوتابییەکانی باس کردووە و تێیگەیاندوون، بە مامۆستای بەڕێز دەڵێم کە تۆ کاتێك قسە لەسەر بابەتی رێزمان دەکەیت ئەوە لە کایەی زماندا کاردەکەیت، زمانیش زانستە، بۆیە ئەو نووسینەی کە لەبارەی رێزمانەوە دەکرێت بە پەخشانی زانستی دادەنرێت، نەك پەخشانی هونەری، چونکە تۆ ئەم هەڵەیەشت کردووە، پەخشانی زانستیدا خۆی لە هونەرەکانی

ڕەوانبێــژی بەدووردەخاتــەوە، لــە پەخــشانی زانــستیدا هەســت و ســۆز وەلاوەدەنرێــت و دەبێــت پەخــشاننووس راســتییەکان بــە ســادەترین و ساناترین وشــە و رســتە بخاتــەڕوو، نــەك بێــت بــاس لــە کارەبــا بکــات و هونەرەکانی رەوانبێژی لەگەڵدا بـەکاربهێنێت، تـۆش کـە پێناسـەی ڕێزمـان دەکــەیت دەڵێــی: (ڕێزمــان چــرایەکی زنــستی زمانەوانییــە...) ئەمــە پێناسەیەکی سەقەتە، ئەگەر بابەتی پەخشانت بۆ یەکجار گوتبێتەوە ئـەوە خۆت دەتوانی کە بەسەقەتی هونەری رەوانبێژیت لەناو پەخشانی زانستیدا بەکارهێناوە. بۆئەوەی جارێکی ئەو بـەڕێزە تووشـی ئـەم هەڵەیـە نـەبێت و بزانێـت کـە پەخـشان چییە و جۆرەکـانی پەخـشان چـەندن و هەریـەك لـە پەخشانی هونەری و پەخشانی زانـستی پێناسـەیان چـییە و چـۆنن؟ ئـەوە ئامۆژگاری ئـەو مامۆسـتایە بـەڕێزە دەکـەم کـە بـچێت پـەرتووکی زمـان و ئەدەبی کوردی پـۆلی یانزەهـەم (چـاپی سـێیەم) لـە لاپـەڕە (145) تـاکو لاپەڕە (17) بخوێنێتەوە، چونکە راستە چەندین ساڵ مامۆسـتای کـوردی بووە و سەرپەرشتیاریش بووە، بـەلام دیـارە هیـچی لێحـاڵی نـەبووە، بۆیـە پێمخۆشە بـچێت ئـەو چـەند لاپەڕەیـە بخوێنێتـەوە تـاکو هـەر هـیچ نـەبێت کەمێك ئاشنای پەخشان بێت. سەیر لەوەدایـە کـە ئـەو زۆر بەتونـدەڕەویی بەرگری لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی سەرجەم قۆناغەکان کـردووە، کەچی ناشزانێت چییان تێدایە و چییان تێدا نییە! چـونکە ئەگـەر بیزانیبـا ئەوە تا ئێستا فێری نووسینی پەخشانی زانستی دەبوو.

لەکۆتاییدا پێمخۆشە هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە ساڵانێکی دوور و درێژە مامۆستای زمانی کـوردی بوونـە جـا چ تـا ئێـستا مامۆسـتابن یـان بووبێتنـە سەرپەرشـتیار ئـەوە واتێنەگـەن کـە ئـەوەی دەیـزانن بەسـیانە، نەخێر، دەبێ بەردەوام هەوڵی خۆیان بدەن و هەمیشە هەگبەیان پڕبێت لە زانیاری نەك وەك مامۆستا هیرانی بەڕێز کە هەگبەی تەنها (هیچ)ی تێدابوو! ئەوان پێویستە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سـەردەمدا رێبکـەن، زانیـاری نـوێ وەربگرن و دەستبەرداری بۆچوونە چەوتەکانی کۆنیان بن، چونکە کە (نوێ هاتن، کۆنە خەلاتن) ئەمەش لەبەر خاتری مامۆستا هیرانـی بـەڕێز، چـونکە نووسینەکەی بەڕێزیان هەرچەندە لەسەر ڕێزمـان بـوو، بـەلام لـە 10 دێـڕ، یەکێکیان پەندی پێشینان بوو. (هەزار رەحمەت لەپێشینانمان).

# ڕۆڵی ژماره له پێكهاتەی وشەی كوردیدا
# ناو بە وێنە

د. سەباح مووسا
كۆلێژی پەروەردە/ زانكۆی كەركووك

بەشی دووەم و کۆتایی

**تەوەری چوارەم: بواری تر**

**أ ـ سوێند خواردن و جنێودان و هەڕەشەو گوڕەشە:** زۆرجار لـەبواری سوێند خواردنـدا ڕۆڵـی ژمـارە بـە زەقـی دیـارە و شـوێنی دەرکـەوتنی زۆر پێویستە، وەکو: سێ بەسێ بۆ تەڵاق خواردن (سـێ)، هـەردوو چـاوم كـوێر بێت شـتی وام نـەكردووە (دووچـاو)، سـی و دوو ددانـی دەشـكێنم (سـی و دوو)، سێسندام لێی دا (جنێو)، دوو پێی دەشكێنم.

**ب ـ بواری نەخۆشـی:** لەکۆمـەڵگای كـوردەواری و لـەدێر زەمانـەوە بـۆ دیـاردەی كۆمەڵایـەتی و نەخۆشـی و دیـاردەی كۆمەڵایـەتی لـە ژمـارەوە سەرچاوەی وەرگرتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لایـەنی ڕێكـەوتن لەزمانـدا یان لەزمانێكی دراوسێوە هاتۆتە ناو زمانەكـەمان یـان بـەهۆی كـارتێكردنی زمانانی ترە لەسەر زمانەكەمان.

وەکو (سێبەڕۆ) جـۆرە نەخۆشـییەكی ترسـناكە تووشـی سـینگی مـرۆڤ دەبێت، لەگەڵیدا لەرزوتایەكی بەهێز، هەروەها بەواتای تۆبەتی دێت كە سێ ڕۆژەیە.

هەنـدێك دەڵـێن جـۆرە نەخۆشـییەكە كـە كۆكـە ڕەشـەی لەگەڵدایـە و ماوەكی زۆر نەخۆش بەدەست ئەو كۆكەیەوە دەناڵێنێت و هەندێك جـاریش وەك جنێو بەكاردێت. (یاخوا تووشی سێبەڕوو بێت).

(سێرۆژە) نەخۆشییەكە تووشی منداڵان دەبێت و هەموو لەش و گیـانی لیریك دەردەكات و سوور هەڵدەگەرێ و ئەم كارەش سێ ڕۆژ دەخایەنێت.

**ج ـ زۆر لایەنی تر:** وەك مۆڵەت وەرگرتن، زۆر باوە مۆڵەت وەرگرتن سێ ڕۆژ واتا (72) سەعاتە، یان جەژنی ڕەمەزان و سێ ڕۆژەی بـووك و مردنـی مرۆڤ و حەفتانەو ساڵانەو ڕۆژانەو...هتد.

**ت ـ سوێند خواردن:** ژمـارە وەك بوارەكـانی تـر بەهەماهـەنگی لەگـەڵ كۆمەڵی ئەندامی لەشی مرۆڤ و باری كۆمەڵایەتی زۆر ئەكتیڤـە و ڕۆڵـی خـۆی بەجوانی دەبینێت، وەك لەم نموونانە بەرچاو دەكەون (سێ بەسـێ تـەڵاقی كەوتووە، هەردوو چاوم كوێر بێت شتی وا نەكراوە، دوو پێی بشكێت ئەگەر درۆی كردووە.

**تەوەری چوارەم: ڕەنگدانەوەی ژمارە لەناوی كوردیدا:**

ژمارە وەك بەشـێك لـە بەشـەكانی ئاخـاوتن ڕۆڵـی ئـەكتیف و چـالاكانە دەگێڕێت لەڕۆنانی وشەو دەستەواژەو جووتە وشە، جگە لەمانـەی باسمـان كـرد، ژمـارە زۆرجـار ئـەرك و خاسـیەتی تایبـەتی دەبینێـت، وەك ئـەوەی دەبێتە ناو، ئەمەش لە هەندێ حاڵەتی تایبەتی كە ئەو ژمارانەی دەبنە نـاو هەر بە ڕەگەزیش سەر بە ژمارەن. هەندێك لە زمانەوانی كورد پێیان وایە كە ئەو ناوانە سەر بە ژمارەن، (د. وریا عومەر ئەمین) لەكتێبی (ئاسۆیەكی دی زمانەوانیی) لە باسی فرێزی نـاوی پێـی وایـە ژمـارە بەشـێكە لـەناو كاتێـك باسی دروست بوون و پێكهاتنی فرێـزی ناویـدا دەكـات، هـەروەها لەهـەمان باسدا تەئكیدی كردووە لەسەر ئەوەی زۆرجار لەگـەڵ ئـەو (نـاو)انـە جـۆرە وشەیەك دێت كە تەنیا لەگەڵ ژمارەكان دێت كە ئەو بەناو ناوزەدی دەكات، وەكو (دەجار)، بەڵام زۆر وشە هەن كە لەڕەگەزدا لەژمارەوە سەرچـاوەیان گرتـووە، دەچـنە هـەمان خانـەوە، چـونكە لـەڕووی پێكهاتەكـەی زمـانی و ئەدگارە واتاییەكان دەچنە خانەی بەشی ناوەوە، بەوێنە وشـەی (حەفتـە، هەفتە) كە واتای ڕۆژەكانی هەفتـە دەگەیـەنێت و گوزارشـت لـە ڕۆژەكـانی هەفتە دەكات، ناوە، بەڵام لە ژمارە (حەفت) وەرگـیراوە، چـونكە ژمـارەی ڕۆژەكانی حەفتە، حـەوت ڕۆژن، لێـرەدا بووەتـە نـاو، وشـەی (سـەدە) كـە گوزارشت لەسەد ساڵ لە تەمەن و ژیـان دەكـات و لەهـەمان كاتـدا لـەژمارە (سەد)ەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە وشەی سەدە ناوە، بەڵگەش بۆ ئەمـە وشەی حەفتـەو سـەدە لەگـەڵ ژمـارە بـەكاردێت، وەك چۆن دەڵـێین (دوو هەفتە، چوار سەدە، شەش هەفتە)، لێرەدا دەڕوانین هەردوو ناوی (سەدە ،

هەفتە) پاش ژمارەکان هاتووە، واتا ناون و هەروەها لەهەمان کاتیشدا ژمارەکە دەبێتە دیارخەر بۆ ناوەکان و ئەمەش حاڵەتێکی تایبەتی ڕێزمانییە.

وشەی (چلە) کە واتای تێپەڕبوونی چل ڕۆژ بەسەر لەدایك بوونی منداڵ یان کۆچ کردنی یەکێك یان تێپەڕبوونی چل ڕۆژ لەسەر وەرزی هاوین یان زستان، لە کوردەواریدا دەوترێت چلەی هاوین کە پلەی گەرماو کەش و هەوا ئەگاتە ئەوپەڕی گەرما یان لە سەهۆڵبەندان و سەرماوسۆڵە کە ئەوپەڕی زستانەو دەوترێت چلەی زستان، لێرەدا وشەی (چلە) واتای چل ڕۆژ لەسەر شتێك، ناوە و لەژمارەوە سەرچاوەی وەرگرتووە، بەوێنە: سێ چلەیە کارەبا کەمە.

لەبواری پلەی ڕێکخستندا ژمارە و ناو ئەوا لەو کاتەدا کە ژمارەی ڕێکخستن بەکاردێنین، ئەوا چەند حاڵەتێکی واتاسازی دێتە ڕوومان بە وێنە: کە دەوترێت (شەشەم قوتابی هاتن) واتای ئەوەمان پیشان دەدات، قوتابییەکان کە ئامادە بوونە، ژمارەیان زۆرە و لەپلەی نێوانیاندا شەشەمە، لێرەدا ڕۆشنایی و جەخت لەسەر پلەی قوتابییەکە کراوە، بەڵام لەبوارێکی دی کە دەوترێت (قوتابی شەشەم هات)، لێرەدا تیشك خراوەتە سەر ڕێکخستنی ژمارەی قوتابییەکە کە پلەی شەشەمە لە ریزی قوتابیاندا، واتا لەکۆی قوتابییەکان تەنیا شەشەم هاتووە، لەرووی یاسای ڕێزمانییەوە بواری یەکەم (شەشەم قوتابی) ڕۆڵی دیارخەرو دیارخراو دەردەخات، لەبواری دووەمدا تەنیا ئەوە نیشان دەدات کە لەکۆی ژمارەی قوتابیان تەنیا شەشەم قوتابی هاتووە.

لەحاڵەتی یەکەم ڕۆشنایی خرایە سەر ژمارەکەو لەحاڵەتی دووەمدا تیشك خرایە سەر ناوی قوتابییەکە.

کە باس لەڕۆڵی ژمارە لەڕۆنانی ناوی شوێن و جێگاو ناوی تاك و دیاردەو چەند حاڵەتێکی تر دەکەین، ئەوا گومان لەوەدا نییە کە ژمارە ئەو دەورە چالاك و ئەکتیڤە دەبینێت و کۆمەڵێك وشەو دەستەواژە و فریزمان ریز بەند کردووە:

**یەك:** یەکەم ژمارەی پاش (سفر)ە و ژمارەی تەرتیبی و پلەی لێ دەبێتەوە، وەك (یەکەم ـ یەکەمین) و (یەکان) بۆ ڕێزبەندی ژمارە، کە

مەبەست ژمارە (1 تا 10)یە و لەم ژمارەیـە زۆر نـاوو ئاوەڵنـاوی و وشـەی لێکدراوی لێ رۆنان دەبێت، بـە وێنـە: یـەك رۆژە، یـەك ساڵە، یـەك شـەوە (یەکەم رۆژی بەفری زستان) یەکەمی پۆل، یەکەمین قوتـابی، یـەك رەنـگ، یەك ڕوو، یەك زمان، یەکسان، یەکسەر، یەك قسە، یەك گرتن، یـەکالا، یـەك لانە، یەك لەسەر یەك، یەك ماڵ، یەکە، یەك و دوو، یەك یـەك، یەکـەم جـار، یەك دەست، یەك دەستی، یەك باڵ، (بەو کەسە دەوترێت کـە تـەنیا خـۆی کاروباری ماڵەوە بباتـە ڕێوە و بەخێوکـەری خێـزان بێـت)، یـەك تـر، یـەك پەرست، یەکەو راست، یەکێتی، و... **هتد**.

**بـووکی یــەك شــەوە**: بـۆ ئـەو بووکـە دەوترێـت کـە لەیەکـەم رۆژی گواستنەوەی بۆ ماڵی زاوا، وەك لە ئیدیۆمدا دەوترێت بۆ یـەکێ زۆر پەلـەی بێت (چییە خۆ بووکی یەك شەوەت بۆ ئامادە نەکراوە).

**یەك باد**: مرۆڤی لاواز و باریك

**یەکپا**: سەرسەختی، لاساری، سووربوون.

**یەك چاو**: یەکسانی، بەیەك چاو سەیری **هە**موو دەکات (ئیدیۆم).

**یەك دڵ و یەك دەست**: خۆشەویستی و تەبایی و برایەتی و نیاز پاکی.

**یەك دەنگ**: **ها**وبیر، **ها**وڕاز، **ها**وهزر.

**یەك رەنگ**: تەباو تفاق و یەکگرتوو.

**یەکێکیان پۆلا و یەکێکیان ئاسنە**: واتا **هە**ردووکیان رەقن و لەگەڵ یەکدا توندو تیژن.

**یەکشەوەیە**: بەیەکێك دەوترێت کە زوو دەوڵەمەند بێت.

**یەك لنگە**: جۆرە گیایەکە.

**یەکتری**: یەکتر.

**یەکجارە**: بە تەواوی، ئاخرجار.

**یەك چاوە**: تاکە ژوورێك لەماڵکدا. خانووەیـەك تـەنیا یـەك ژووری تێـدا بێت.

**یەك رۆ**: واتا یەك **هە**ڵوێست و بیرو باوەڕ.

**هە**روەها بۆ بۆ ژمارەی کەرتی و یەك لەدوای یەکتر بە زنجیرە ژمارەیەك رۆڵی دیارە، بە وێنە (یەك لەسەر یەك، قوتابییەکان یەك یەك **ها**تن).

**دوو:** دووەم ژمارەیە لەزماندا پاش ژمارە یەك، ژمارە دوو لـەرۆنانی زۆر وشەی تازەو لێکدراو رۆڵێکی باڵای هەیە، هەر بە وێنە:

دووشەممە: سێیەم رۆژی هەفتەیە، هەروەها بۆ پلەی تەرتیبی دەوترێت (دووەم ـ دووەمـین) دوو بـەدوو (دوو دوو): واتـا جووتـە بـۆ رۆیـشتن و هاوڕێیەتی.

**دوو لوله:** شتێك دوو لولەی هەبێت، وەك شەستیرە دوو لوولـە (جـۆرە چەکێکە).

**دوازده:** نـاوی ژمـارەی پـاش یازدەیـە، پێـی دەوترێـت (دەرزەن) بـۆ کەرەستەو کەل و پـەل، ئـەم دوازدەیـە بـواری بـەکارهێنانی زۆرە لـەزمانی کوردیدا، وەکوو دوازدە ئیمام: ناوی گوندێکە لەناوچەی (کفـری)، هـەروەها شیعە مەزهەبەکان دوازدە ئیمامیان هەیە (دوازدە ئیمام)، دوازدە هەوار.

**دووانه:** واتا جووتە، بۆ ئەو دوو منداڵەش دوترێت، کە بەیەك سك لەدایك دەبن (تۆم).

**دووباره:** شتێکی بۆ دووەم جار باس بکرێت یا سەر لەنوێ کردنەوە.

**دووبڕ:** یەکسمێ کە دوو ساڵی تەواو کردووە.

**دووبرا:** واتە (الشقیقان) بەزمانی عەرەبی.

**دوو برانگ:** مەلێکی راوکەرە وەك سەقرە شاهین.

**دووبڕه:** خشڵێکی سەر کڵاوی ژنانە.

**دوو بشی:** لۆ، گرێ لەناو گۆشت.

**دوو بەخته:** کاری دوو ئەنجام یا دەبێت یا نا.

**دوو بەرد:** کێڵەکانی گۆڕ کە دوو بەردە.

**دوو بەرەکی:** کێشەو هەراو ناخۆشی کە ببێتە مایەی پەرتەوازەیی.

**دوو بزنـی:** نـاوی گونـدێکی ناوچـەی سـاڵەیی سـەر رێگـای هـەولێر ـ کەرکووك.

**دووبەره:** دوو نەوە، یان دوو تیرەو هۆز.

**دوو تیخ:** تیخی کە هەردوو لای ببرێت.

**دوو پـشکه:** گیـان لەبـەرێکی زیـان بەخـشەو ژەهـردارەن گیایەکـە بـۆ دەرمان دەبێت.

**دووخاڵ:** دوو نوقتە لەسەر یەکتر لەبواری نووسیندا.

**دوو خەت**: دەرەجەیکی سەربازی (نائب عریف) پێ دەوترێت.

**دوو دڵ**: یەکێك لەکارێکدا دوو دڵ بێت دەبی یان نا.

**دوو شێوان**: گوندێکە لەناوچەی شێوە سووری نزیك رێداری مەڵبەندی ناحیەی (شوان) لـە کـەرکووك، لەبـەر ئـەوەی کەوتۆتـە نێـوان دوو شـیوی سەختەوە ناوەکەی لەوەوە هاتووە.

**دووفاق**: دوو رووە یان (ازدوجیە) بەعەرەبی.

**دوو سـەرە**: شـتێك دوو سـەری هـەبێ، ئەمـەش لـە داسـتان و چیرۆکە ئەفسانەوانییەکان زیاتر رەنگی داوەتەوە وەك ماری دوو سـەرە، ئـەژدیهای دوو سـەرە، وەك چۆن لەباسـی زوحـاك و ئـەژدیهاکانی سەرشـانی کـە دوو سەرە بوونە (نەورۆز).

**دووبـــز**: شارۆچـــکەیەکی گـــرنگ و دەوڵەمەنـــدی شـــاری کەرکووکـــە و دامەزراوی نەوت و سەرچاوەی بەرهـەمهێنانی کارەبـاو گـازە و بەنـداوێکی گەورە لەسەر زێی گەورە لێیە کە بەناو شارەکە تێپەڕ دەبێت، واتای دووبز لە ژمارە دوو و (بز) بەواتای لق، هەندێکی تـر پێیـان وایـە کـە بـز لەماسـی (بز)ەوە هاتووە، گوایە کاتی خۆی راوچییەك بۆ راوە ماسی دەچێت و دوو ماسی جۆری (بز) دەگرێت.

**دووبزنی**: ناوی گوندێکی ناوچەی سالآیەتی نزیك شاری کەرکووکە.

**دوانزە ئیمام**: چەند گوندێك بەم ناوە هەیە، دوانیان لە ناحیەی سیروانی قەزای هەڵەبجە، سێیەمیان لە قەرای کـەلارە، وشـەکە لێکـدراوە لـە ژمـارە (دوازدە) و (ئیمام) نازناوێکی گەورەی ئاینییە، گوایە لەسەردەمی فتوحاتی ئیـــسلامدا لەســـالّی (21 ز) جـــەنگێکی نێـــوان ســـوپای موســـلمانان بەسەکردایەتی (عقبە بن فرد) و سوپای فورسەکان لەناوچەی (کفری) رووی دا و لەدەرئەنجامی ئـەو جەنگـە دوازدە ئیمـام شـەهید بـوون هەنـدێکی تـر پێیان وایە لەو گوندە مەزاری دوازدە ئیمام هەیە.

**دووکان**: قەزایەکی پارێزگای سلێمانییە و زێی بچووك بەناو قەزاکە تێپەڕ دەبێت و کاتی خۆی بەنداوێکی گەورە لە دەرەوەی شـارەکە لەسـەر ئـاوی زێیەکـە بونیـاد نـراو ئێـستاکە ناوچـەیەکی گـرنگ و گەشـتیارییە، ناوەکـە وشـەیەکی لێکـدراوە و لـە ژمـارە دوو و کـان بـەواتای کـانی بـەرد هەنـدێك دەڵێین ناوەکەی لە وشەی (دووکانیان) واتا دووکانی ئاو.

**دهۆك**: زۆر راو بۆچوون لەبارەی ناوی شاری دهۆك هەیە، بەڵام ئـەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ناوەکـە لـە بنەڕەتـدا لـە ژمـارەوە هـاتووە، کـاتی خـۆی لەسـاڵی 1975 بابـەتێك لـەگۆڤاری (الـف بـاء) بڵاوکرایـەوە، گوایـە بەسەرهاتێکی کۆن واباس دەکات کە لـەو ناوچـەیە کـە پێـشتر چـووڵەوانی بووە، باڵندەیەکی گەورە ناوچەکەی بەدڵ بووە و هێلانـەی تێـدا کـردووە و دوو هێڵکەی کردووە لەسەر تاشە بەردێکی ناوچەکە، بۆیە وتراوە دوو هـوك واتا دوو هێڵکە.

زۆر وشــەو نــاو لــە ئــەنجامی ئــەم ژمارەیــە رۆنــان دەبێــت و هــەردەم دەکەوێتە پێش وشەکەو وشەی نویٚ رۆنان دەبێت، بـۆ وێنـە: (دوبـارە) بـۆ دوبارەکردنەوەی شتێك بۆ زیاتر لەجارێك و دوو جار.

(دە هەزار کەسەی سوپای ئەسکەندەری مەکدۆنی).

جێی ئامـاژە پـێ دانـە پێـشگری (دە)ش هەیـە، کـە نیـشانەی کـرداری رانـەبردووە و نیـشانەی کـرداری رابـردووی بەردەوامـە لـەزمانی کوردیـدا. بەواتای ئیتر یان چیتریش دێت، وەك (دەباشە، دە بخەوە،...).

**سێ**: ژمارەی دوو و یەکـە دوای ژمـارە دوو دێـت، لـەزمانی کوردیـدا و لــەزۆر بۆنــەو جــەژن و دیــاردە و چــالاکی کۆمەڵایــەتی، ژمــارە ســێ زۆر بەکاردێت رۆڵێکی ئەکتیڤانەی هەیە و زۆر چالاکە، هەر بە وێنە (سـێ رۆژە) لە زۆر بواردا چالاکانە بـەکاردێت (سـێ رۆژە بـووك)، ئەمـەش دیاردەیـەکی باوی کۆنە و ئێستاکە هەندێك کەم بووەتەوە، واتا دایك و خوشك و نزیکانی بووکە لە رەگەزی مێینە، پاش تێپـەڕبوونی سـێ رۆژ بەسـەر گواسـتنەوەی بووك سەردانی کچەکەیان دەکەن و نیشانەی پاکیزەیی کـچەکەیان دووپـات دەکرێتەوە.

هــەروەها ســێ رۆژەی مــردوو، ئەمــەش دیاردەیــەکی کۆمەڵایــەتی نــاو کۆمەڵگای کوردەوارییە، کـە پرسـەی بـۆ مـاوەی سـێ رۆژ بـۆ دادەنرێـت و لەسێیەم رۆژیشدا ژنان سەر لەئێوارە دەچنە سەر قەبران لەسوێند خواردندا زۆرجار بەکاردێت و جاری واش هەیە بەهۆی ئەو سوێند خواردنە مەسەلەکە چارەنووساز دەبێت وەك دەوترێت سێ بەسێ تەڵاقی خوارد.

**(سێ)**: پاش ژمارە دوو دێت، بەهەمان دەستوور رۆڵی دیـارو بەرچـاوی هەیە لە پێکهاتەی وشەی کوردیدا، ژمارە سێ لێ رۆنـان دەبێـت و بەهـەمان

شێوە وەکو (سی جزمەی قورئان)، کە مەبەست لەو سی بەشەی قورئانە کە جزمە عەممەوە دەست پێدەکات و تا جزمی سییەم کە بە سورەتی (البقرە) کۆتایی پێ دێت. لە ژمارە سێ (سێ سەد، سێ هەزار، سێ ملیۆن) و (سێیەم، سێیەمین) پێك دێت.

لە ژمارە سێ چەند وشەو ناوێك رۆنان دەبن، هەر بۆ نموونە سێبەڕوو: جۆرە نەخۆشییەکە کە کۆکە رەشەی لەگەڵدایە و ماوەکی زۆر نەخۆش بەدەست ئەو کۆکەیەوە دەناڵێنێت و هەندێك جاریش وەك جنێو بەکاردێت (یاخوا تووشی سێبەڕوو بێت).

**سێ رۆژە**: جۆرە نەخۆشییەکە، تووشی منداڵان دەبێت و هەموو لەشی لیرك دەردەکات و رەنگی سوور هەڵدەگەرێت و ئەم سوورییەش پاش سێ رۆژ بە تەواوی دەردەکەوێت.

**سێ ریسکان**: یارییەکی فۆلکلۆری کوردەواری و پیاوە پیرەکان تا رۆژی ئەمرۆمان بەتایبەتی لە گوندە و لادێیەکان بۆ کات بەسەر بردن دەیکەن، دوو یاریزان بەرانبەر یەك دادەنیشن و چوار گۆشەیەك دەنەخشێنن و لەناو ئەو چوار گۆشەیە سی چوار گۆشەی ستوونی ئاسۆیی رێك دەخەن و ئەنجا هەر یاریزانێك سێ بەرد بەرانبەر یەك دادەنێن و دەکەونە گەمە کردن.

**سێ بەردە**: بریتییە لەسێ تەلاق خواردن.

**سێ بەگایە**: گای سێیەم بۆ نۆرەیی کردن لە کێڵانی زەویدا.

**سێ بەگایی**: کاری ناڕاست و دروست.

**سێ بازدان**: یاریەکی فۆلکلۆری کوردەوارییە، هەر یاریزانێك سێ بازی گەورە دەدات لە زەوییەك کە خۆڵەکەی نەرم و بیڵ تەپ کرابێت بۆ ئەوەی لەکاتی بازنداندا ئازار بە لەش و گیانی بازدەرەکە نەگەیەنرێت و ئەوەی لەهەر سێ بازدانەکەی رووبەرێکی درێژ ببڕێت ئەوە براوەیە.

سێ و دووك راڕایی لە کارێك، ئەوە کارە سێ و دووی لێ مەکە.

**سێزدە**: لەلای میللەتی کوردو زۆربەی میللەتان ژمارە سێزدە یان سیازنە ژمارەیەکی شومەو باو نییە یان واتای نەگبەتی دەگەیەنێت، ئەم ژمارەیە لەکۆی ژمارە دە و سێ دروست دەبێ.

**سێ بەسێ**: جۆرە هەڵپەرکێیەکی کوردییە.

**سێبەندی**: پیاوی بێ حەیاو بێ شەرم و لۆتی.

**سێپایە**: سێ بەردی گەورە کە قازانی خواردنی لەسەر دادەنرێت و ئاگر لەناو ئەو سێپایە دادەگیرسێت و ئێستاکە سێپایە بە شیش و ئاسن دروست دەکرێت و لەشێوەی سێگۆشە و تەنانەت لو زۆر جێگا بۆ ئاو گەرم کـردن و ششتن بەکاردەهێنرێت.

**سێدارە**: بۆ سزادانی تاوانبـارانی تـاوانی گـەورە حـوکمی لەسـێدارەدان دەردەچێت و جاران سێ داریان لەشێوەی سێگۆشە بەگوریس دەبەسـتەوە و لە ناوەڕاستی پەتێك بۆ خنکاندنی ئەو تاوانبارە درێژ دەکراو حوکمەکـەی پێ جێبەجێ دەکرا، لەزۆر وڵاتـان ئـەم جـۆرە حوکمـە بـەدژی مـافی مـرۆڤ لەقەڵەم دەدرێت و لەزۆر وڵات حوکمی ئاوها هەڵوەشاوەتەوە.

**سێشەممە**: چوارەم رۆژی هەفتەیە پاش دوو شەممە.

**سێتاقان**: گەرەکێکی کـۆنی شـاری هـەولێرە لـەکاتی خـۆی جۆگایـەکی گەورەی پێدا تێپەڕیوە و ئاوی شاری هەولێری دابین کردووە و ئەو جۆگایە لەسێ کونەوە دەهاتە ناو گەڕەکەوە واتە لەسێ تاقەوە ئەنجا ناوەکەی لەو سێ تاقەوە هاتووە[1].

**سێ گرتکان**: ناوی گوندێکی کوردستانە.

**سێ بەڵگۆك**: تۆخمێکی گیایی ئاوییە.

**سێ بەر**: سێ رۆیی.

**سێ بسك**: گیایەکە دەکرێتە خواردن.

**چوار**: ژمارەی پاش ژمارە سێ دێت و کۆی سێ و یەکە ژمارەکانی دیکە چەند ژمارەیـەکی لێ رۆنـان دەبێـ، وەکـو: چـواردە، چـوارەمین، چـوارەم، چواردەمین، چل، چوارسەد... هتد.

**چوارباخ**: گەرەکێکی شاری سلێمانییە و لەژمارە چوار و ناوی بـاخ یـان باغ واتا بیستان پێکهاتووە.

**چوارتا**: مەڵبەندی قەزای شارباژێری شـاری سـلێمانییە، وشـەکە لـەدوو وشە پێکهاتووە، ژمارە چوارو (تا) واتا بەرد یان تاك.

**چوارگۆشــە**: واتــا چــوار ســوچ (مربــع) ئــەو شـێوە ئەندازەیەیـە کـە چوارگۆشەی هەیەو هەرچوار گۆشەکەی لەرووی درێژییەوە یەکسانن.

**چوارینە**: جۆرە قافییەکی شیعری و لەسەردەمی رێبـازی کلاسـیکییەت زۆر باو بوو، پێی دەوترێت (التربیع، المربعات) و زۆر لە شاعیران بەچوارێنە

ناوزەند کراون، وەك (حـافزی شـیرازی و خـەیام و باباتایـەری هەمـەدانی)، بریتییە لەچوار دێر یەکـەم و دووەم و چـوارەمیان کۆتاییـان بەیـەك شـێوە قافیـە دێـت، تـەنیا سـێیەم دێـر کۆتـایی قافیەکـەی جودایـە لەگـەڵ سـێ دێرەکەی تر.

**چـوار ئاوێنــە**: جـۆرە پۆشـاکێکی شـەرکەران بـوو، کـاتی خـۆی بـۆ خۆپاراسـتن لەچـەکی دوژمـن ئـەو چـوار ئاوێنەیـە لەبـەر دەکـرا وەك چۆن ئێستاکە جلی (درع) هەیە.

**چوار باچکە**: میزی لەسەر خوێندن و نووسین و لەتەختە دروستکراو.

**چوار پایە**: سیسـەمی خـەوتن یـان قەرەوێلـە (چـەرپایە)، کـاتی خـۆی باوبوو، کە ژن دەگوازرایەوە چوار پایەی بۆ دروست دەکرا، ئەو چوار پایـە لە ئاسن و مس دروست دەکراو نەقش و نیگاری جـوانی لەسـەر دەکـراو بـە دۆشەك و پەردەی رەنگـاو رەنـگ دادەپۆشـراو چـوار پێـی ئاسـنی هـەبوو، ئێـستاکە بـاوی ئـەو جـۆرە کەرەسـتانە نـەماوە و سیسـەم و زۆر شـتی تـر هاتۆتە کایەوە.

**چوار پەڵ**: هەموو ئەندامانی لەشی مرۆڤ، ئەڵێین لـە ئیدیۆمـدا پیاوەکـە چوار پەلی شکا، واتا لە دەسـت و پـا کـەوتووە یـان بـەهۆی نەخۆشـی یـان بەهۆی کارەساتێکی جگەر بڕ یا تووشی شۆك هاتبێت، یان دەوترێت (چوار قەل قەوی) مەبەست پیاوی قەڵەوی پتەو.

**چوار چاو**: زیرەك و بە ئاگا.

**چاوتیژ**: واتا چاوی زۆر شت دەبینێت و لەسیمانتیك زۆر واتا دەدات بـە دەستەوە.

**چاوشۆڕ**: بـۆ کەسـێکی بـەد رەوشـت بـەکاردێت کـە کـارێکی نابـەجێی کردبێت رووی ناو مەجلیس و خەڵکی نەبێت.

**چاوساغ**: بەیەکێك دەوترێت کە دانایی و زیرەك بێت و دەم راستی کۆڕو مەجلیس بێت، هەروەها لەسەفەر و کاروان بەو کەسە دەوترێت کـە ڕێگـا و بان شارەزا بێت (الدلیل) لەزمانی عەرەبیدا.

**چوارخاڵ کێشان**: ریسوا کردن، ئەتك کردن.

**چوار تاق**: هەیوانە بەرزە.

**چوارچـێوە**: چـوار داری کـەناری دەرگـاو تـابلۆ و نیگـار، کـە زۆرجـار لەتەختە دروست دەکرێت.

**چوارچـرا**: نـاوی گۆڕەپـانێکی بـەناوبانگی شـاری سـنەی ڕۆژهــەڵاتی کوردستانە و لەناو سەنتەری شارەکەیەو بەوە ناوبـانگی دەرکـردووە و کـە پێشەوا (قازی محمد) خۆی و هاوڕێیـەکانی پـاش هـەرەس هێنـانی کۆمـارە نۆبەرەکەی کوردستان لە ساڵانی (47 ـ 48) لـەو گۆرەپانـە و لەبەرچـاوی کۆمەڵانی خەڵکی بەشەرەفی شارەکە لەسەر فەرمانی ڕەزا شای گۆڕ بەگۆڕ لەسێدارە دران، ئێستاکەش ناوی زۆر شوێن و کۆگا و ڕێستۆرانت لەپیرۆزی ئەو شوێن و ڕووداوە بەو ناوە ناودەنرێن.

**چـل چـرا**: ئەمـەش نـاوێکی تـازە بـەکارهاتووە و زۆر شـوێن و جێگـا و هوتێل بەم ناوە ناوزەند دەکرێن.

**چلە**: ئەوەش بۆ ئـەوە بـەکاردێت کـە چـل ڕۆژ بەسـەر دیاردەیـەك یـان ڕووداوێك تێپەڕببێت، ئەنجا بۆنەکە خۆشـی بێـت یـان ناخۆشـی، بـو وێنـە: چـلەی مـردوو، جـۆرە دەسـتوورێك لـەناو کۆمـەڵگای کوردەواریـدا هەیـە، ئـەوەش چـلەی مـردوو کـە گوزارشـت لـە تێپـەڕبوونی چـل ڕۆژ لەسـەر کۆچـکردنی ئـەو مردووەیـە و تیـادا گۆرەکـەی هەڵدەگرێتـەوە و کێڵـی بـۆ دادەنرێت و چەمەنتۆ دەکرێت و دەڵێین چـلەی مـردوو دەدرێتـەوە و خێـرو ئیسقاتی بۆ دەکرێت.

**چلەی منداڵ**: ئەمەش بەهەمان ڕێگا کـە چـل ڕۆژ بەسـەر لـەدایکبوونی تێپـەڕ دەبێـت و لـەکوردەواری لای خۆمـان وا بـاوە هەرچـەندە دیاردەکـە زانستی نییە گوایە منداڵ پاش چلەی گوێ دەکرێتەوە و گوێ لە دەنگەکانی دەوروبەری دەبێت و منداڵ تا چلەی ناشۆرێت دەڵێین خەراپە و باش نییە.

بەهەمان شێوەش دایکی منداڵەکە تا چلەی تێپەڕ نەبێت نابێ پیاوەکەی نزیکی بکەوێت تا ئەو ڕۆژە و غوسلی خۆی دەرنەکات.

ئێستاکە باوە بەبۆنەی تێپەڕبوونی چـل ڕۆژ بەسـەر کۆچـی نووسـەرێك یان شاعیرێك یان نـاودارێکی ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایـەتی یـادی دەکرێتـەوە و دەڵێین (چلەی ماتەمینی فلانە کەس).

لە ژمارە چوار ئەم وشانەی خوارەوە پێك دێت:

**چوار ڕێیان**: واتا چوار ڕێگا یەك بگرنەوە.

**چوار شانە**: بەپیاوی باڵا بەرزی کەلەگەت و قەڵەو دەوترێت.

**چوار شەممە**: پێنجەم ڕۆژی حەفتەیە.

**چوارقورنە**: شارۆچکەیەکی کوردستانەو دەکەوێتە سـەر ڕێگـای کۆیـە ـ ڕانیە، گوایە شاخ و کێو لەهەر چوار لاوە دەوری داوە.

**چوار قەد**: دووجار نوشتاوەتەوە.
**چوار مشقی**: واتا دانیشتنی لەسەر زەوی.
**چوار یەك**: لەچوار بەشی بەشێك.
**چوار یار**: چوار جێنـشینەكانی پێغەمبـەر كـە خەلیفـەی راشـدییان پـێ دەوترا و پاش كۆچی پێغەمبەر جلەوی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامییانگرتە دەست.

چوار شەممە سوورە: لەكوردەواریدا و جاران بەتایبەتی لە وەرزی بەهار كۆمەڵانی خەڵك رۆژانی چوار شەممە دەردەچوونە دەرەوەی شار بۆ گەشت و سـەیران، چـاو شـیرینییان لەگـەڵ خۆیـان دەبـرد و ئاهـەنگی خۆشـی و هەڵپـەركێ سـازدەدرا، پێیـان دەوت چوارشـەممە سـوورە و بەتایبـەتی لەناوچەی كەركووك رویان لەناوچەی حەمە شنە دەكرد بۆ ئەم مەبەستە.

**پێنج**: دوای ژمارەی چوار دێت، وەك ژمارەكانی دی چەند ژمارەیەكی لێ رۆنان دەبێت، بەوێنە:

پێنجەم، پێنجەمین، پەنجا، پەنجامین.

**پێنج شەممە**: شەشەم رۆژی هەفتەیە و دوای رۆژی چوارشەممە دێت و وەك رۆژی هـەینی لای موسـڵمانەكان رۆژی پێـنج شـەممە رۆژێكـی پـیرۆزو موبارەكە.

**پێنجوین**: مەڵبەندی قەزانی پێنجوێنی پارێزگای سلێمانییە، (105)كم لەباكوری رۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوە دوورە.

هەندێك پێی وایە وشەی (پێنجوین) لـەدوو وشـەی لێكـدراو پێكهـاتووە، واتە پێنج وێنە یان پێنج ڕەنـگ چـونكە ئـەو كۆمەڵـە چـیایەی دەوروبـەری شارەكە، رەنگێكی جوانی بەخشیوەتە شارەكە لەكاتی شەو رۆژدا.

هەندێكی تر پێیان وایە ناوی پێنجوین لەدوو وشەی (پێنج چین)، بـەڵام مەبەست لەو پێنج چینەكە، چینی كۆمـەڵانی خـەڵك یـان چـینەكانی خـاكی شارەكە.

**پێنج خشتەكی**: جۆرێكە لە جۆرەكانی هۆنراوەی شیعر، واتا هۆنراوەكە لەپێنج دێر پێكهاتووە، یەكەم و دووەم و سێیەم و پێنجەم بەهەمان قافیە كۆتایی دێت، تەنیا چوارەم دێری هۆنراوەكە كۆتایی قافیەكەی جۆدایە.

**پەنجە**: مەبەست لە پەنجەکانی دەستە، ئەوەش هەر لە ژمارەی پێنجەوە هاتووە، چونکە ژمارەی پەنجەکانی هەر دەستێکی مرۆڤ لەپێنج پەنجە پێکهاتووە.

هەندێکی تر پێیان وایە ناوی پێنجوین لەدوو وشەی (پێنج چین)، بەڵام مەبەست لەو پێنج چینەکە، چینی کۆمەڵانی خەڵك یان چینەکانی خاکی شارەکە.

**پێنج وەختە**: کاتەکانی نوێژ کە پێنج جار دەکرێت.

پێنج و دوو رۆژێك: ئەمە لە ئیدیۆم بەکاردێت و مەبەست ماوەیەکی زۆر کەم.

**شەش**: ژمارەی پاش پێنجەو پێنج کۆ یەکە و شەشەم و شەشەمین و شەست و شازدەو وشازدەمین و شازدەهەم، سەرجەم گەردانەی ژمارە شەشن و زۆر وشەی لێکدراو وشەی نویَ لیَ دەبێتەوە، وەك:

**شەستە باران**: بارانی بەلێشاوو زۆر.

شەش تەقەڵ و مانگە شەو (ئیدیۆم)، واتا کاری نارێك و پێك و بیَ تەرتیب.

**شەست تیر**: جۆرە تفەنگێکە کە بەرێژنە گوللە دەهاوێژێت و واتای (رشاش)ی عەرەبی دەگەیەنێت.

شەشبەندی: پیاوی فێڵباز و تەڵەکباز.

**شەشەلان**: ئەو شەش رۆژەی پاش جەژنی رەمەزان دێت و وەك سوننەت موسلمانان بەرۆژوو دەبن و خێری زۆرە. هەندێك پێیان وایە وشەی شەشەلان لەمانگی شەوالی دوای مانگی رەمەزانەوە هاتووە، بەلام بۆچوونی یەکەم راستتر و گونجاوترە.

**شەش یەك**: لەشەش بەش بەشێك.

**شەشخان**: جۆرە تفەنگێکە بۆ راو بەکاردێت.

**حەفت (حەوت)**: ژمارەی پاش ژمارە شەشە و زۆر ژمارەی لیَ گەردان دەبێت (حەفتەم، حەفتەمین، حەفتا، حەڤدە، حەفتایەم، حەفتامین، حەفتە).

**حەفتەك:** ناوە و لە ژمارە هەفتەوە سەرچاوەی گرتووە، واتـا (اسـبوع) بەزمانی عەرەبی و رۆژانی حەفتەش حەوت رۆژە و حەفتەش هەر لە ژمـارە حەفتەوە هاتووە.

**حەفتانە:** ناوە و لە ژمارە هەفتەوە هاتووە و واتای تێپەڕبوونی حـەوت رۆژ بەسەر شتێك، بۆ وێنە: حەفتانەی بووكن جـاران وەك ئێـستاكە نـەبوو، بووك پاش گواستنەوەی بە حەفتەیەك ئاهەنگێكی بچووكی بۆ دەكرا و خزم و كەس و كارو نزیكانی بووكە سەریان لێ دەدا و هەر خێزانێك بـە ئەنـدازەو توانـای خـۆی دیارییـەكی پێـشكەش دەكـرد و شـیرینی و پـاقلاوە دابـەش دەكـرا، ئێـستا هـەر لـەرۆژی بـووك گواسـتنەوە لـەهۆڵی زەماوەنـد دیـاری پێشكەش بەبووك و زاوا دەكرێت و ئاو بێنە و دەست بشوو.

هەروەها موچەی كرێكار و كارمەندان لەهەندێك شوێن حەفتـەی جارێـك دەدرێت و پێی دەڵێین حەفتانە. حەفتانەی مردووش هەیە كە پاش كۆچـی بـە حەفتیـەك ئێـوارەی پێـنج شـەممەی ئـەو حەفتەیـە ژنـان دەچـنە سـەر گۆڕەكەیی و فاتیحا و یاسینی بۆ دەخوێنن.

حەفتانامــە: بــە رۆژنامــەو غەزەتەیــە دەوترێــت كــە حەفتــەی جارێـك دەربچێت.

**حەوت برا:** لەزۆر داسـتان و چـیرۆكی بـەر ئـاگردان باسـی بەسـەرهاتی حەوت برا و خوش دێتە پێشەوە.

**حەوت روح:** زیاتر بە پشیلە دەوترێت گوایە حـەوت روحـی هەیـە، یـان زیندەوەرێك درەنگ گیان بەدەستەوە بدات.

**حەوت جۆش:** جـۆرە مەنجـەڵێكی تایبـەت بـەخواردن دروسـت كردنـە، پەندێكی كوردی هەیە دەڵێت (مەنجەڵی پیاوان بە حەوت ساڵ دێتە جۆش).

**حەفت رەنگ:** حەوت روو، دوو روو، مەرایی كەر، مرۆڤی هەل پەرست.

**حەفت رەنگیلە:** جۆرە باڵدارێكە كە پەڕەكانی رەنگاو رەنگن.

**هەشت:** ژمارەی پاش حەفتەو شـەش كـۆ یەكـە و لـەژمارە هەشـت زۆر ژمارەی تـەرتیبی و دەیان و هەزاران گەردانە دەكرێت، بـە وێنـە (هەشـتەم، هەشتەیەم، هەشتا، هەشتایەم، هەشتامین، هەشت سەد، ... هتد).

هەش بەسـەر: بەدبـەختی و كلۆڵی، پـێم وایـە ئـەو (هەشـە) لـە ژمـارە هەشتەوە هاتووە.

**هەزار مێرد**: گوندێکە لەسەر چناری شاری سلێمانی و ئەشکەوتێکی بەهەمان ناوەوە لێیەتی، واتای هەزار پیاو، دەڵێین هەزار مرد واتا سەرکردەی هەزار سوار کە پلەیەکی سوپایە، هەندێکی تر دەڵێن هەزار مێرد واتا هەزار پاڵەوان، باوەڕوایە جەنگێك لەو ناوچەیە رۆژی داوە و هەزار پاڵەوان بەشداریان لەو جەنگە کردو سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێنا.

**هەشت تیر**: جۆرە دەمانچەیەکە کە شەش فیشەگ دەخوات.

**هەشتەك**: هەشت لەسەر یەك.

**هەشتە**: هەشت رۆژ دوای رووداوی یان بەسەرهاتێك، وەك هەفتە.

با هەشت لەسەر حەفت بێت: وەك پەند بەکاردێت واتا گوێ نەدان با ئەمەش بچێتە پاڵ ئەوانی تر.

هەشتە لە مشتە (پەندی پێشینان).

**نۆ**: ژمارەی پاش هەشتەو هەشت کۆ شەش و دوا ژمارەی یەکانە و چەند ژمارەکی لێ گەردانە دەبێت (نۆیەم، نۆیەمین، نەوەد، نەوەدەم، نەوەدەمین، نۆسەد، نۆ هەزار،...هتد).

ژمارە نۆ لەزمانی کوردیدا بەکارهێنانی کەمترە گەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ژمارەکانی تری پێشەوە هەر بە وێنە بڕوانە ئەم ژمارانە خوارەوە:

**نۆبەرە**: یەکەم منداڵی خێزانو پێی دەچێت هەر منداڵێك پاش نۆ مانگ دێتە دونیاوە، بۆیە یەکەم منداڵ پێی دەوترێت نۆبەرە واتا هاتنی یەکەم منداڵ پاش نۆ مانگ.

**نۆبەر**: مێوەی تازە پێگەیشتوو.

**نۆبەن**: جوانەگای تەمەن سی ساڵە.

**نۆ مانگ**: ماوەی تەمەنی منداڵ لەسکی دایکیدا، لەکاتی سك پڕیدا بەژن دەترێت سکی نۆ مانگە.

**دە**: دوا ژمارەی یەکانەو دوای ژمارە نۆ دێت، ژمارە تەرتیبییەکانی بەم شێوەی خوارەوەیە:

**دەیەم**: ئازاد دەیەم قوتابی بوو، کە چووە پۆلەوە. دەیەمین، دەیەمین یاریزانی دیاری بەرکەوت.

**دەیان**: ژمارەی تەرتیبی (ا تا 10) یەو بە واتای (عشرات).

**دوازدە ئیمام**: چەند گوندێك بەم ناوە هەیە، دوانیان لەناحیەی سیروانی قەزای هەڵەبجە، سێیەمیان لەقەرای کەلارە، وشەکە لێکدراوە، لە ژمارە (دوازدە) و (ئیمام) نازناوێکی موسڵمانان بەسەرکردایەتی (عقبە بن فرد) و

سوپای فورسەکان لە ناوچەی (کفری) روی دا و لە دەرئەنجامی ئەو جەنگە دوازدە ئیمام شەهید بوون، هەندێکی تر پێیان وایە لەو گوندە مەزاری دوازدە ئیمام هەیە.

لەزماندا ژمارەی دە زۆر بەکاردێت، بەوێنە بۆ ژماردنی چەند ساڵ یان چەند رۆژ، یان چەند کیلۆیەك ناوترێت حەوت یان شەش ساڵ و هەندێك زید رەوی لەدیالوگدا بەرچاو دەکەوێت (دە ساڵ چاوەڕێی ئەو رۆژەم کرد) لەوانەش مەبەست چەند ساڵێك بێت یان دەوترێت (دە خولەکە چاوەڕێت دەکەم) و لەوانەشە خۆی چەند خولەکێکی کەم بووبێت چاوەڕوان بووە.

لەچالاکی کۆمەڵایەتی و ئاییني بەکاردێت وەك بەرد بارانکردنی شەیتان لە مەراسیمی حەج و ماڵی خوا یان دە هەزار سوارەی ئەسکەندەری مەکدۆنی یان دە رۆژی رۆژو و گرتنی پێش جەژنی قوربان و زۆری تر.

**ئەنجام:**

**1ـ ژمارە بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن و رۆڵی چالاکانەو ئەکتیڤانەی لەزمانی کوردیدا هەیە.**

**2ـ ژمارە دەتوانێت رۆڵی بەرچاو و دیار لە رۆنانی وشەکانی زمانی کوردیدا ببینێت و بەتایبەتی لە پێکهاتەی ناوی شوێن و جێگا و زۆر دیاردە هەمە جۆرەکانی ژیان.**

**3ـ لەبواری جووتە وشە و دروست کردنی ناو لەژمارەدا زۆر چالاکە و شوێن پەنجەی دیارە.**

**4ـ لەئاستی ڕێزمانیدا دەوری دیارخەر دەبینێت.**

**سەرچاوە:**

**1ـ هەژار موکریانی، هەنبانە بۆرینە، چاپی یەکەم تاران، 1994.**

**2ـ تەها موزەفەر مائی، فەرهەنگی مائی، کرمانجی ـ سۆرانی ـ عەرەبی، هەولێر، 2009.**

**3ــ ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(وشەسازی)، بەشی یەکەم (ناو)، بەغدا، 1979.**

**4ـ ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی چوارەم (ژمارە و ئاوەڵکردار)، بەغدا 1998.**

**5ـ محەمەد تاهیر کوهەرزی، رێزمانا کوردی زارێ کرمانجی، دهۆك، 1999.**

# جۆرەكانی جێناو لە ناوچەی پشدەردا

ئامادەكردنی
ئیسماعیل حەسەن

بەسەرپەرشتی
نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

جێناو لە ناوچەی پشدەردا دەتوانین جیاوازییەكی زۆر بەدی بكەین لەكاتی ئاخاوتنی ئەم ناوچەیە لەڕووی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجییەوە.

لەناوچەی پشدەر كە زۆرێك لە جێناوەكان بەدی دەكرێت . جێناو لەڕووی واتاوە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشدەبن:

1- جێناوی كەسی:

أ- جێناوی كەسی سەربەخۆ

جێناوی سەربەخۆ لە ناوچەی پشدەردا، بەدوو كۆمەڵەی جیا دەردەكەوێت.كە ئەمەش وای كردووە لەگەڵ كرمانجی ناوەڕاستی زمانی كوردیدا جیاوازبێت...

كۆمەڵەی یەكەم بەم شێوەیەی خوارەوەی[1]

| كەسەكان | تاك | كۆ |
|---|---|---|
| یەكەم | ئەمن | ئەمە |
| دووەم | ئەتوو/ئەتۆ | ئەوە |
| سێیەم | ئەو | ئەوان |

1- ئەمن: بۆ كەسی یەكەمی تاك بەكار دێت.

نالی دەڵێت: گوتی(نالی) ئەتۆ بمرە ئەمن دێم
خودا كەی بێ؟ خوداكەی بێ؟ خوداكەی؟! ( دیوانی نالی ،ل713)

2- ئەمە: بۆكەسی یەكەمی كۆ بەكاردێت.

پیرە مێرد دەڵێت: یەك بەیەك هەموو ئەمە ئەزانین
هێشتا ئەسیری جەهل و نادانین (پەندەباوەكان ،ل191)

3- ئەتۆ/ئەتوو: بۆكەسی دووەمی تاك بەكاردێت.

نالی دەڵێت: چەندە پێم خۆشبوو زوبانی مالی مالی دەیوت(نالیا)
هەردوو حەیوانین، ئەتۆ گوێ كورت و ئەفیش گوێ درێژ (دیوانی نالی، ل 228)
ئەتوو / ئەتوو لەگەڵ كێ هاتووی؟[1] (ڕەسوڵ عەبدوڵڵا)

4 -ئەوە : بۆكەسی دووەمی كۆ بەكاردێت .

نالی دەڵێت:خاكی بەری پێت هەم گڵە و هەم گوڵ بەسروشكم
وەقتی غەم و شادی ئەوە كروومە بەسەردا (دیوانی نالی،ل79)

5-ئەو : بۆ كەسی سێیەمی تاك بەكاردێت .

پیرەمێرد دەڵێت:
ئەو كەسەی كە خۆش باوەڕە، بەدەستی خەڵكەوە ،مێكوتی ساوەرە.

(پەندەباوەكان،ل50)

6-ئەوان : بۆ كەسی سێیەمی كۆ بەكاردێت.

بێكەس دەڵێت: ڕێم نیە منیش شوێن ئەوان كەوم
پیرم هەنگاوێك بنێم نەكەوم[2] (دیوانی بێكەس، ل192)

كۆمەڵەی دووەم : لەجێناوە سەربەخۆكانی ناوچەی پشدەر بریتین لە[1]:

| كەسەكان | تاك | كۆ |
|---|---|---|
| یەكەم | من | مە |
| دووەم | توو | وە |
| سێیەم | وی/وێ | وان |

1– من : بۆکەسی یەکەمی تاك بەکاردێت.

عەبدوڵا پەشێو دەڵێت: من لەخەمی تۆ ناترسم!

من دەزانم

خەمەکانت

وردن ،قشتن، ژیکەڵانەن ... ( دیوانی عەبدوڵڵا پەشێو : ل315)

2– مە : بۆکەسی یەکەمی کۆ بەکاردێت.

دێتەماڵێ مە.

هاتەماڵێمە.[2] (ڕسوڵ عەبدوڵڵا)

3– توو : بۆکەسی دووەم تاك بەکاردێت.

ئازاد دێتە ماڵێ توو؟

ئازاد دێتە ماڵێ توو. (ڕسوڵ عەبدوڵڵا)

4– وە: بۆکەسی دووەمی کۆ بەکاردێت.

ئازاد هاتە ماڵێ وە[3] . (وەتمان مام عومەر)

5– وی/وێ : بۆ کەسی سێیەمی تاك بەکاردێت.

دێتە ماڵێ وی_____ بۆ نێر بەکاردێت.

دێتە ماڵێ وێ _______ بۆ مێ بەکاردێت.

6– وان : بۆکەسی سێیەمی کۆ بەکاردێت.

دێتە ماڵێ وان (وەتمان مام عومەر)

ب– جێناوی لکاو : جێناوی لکاو لەناوچەی پشدەردا تەنیا یەك کۆمەڵە بەرچاو دەکەوێت ، کە جیاوازە لەکۆمەڵە جێناوە لکاوەکانی کرمانجی ناوەڕاست زمانی کوردی...

– کۆمەڵە جێناوی لکاوی ناوچەی پشدەر بەم شێوەیەی خوارەوەیە[1]:

| کەسەکان | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | م | ن |
| دووەم | ت | و |
| سێیەم | ی | یان |

1- م : بۆ کەسی یەکەمی تاك بەکاردێت.

نەوەك مەیخانە خاڵی بێ هەتا پیری موغان ماوە

سەرم قوربانت ئەی ساقی کۆڵێ تینوم سەبۆ بێن!

2- ن : بۆکەسی یەکەمی کۆ بەکاردێت .

چیتان فرۆشت ؟ برخن فرۆشتن[1] . (شێخە خدر)

3- ت : بۆکەسی دووەمی تاك بەکاردێت.

ئەو بەهەیبەت کەڵە شێرە ، کەبەهەڵمەت شێرە

کەرەمت کردووە بیستوومە، دەسا بینێرە (دیوانی وەفایی ، ل137)

4- و : بۆ کەسی دووەمی کۆ بەکاردێت .

-چ و دەکرد لەشاخی ؟ مەڕن دەلەوەڕاندن . ئێ مەڕ و دەلەوەڕاندن!

- مەڕ و فرۆشتن.

5- ی : بۆ کەسی سێیەمی تاك بەکاردێت .

جەمالی ڕابیتەی ، وا دڵ بە رە، بەختی خەواڵوشم

بە ئومێدی تەماشایەك هەمیشە چاوی بێدارە (دیوانی مەحوی، ل46)

6- یان : بۆ سێیەمی کۆ بەکاردێت.

هەر بەدوو سێ دەقیقە خنکانیان

زوو فرۆشتیان بەپارە ئیمانیان (دیوانی زێوەر، ل 78)

2- جێناوی نیشانە : بەو وشەیە دەگوترێت کەلەجێی ناوێك بەکاردێت و دەست نیشانی دەکات . فۆڕمی جێناوی نیشانە لەناوچەی پشدەردا بەم شێوەیەیە(ئەهوە، ئەهوانە، ئەهوەلوکە، ئەهوەلوکانە)[1] .

ئەهوە بۆتاکی نێر و مێی نزیك بەکاردێت.

ئەهوانە بۆکۆی نێر و مێی نزیك بەکاردێت

ئەهوەلوکە بۆتاکی نێر و مێی دوور بەکاردێت.

ئەهوەلوکانە بۆ کۆی نێر و مێی دوور بەکاردێت.

ئەهوە/ ئەهوە دێت بۆ شار (دڵشاد کەریم)

ئەهوە گوندی مەیە.

ئەهوە ئی وەیە.

ئەهوانە/ ئەهوانە لەکوێڕا هاتوون؟ (دلّشاد کەریم)

ئەهوانە جوانن.

ئەهوانە دێنەوە .

ئەهوەلوکە/ ئەهوەلوکە دەچێت بۆ بازاڕ (دلّشاد کەریم)

ئەهوەلوکانە/ ئەهوەلوکانە لەکویَ ڕا هاتوون؟ (دلّشاد کەریم)

3- جێناوی خۆیی : ئەم جێناوە لەکرمانجی زمانی کوردیدا لەفۆڕمی (خـۆ) وەرگـیراوە ، کـەواتای خاوەنداریـەتی دەگەیـەنێت . لەناوچـەی پـشدەردا فۆڕمی جێناوی خۆیی بریتی یە لە(ئیـدە+خـۆ) .ئـەم شـێوە ناوچـەییە وای کردووە کەپێشگری (ئیدە) لەپێش فۆڕمی (خۆ) وە دابنرێت بۆزیاتر دلّنیای لەخۆیەتی شتەکە.

ئـــەو ســـەیارانە ئـــی کـــێن؟ ئیـــدەخۆنن، ئیـــدەخۆمن، ئیدەمـــەن ،ئیدەوەن...هتد

شارەکانی هەرێمی کوردستان ئیدەخۆنن.

4- جێنـــاوی هـــەیی: بـــەو جێنـــاوە دەگوترێـــت ، کـــەبۆ خاوەنیـــەتی بەکاردەهێنرێت ،فۆڕمی جێناوی هەیی لەناوچە پشدەردا برییتی یە لە(ئی).

- ئی خۆنن ، ئەکتێبانە ئی وەن، ئەو مالأنە ئی مەن.

5- جێناوی هاوبەش: بریتی یە لەوجێناوەی کەهاوبەشـی دروسـت دەکـات لـەنێوان دوو کـەس یـان دوو شـت . فـۆڕمی جێنـاوی هاوبـەش لەناوچـەی پشدەر بریتی یەلە (یەکدی ، یەکی ، یەکتر).

- لەگەلّ یەکتری دەچن بۆ بازاڕ؟
- لەگەلّ یەکدی دەچن بۆ کوێستان ؟
- لەگەلّ یەکی دێنەوە ؟

6- جێنـاوی نـەرێنی : بریتـی یـە لـەو جێنـاوەی کەحالـّەتی دەگەیـەنێت. فۆڕمی جێناوی نەرێنی لەناوچەی پشدەر بەم شێوەیەیە(چم).

- چت بەدەست کەیشت ؟ چم بەدەست نەگەیشت.
- چم نەدی تا چ وەگێڕم.

7- جێنـــاوی چـــەندیەتی : بریتییـــە لـــەوجێناوەی کواتـــای چـــەندیەتی دەگەیـەنێت . زۆرۆ جـار لەشـێوەزاری پـشدەری زمـانی کوردیـدا لـەپێش جێناوی چەندیەتی پێشگری (هەر) زیاد دەکرێت .

- هەر ئەوەندە.
- هەر چەندە.

8- جێناوی دیار : بریتی یە لەو جێناوەی کەلەجێگەی کەسێکی دیار و ئاشکرا بەکار دهێنرێت. فۆڕمی جێناوی دیار

لەشێوە زاری پشدەر بەم شـێوەیە یـە (حـەموو) ، کەلەجێگـەی (هەموو) ی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردییە.

حەموو چوون بۆشار، حەموو دەچن بۆ مەکتەب، حەموو لەوێ بوون .

8- جێناوی نادیـار :/ بریتـی یـە لـەو جێنـاوەی ،کـەنادیاری دەبەخـشێت. لەشوێنی کەسیك یان شتێك بەکاردێت، فۆڕمی جێناوە نادیارەکانی ناوچەی پشدەر بەم شێوەیەن (بڕەك ، وانەك، هەندێك، شتەك، یەکوو، شتەق ...)

- وانێك چووە بۆ هەولێر .
- بڕەکم پەنیری لەبۆ تێکە.
- هەڕۆ هەندێك بەفرێ بێنە.
- شتەکەت بردەوە ؟
- یەکوو هەڕوون بۆبازاڕ.
- شتەق لەوێ نەبوون.

10- جێنـاوی پـرس : بریتییـە لەجێناوانـەی کەلـەجێی کەسـێك یـان شتێك بەشێوەی پرسیاری بەکاردەهێنرێت . فۆڕمی

جێناوی پرس لەناوچەی پشدەر بەم شێوەیەیە (کیهە، ئەوکی) .

- ئەوکی هات بۆماڵتان ؟
- ئەوکی لێرەیە؟
- کیهە دێت بۆ ماڵمان ؟
- کیهە ماڵی وەیە؟

11- جێناوی لێکدەر : بریتییە لەو جێناوەی کە دوو ڕسـتە بەیەکـەوە دبەسـتنەوە ،وە شـوێنی نـاو لـەنێوان ئـەو دوو ڕسـتەیە دەگـرن . جێنـاوە

لێکـدەرەکانی  ناوچــەی پــشدەر هــەمان ئــەو جێناوانــەن کەلــەکرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی بەکاردەهێنرێن.بریتین لە ( کە، ی، ی کە).

– کوردی دەڵێت : چاوی مەســتت وادیــارە فیتــنەیێ بەرپــا دەکــا خوانی دین وەك (تورکی یەغما یی) بەناز یەغما دەکا (دیوانی کوردی،ل64)

**ئەنجام**

لەکۆتایی توێژینەوەکەماندا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1– جێناو یەکێکە لەبەشەسەرەکیەکانی  بەشـەکانی ئاخـاوتن ،کـەڕۆڵێکی گرنگ دەکێڕێت.

2–لـەکرمانجی ناوەڕاسـتی زمـانی کوردیـدا یـەك کۆمەڵـە جێنـاوی سـەر بـەخۆمان هەیــە ، بــەڵام لەناوچــەی پــشدەردا دوو کۆمەڵــە جێنــاوی سەربەخۆمان هەیە.

3–لەکرمانجی ناوەڕاسـتی زمـانی کوردیـدا چـوار کۆمەڵـە جێنـاوی کەسـی لکاومان هەیە ، بەڵام لەناوچەی پشدەردا یـەك  کۆمەڵـە جێنـاوی لکاومـان هەیە.

4–ناوچەی پشدەر جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ کرمانجی ناوەڕاسـتی زمـانی کوردیدا لەڕووی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجییـە وە  هەیـە، کـە هـەر ئــەم جیاوازیــەش لــەم ڕووانــەوە وای کــردووە ، کــەجیاوازی لــە نێــوان جێناوەکانیشدا دروست بێت.

5–ناوچەی پشدەر لەڕووی ئیدارییەوە سەر بەپارێزگای سلێمانییە، دکتۆر فوئـاد حمـە خورشـیدیش  لـە دابەشـکردنی دیالێکتــەکانی زمـانی کـوردی ،لەگـەڵ شـێوەی سـلێمانی زمـانی کـوردی داینـاوە، بـەڵام لـە ئـەنجامی توێژینەوەکـەمان دەری دەخـەین کـە سـەر بـە شـێوەی موکریـانی زمـانی کوردییە.

سەرچاوەکان

کتێب :

1– ئەحمــەد هــەردی ، ڕازی تــەنیایی ، چــاپی دووەم ، لەســەر ئــەرکی کتێبخانــەی سلێمانی چاپکراوە ، لەبەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سـەلاحەددین لەچـاپدراوە ، 1984.

2– ئەوڕەحمانی حاجی مـارف(د) ، ڕێزمـانی کـوردی ، بـەرگی یەکـەم (وشەسـازی) ، بەشی دووەم( جێناو ) ، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ،بەغدا ، 1987.

3– بـەختیار زێـوەر (دیـوان) ، ئامـادەکردنی مـەحمود زێـوەر ، دەزگـای چـاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ، چاپی دووەم ، هەولێر ، 2003 .

4– بەکر عومـەر عـەلی ( پ . ی . د) و شـێرکۆ حەمەئـەمین ، زارو شـێوەزار ، چـاپی دووەم ، چاپخانەی چوار چرا ، سلێمانی ، 2007 .

5– بێخـود ( دیـوان ) ، کۆکردنـەوە و ڕێکخـستن و لەسـەر نووسـینی مەحەمـەد مـەلا کەریم ، بلاوکردنەوەی کوردستان ، سنە ، 1386 ، 2007 .

6– تۆفیق وەهبی ، دەستووری زمـانی کـوردی ، جزمـی یەکـەم ، بەغـدا ، چـاپخانەی (دار الطباعة الحديثة) ، 1929 .

7– حاجی قادری کۆی ( دیوان ) ، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمیـد مـیران ، کەریم مـستەفا شـارەزا ، پێداچوونەوەی مامۆسـتا مەسـعود محەمـەد ، بلاوکردنـەوەی کوردستان ، سنە ، 2007 .

8– حوسـێن محەمـەد عزیـز ، سـەلیقەی زمانـەوانی و گرفتـەکانی زمـانی کـوردی ، لێکۆڵینەوە و ڕەخنە ، سلێمانی ، چاپخانەی کارۆ ، 2005 .

9– زەرێ یوسـوپۆڤا ( د.) ، شـێوەی سـلێمانی زمـانی کـوردی ، وەرگێڕانـی لەڕووسیەوە ، د . کوردستان موکریانی ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، 2005 .

10– سـەعید سـدقی کابـان، مختـصر و نحـوی کـوردی، بەغـدا، چـاپخانەی نجـاح، 1928.

11– عەبدولا پەشێو ( دیوان ) ، شیعری نوێ ، چاپی یەکەم ، سوید ، 2003 .

12 – فوئاد حەمە خورشـید ( پ) ، زمـانی کـوردی و دیالێکتـەکانی زمـانی کـوردی ، سلێمانی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، 2008 .

13 – قانیع ( دیوان ) ، کۆکردنـەوەی بورهـان قـانیع ، چـاپی پێنجـەم ، چـاپخانەی قانیع ، سلێمانی ، 2003 .

14– کاروان عوسمان ، پەندە باوەکان ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، 2008 .

15– کـوردی ( دیـوان ) ، لێکۆڵینـەوەی محەمـەد مـستەفا (حەمـە بـۆر ) ، بـەرگی یەکەم ، چاپخانەی ئاراس ،هەولێر ، 2010 .

16– گۆران ( دیوان ) ، بلاوکردنەوەی پاییزی ، چـاپی سـێیەم ، چـاپخانەی دالاهـۆ ، 1386 ، 2007 .

17 – مەحوی( دیوان)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محمد مەلا کەریم، چاپی سێیەم، چاپخانەی انتیشارات، کردستان ، 1385 ، 2006.

18– نالی ( دیوان ) ، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس و فاتیح عەبدولکەریم ، بلاوکردنەوەی کوردستان ، چاپی سێیەم ، 1385 ، 2006 .

19– نەریمان عەبدولا خۆشناو ، ڕێزمانی کوردی – بەشەکانی ئاخاوتن ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی منارە ،هەولێر، 2009 .

20– نەریمان عەبدوللا خۆشناو ، ڕێزمانی کوردی ، بەشەکانی ئاخاوتن ، چاپی دووەم ، چاپخانەی منارە ، هەولێر ، 2010 .

21– نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی ، چاپخانەی کامەران ، سلێمانی ، 1960 .

22– نوری عەلی ئەمین ، ئەرك و شوێنی ڕاناوە کەسیەکان لەئاخاوتنی کوردیدا ، بەغدا ، 1987 .

23– نیعمەت عەلی سایە ، ڕێزمانی کوردی – زاری کەلهوڕی ، سلێمانی ، چاپخانەی شڤان ، 2004 .

24– وەفایی ( دیوان ) ، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی انتیشارات ، کردستان ، 1385 ، 2006 .

گۆڤارەکان :

1– ڕێبوار جەمال ئەشرەف ، لێکۆڵینەوەیەکی ڕێزمانی گۆڤاری مەنگوڕایەتیە لە پشدەر ، گۆڤاری قەلاَدزێ ، ژمارە (1) ، 2005 .

2– کوردستان موکریانی (د.) ، جۆرەکانی جێناو و دەوریان لەڕستەی کوردیدا لەدیالێکتی کرمانجیی خواروو و کرمانجیی ژووروودا ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد ،بەرگی حەوتەم ، بەغدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق ، 1980 .

چاوپێکەوتن :

1– ڕەسوڵ عەبدولا ، قەلاَدزێ ، 2010 .

2– دڵشاد کەریم ، شەروێت ، 2010 .

3– شێخە خدر ، شەروێت ، 2010 .

4– وەتمان مام عومەر ، ژاراوە ، 2010 .

مەحازەرەکانی زانکۆ :

1– نەریمان عەبدولَلاَ خۆشناو ، مەحازەرەکانی زانکۆ ،کۆلیَجی زمان -قەلاَدزیَ،2008-2009

# لێكدانەوەی چەند وشەیەكی كوردی

موعتەسەم سالەیی

**یانە:** بەرامبەر بە وشەی (نادی)ی عەرەبی، ئێمەی كورد وشـەی (یانـە) بەكاردەهێنین، ئەمیش وشەیەكی ڕەسەنی كوردییەو تـاوەكو ئـەمڕۆمان لـە كەركووك و ناوچەی گەرمیاندا بەكاریدەهێنین. بۆ نموونە دەڵێین (لەمیانـە) و (لەویانە)، یانی بە واتـای (لێـرە) و (لـەوێ)، بـە زۆری وشـەی (یانـە) بـە مانای مـاڵ، یـاخود خـانوو، یـاخود شـوێن دێـت، بـۆ نموونـە لـە گەرمیانـدا دەوترێت (لەمیانەوە چووم بۆ ئەویانـە)، یـانی (لێـرەوە چـووم بـۆ ئـەوێ). ئەوەتا (مەولەوی)ی شاعیر دەڵێت:

**یانەی دڵ وەفەیز ڕای مەولاناوا**
**تەواو تەڕلان لان (مەولان ئاوا)**

ئەمـەیش بـەو مانایـە دیـت: ئـەو كەسـەی كـە دڵـی خـۆت بـە فـەیز و بەرەكەتی خوا سواق داوە. بۆ نەهێشتنی خەیاڵاتی نەفس وەك بازی چاڵاك وایتە بۆ ڕاوی چۆلەكە، هێلانەكەیشت گوندی (مەولانا)یە (1).

هەروەها مەولەوی دەڵێت:

**دەك هەی دەوڵەمەند یانەت هەر ئاوا**
**بێ باكیم عیللەت دڵ سەردی نییەن**

یانی ئەی كەسێكی دەوڵەمەنـد ماڵـت ئـاوابێتن و نامـە نەنووسـینم بـۆت مانای دڵساردین نییە(2).

هـەروەها تـاوەكو ڕۆژی ئـەمڕۆمان لـە كـەركووك و ناوچـەی گـەرمیان هەردوو وشەی (لەمێ) و (لەوێ)، بە مانـای لێـرە و لـەوێ بـەكاردێن. وەهـا دیارە لە سەردەمی دەسـەڵاتی بابانەكانـدا لـە ناوچـەی سـلێمانیش وشـەی (لەمێ) بەكار هاتووە.

ئەوەتا (نالی)ی هاودەمی ئەحمەد پاشای بابـان لـە شـیعرێكیدا وشـەی (لەمێ)ی بەكار هێناوە و دەڵێت:

**بە كوێری دوور لە (نووری) مایەوە (نالی) لەمێ یا ڕەب**

**فویوزی تۆزی ڕێگەی کوحلی چاوی ئەشکباری بێ**

شاعیری گەورەی کورد (مەحوی)یش کە نزیکەی سی ساڵ دوای نالی لە دایك بووە و لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کۆچی کردووە، ئەویش وشەکەی بەکارهێناوە و لە شیعرێکیدا دەڵێ:

**وەکو ڕۆژ ئەو مەهە لەو دوورە دەرکەوت**

**لە مێوە ئەشك و ئاهی ئێمە سەرکەوت** (3)

**وانا:**

بەرامبەر بە وشەی (درس)ی عەرەبی، ئێمەی کورد وشەی (وانە) بەکاردەهێنین. ئەمەیش هەر وشەیەکی ڕەسەنی کۆنی کوردییە و بە مانای خوێندن دێت.

ئەوەتا شاعیر ڕەنجووری کەرکووکی (1750– 1810) لە شێعرێکیدا ئەم وشەیەی بەکارهێناوە و دەڵێت:

**(وانا) پەی زانا، زانا پەی کەردەن**

**کەردە ککێر و کەڵ دومای مەردەن** (4)

مەلا فەتۆشی کاکەیی (1863– 1919) ستایشی خوێندن و نووسین دەکات و بە بەرزترین و پیرۆزترین شتی دادەنێت، داوا لە یاران و دۆستانی خۆی دەکات، بۆ ئەوەی بڕۆنە لای تاوەکو فێری خوێندەوارییان بکات و لە پارچە شیعرێکیدا وشەی (وانا) بە مانای خوێندن بەکاردەهێنێت و دەڵێت:

**هەرکەس نەزانەن (وانا) شیفاشەن**

**هەم (وانا) نەقاش شیرین نەقاشەن**

**(وانا) هەم بەهلەوان هەم شێری نەڕەن**

**(وانا) گەوهەرەن مەرجان و زەڕەن** (5)

(مەولەوی)یش لە شیعرێکیدا وشەی (وانا)ی بە شێوازی گۆران بە مانای خوێندن بەکارهێناوە و دەڵێت:

**ئومەنای دەوڵەت جەگردین لاوە**

**نەئینیزارەن چەم نەڕووی ڕاوە**

**تەوانای (وانا)ی فەرمان نەمەندەن**

**چەپەر بێ جواو، خەبەر پابەندەن**

یانی پیاو ماقووڵان چاویان لە ڕێیە و بە تەمان نامـەی منیـان پێبگـات، بەڵام من توانای خوێندنەوەی نامەی ئەوانم نەماوە، تا وەڵامیان بدەمـەوە. لەبەر ئەوە مەئمووری پۆستە دۆش داماوە و هیچی بۆ ناکرێت (6)

## * خاڵ.. خاڵۆ:

لێرەدا نامانەوێت باسی ئەو جۆرە خاڵە بکەین، کە هەندێك کەسـان لەسـەر پێستیان دەیکوتن و دەینەخشێنن، بەڵکو لە هەندێك ناوچـەی کوردسـتاندا بە برای دایك دەوترێت (خاڵ) و لـە هەنـدێك شـوێنی دیـشدا پێـی دەوترێـت (خـاڵۆ). گـەر بـەوردی بـچینە بـنج و بنەوانـەی ئـەم وشـەیەوە، بۆمـان دەردەکەوێت کە وشەی (خاڵۆ) کۆنە و بەکارهێنانی وشەی (خاڵ)یش تـازە داکـەوتووە.. ئـەوەتا لـە پەنـدێکی کوردیـدا هـاتووە و دەڵێـت: (خـاڵۆی دەستەوەستان چ لە گەرمیان و چ لە کوێـستان)، هـەروەها ناوچـەی (خـاڵۆ بازیـانی)یـشمان هەیـە.. کـوردیش هـەردەم وتوویـەتی: (خـاڵۆزا) و (مـاڵی خاڵوان).. مێرووییەکی سووری وردیلەیش لەنێو گژوگیادا بەناوی (خاڵۆزا)وە هەیە، گۆرانییەکی کاوێز ئاغـایش هەیـە دەڵێـت: (دە خـالۆ دە خـالۆ)، کـە لەلای ناسری ڕەزازی گۆرانیبێژ بووە بە (دەلالۆ دەلالۆ) کە هەر هەمان مانا دەبەخـشێت.. یـاخود شـاعیرێکی ناسـراومان هەیـە بـەناوی (خـاڵۆی کۆماسی)یەوە. گۆرانییەکی فۆلکلۆریشمان هەیـە کـە دەڵێـت: (هـۆ خـاڵۆی ڕێبوار). شیعرەکەی مەولەویش زۆر ناسراوە کە دەڵێت:

**(خاڵۆ خاڵۆتەن، کەم واچە خاڵۆ**
**خاڵۆ دەم وەبان خاڵانت ماڵۆ**
**شەرت بۆ من جە داخ خاڵۆ خاڵۆی تۆ**
**وێم کەروو وە کوڕ چواردە ساڵی نۆ)**(7)

هەروەها مەولەوی دەڵێت:

**ملان، سەر بەرزان، کۆساران، هەردان**
**بیٚ شەرتان، جەرداخ وەفاتان مەردان**
**چێشەن ئارایش سەرتاوە دامان**
**مەر خاڵۆم وەعەزم سەیرتان ئامان** (8)

## *کۆمار.. سەرۆك کۆمار:

لــه زمــانی هاوچــەرخی کوردیــدا وشــەی (کۆمــار) بەرامبــەر بــە (جمهوریـەت)ی عـەرەبی بـەکاردێت. هـەروەها هندییـەکانیش ئـەم وشـەیە بـەکاردەهێنن و کۆمـار ناویـشیان زۆرە. بنـەڕەتی ئـەم وشـەیە زۆر کۆنـە. عیلامییەکان کە لـە ناوچـەی لۆرسـتانی ئێـستادا فـەرمانڕەواییان کـردووە، گـەورە خواوەنـدی خۆیـان نـاوی (کومـار بـی) بـووە، کـە بـەمانای بـاوکی خودایان دێت (9) .

مەولەوی لە لاواندنەوەی قادر بەگی کەیخەسرەو بەگی جافدا کە بە گوللەی وێڵ کوژراوە، وشـەی (سـەرکۆمار)ی بـەمانای (سـەرۆك هـۆز) بـەکارهێناوە دەڵێ:

**سیامالْ ماتەم، سەرکۆمار دڵتەنگ**
**تەلەبە پەشێو، مەدرەسە بێ دەنگ**
**هیچ دیار نییەن کەست جەویر بۆ**
**مشیۆ گەرمیان خاکیش دڵگیر بو** (10)

بەمانای ئەوەی کە بەهۆی مەرگی تۆوە ناو دەوارەکان پرسە و تەعزیـەن و سەرۆك هۆزەکان خەفەتبارن و فەقێکان پەشـێون و حوجرەکانیـان دەنگی خوێندنیان لێوە نایەت.

***تۆپزاوە.. خالدییەکان:**

لە خوارووی شاری کەرکووکدا گوندی تۆپزاوە هەیە. هەروەها لـە پارێزگـای هـەولێر و سـلێمانی و چـەند ناوچـەیەکی تـری کوردسـتاندا تـۆپزاوا هـەن. هەندێك وەهای بۆ دەچن گوایە ئەم ناوە لە دوو وشەی لێکـدراوی (تـۆپز) و (ئاوا) پێکهاتووە، بەنامای ئەوەی گوایە کاتی خۆی بـە تـۆپزی و زۆرەملـێ ئەو گوندانە دامەزراون.. مێژووی تۆپزاوەی پارێزگای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ هەزار سالْ بەر لەدایك بوونی سەرورەری مەسیح و بۆ سەردەمی خالیدییەکان لـە ولاتـی ئۆرارتـۆ و ئەوسـایش نـاوی (تـۆپزە) بـووە. نـاوی تۆپزاوەکـانی کوردستانیش هەر لەو بنەمایەوە هاتووە. (مینەواس)ی پاشای خالیدییەکان لە سـەدەی نـۆ و سـەرەتای سـەدەی هەشـتەمی پـێش زاینیـدا ناوچـەکانی ڕۆژئاوای گۆمی ورمـێ تـاکو ڕۆژهـەلاتی داگیرکـردووە. گـەورە خواوەنـدیان بـەناوی (هالـدی)یـەوە لـە موساسـیر بـووە، کـە ئـەمڕۆ بۆتـە (موجـسیر) و

دەكەوێتە هەژدە كیلۆمەتر لە سەرووی شاری ڕەواندزەوە لە كوردستانی عێراقدا و لە ڕۆژئاوای گوندی تۆپزاوە، كە لە كاتی خالیدییەكاندا بە (تۆپزە) بەنێوبانگ بووە. (11) ئێستا لە كوردستاندا عەشرتێك بەناوی خالیدییەكانەوە هەیە و بنج و بنەوانەیان دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتی خالیدی كە لە وڵاتی ئۆرارتۆ یاخود ئاراراتی كوردستاندا فەرمانڕەواییان كردووە. هەندێك لە خالیدییەكان لە ڕۆژی ئەمڕۆدا ڕەچەڵەكی خۆیان بە هەڵە دەگەڕێننەوە بۆ سەركردەی موسوڵمانەكان خالیدی كوڕی وەلید. لە كاتێكدا خالیدی كوڕی وەلید بە تەنیا یەك كوڕی هەبووە بەناوی (سلەیمان)ەوە كە وجاخ كوێر بووە و منالی نەبووە..!

چەندین شیعری فۆلكلۆری بەسەر گوندی تۆپزاوەی شاری كەركووكدا وتراوە، وەكو ئەوەی دەڵێت:

**ڕۆخانە هاتووە وەبەرزی دیوار**
**تۆپزاوە خۆش بێ جێگەی كلاولار**
**خۆمن نەمزانی تۆپزاوە شارە**
**قایم نشین جێی مشكی لارە**
**كوت كوتم بكەن بمدەن بە ئاوە**
**تۆپزاوە خۆشە خۆم دێم بە دواوە**
**تۆپزاوە خۆشە خاكی دلگیرە**
**هەركە لێی دەرچێ حەوت ساڵ یەخسیرە**(12)

## * گورد:

لە زمانی فارسیدا وشەی (گورد) بەمانای ئازا و پاڵەوان دێت. ئەوەتا فایەق بێكەس میللەتی كورد بە گورد و پاڵەوان وەسف دەكات و دەڵێت:

**ئەم كوردە گوردە ئێستا كە بێ كەس و هەژارە**
**ملی بۆ شیری دوژمن خوار و كەچ و لارە**(13)

هەروەها (ئەسیری)ی شاعیریش هەمان وشەی (گورد)ی بۆ وەسفی كورد بەكارهێناوە و دەڵێت:

**پیرۆز بێ جەژنی تۆ ئەی كوردی گوردی بەوەفا**

**سەد جەژنی وا بدینی بەدڵخۆشی و سەفا** (14)

## * کورد.. کوردستان:

لە مێـژووی کۆنـدا هـەردەم میللـەتێك بـەناوی (کـاردا.. کـیردی.. کیرتـی.. کاردۆ.. کاردۆخی.. کاردۆئین و.. هتد) هەبووە، بەڵام بۆ یەکەم جـار نـاوی (کورد) لە سەردەمی ساسانییەکاندا هاتووە. ئەردەشێری بابـەکان دانـەر و دامەزرێنەری بنەماڵەی ساسانی لە ساڵی لە ساڵی (226) ی پێش زاینیـدا، کە باسی دوژمنەکانی دەکا، دێتە سەر (مادیگ) ناوێك کە پاشای (کـوردان) بووە. (15)

وشەی (کوردستان) بۆ سەردەمی سەلجووقییەکان دەگەڕێتەوە. بـۆ یەکـەم جار گەڕیدەی بـەناوبانگی ئیتـالی (مـارکۆ پۆلـۆ) کـە لـە سـاڵی (1323) ز مردووە، سەردانی کوردسـتانی کـردووە و نـاوی کوردسـتانی بـەکارهێناوە. باس و تاریفی ویلایەتی کوردسـتان و شـازدە ناوچـەکەی لـە کتـێبی (نزهـە القلـوب)ی حەمـە دولـڵای مـستەوفی قەزوینیـدا هەیـە، کـە نزیکـەی سـاڵی (1340)ی زاینی تەواوکراوە.

هەر ئەم کتێبەی قەزوێنیش بە سەرچاوەیەکی تۆمـاری مێـژووی ناوهێنـانی (کوردستان) لە قەڵەم دراوە (16).

پەراوێزەکان:

1- دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسینی مەلا عەبدولکـەریمی مـودەڕیس. چـاپخانەی (النجـاح). بەغـدا (1961) لاپــەڕە (94).

2- دیوانی مەولەوی- سەرچاوەی پێشوو.. لاپەڕە (123).

3- بڕوانە گۆڤاری (ڕامان) هەولێر/ ژمارە (96) ساڵی (2005). زمانی پاشا و زماتنی ڕەعیەت. بە پێنووسی: فەرهاد شاکەلی- لاپەڕە (123).

4- فەرهـەنگی (ماچـۆی) کاکـەیی، هاشـم عاسـی کاکـەیی، کـەرکووك، (2006) لە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکووك- لاپەڕە (167).

5– گۆڤاری (گەرمیان). دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا – ساڵی (2008) ژمارە (21)، مەلا فەتۆشی کاکەیی، نووسینی هەردەوێڵ کاکەیی – لاپەڕە (30).

6– دیوانی مەولەوی... لاپەڕە (142).

7– دیوانی مەولەوی. کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس. بەغدا (1961) ل 222.

8– دیوانی مەولەوی. ل 161

9– بێهزاد خۆشحاڵی. فیلۆلۆژیای زمانی کوردی و مێژووی کوردستان. و: مستەفا غەفوور. دەزگای موکریان. ل 83.

10– دیوانی مەولەوی ل394.

11– دکتۆر جەماڵ ڕەشید. لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری. دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی. بەغدا 1988. ل 26.

12– هەردەوێڵ کاکەیی. ئاوایی تۆپزاوە لە تەمەنی سەد ساڵیدا. دەزگای ئاراس. هەولێر (2007) ل (12–13).

13– دیوانی فایەق بێکەس. ئامادەکردنی: محەمەدی مەلا کەریم. چاپخانەی الادیب. بەغدا (1980) ل (65).

14– دیوانی ئەسیری. ئامادەکردن و پێشکەشکردنی د. کوردستان موکریانی. پێداچوونەوە و بەراوردی ئەحمەد تاقانە. دەزگای ئاراس. هەولێر (2006) ل (40).

15– ئارشاك سافرستیان. کورد و کوردستان. وەرگێڕانی: ئەمین شوان. دەزگای ئاراس. هەولێر (2005) ل (20).

16– چەند وتارێکی کوردناسی. لە ڕووسییەوە: ئەنوەر قادر محەمەد. بنکەی ژین. سلێمانی (2008) ل (272).

# سیٚ (یا) و یەك مراوی

نزار سابیر

لەکوردی "سۆرانی"دا سیٚ دەنگی (ی) هەن کە سیٚ ئـەرکی جیاوازیـان هەیە، بەڵام لـە کـوردی بـە (ئـەلفوبیٚ عـەرەبی)یـە نووسـراوەکەی ئـەمڕۆی کوردستانی عێراقدا هەر بەیـەك پیـت هێمایـان بـۆ دەکرێـت، ئـەویش پیتـی (ی)ە، کە لەقوتابخانەکان دا زۆرجار بۆ ئاسانکردنی ناسینەوە و فێربـوونی لای منداڵان "یای مراوی"ی پیٚ دەڵێن.

ئـەم (ی)انـە دووانیـان کـورت دەردەگـوترێن (لـەفزدەکرێن) و تونـدی دەخرێتە سەر یەکەم دەنگ حەرفی دوا بڕگەی پێش خۆیـان: (تـەڕی کـرد، ئازادی برای) هەرچی سێیەمەکەیە، درێژ دەگوترێت و توندی دەخرێتەسـەر دەنگ حەرفەکەی راستەوخۆ پێش خۆی: (تەڕی، ئازادی).

وەزیفەکانی ئەم سێیە ئەمانەن:

1ـ ڕاناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك.

نموونـە: نـانی خـوارد، لێـرەدا ئـەو (ی)ە جێگـەی ڕانـاوی (ئـەو)ی گرتۆتەوە، واتە:

ئەو نانی خوار.

2ـ ئامرازی ئیزافەکردن یان تەمەللوکە.

نموونە: نانی نیوەڕۆی خوارد. یان: نانی منە.

3ـ پاشگرێکە:

یان سیفەت دەکات بە ناو: (تەڕ ← تـەڕی) (بـاش ← باشـی) (ئـازاد ← ئازادی)

یـان نـاو دەکـات بـە سـیفەت: ئـاو ← ئـاوی، خـاك ← خـاکی عێـراق ← عێراقی

یان ناوێکی بەرجەستە دەکاتە حاڵـەتێکی نابەرجەسـتە: گـاوان گـاوانی هاوپەیمان هاوپەیمانی ڕۆژنامەوان ڕۆژنامەوانی

یـان دوادەنـگ لـە دەنگـەکانی وشـەیەك پێکـدەهێنێت: چـی، یـاری، سلێمانی، ناڵی.

نووسینی ئەم سێ دەنگە هەر بە حەرفی (ی) بێ کێشە نییە. دیارە لـە تیپێکـی تۆپتـۆپێن دا یـەك (حەمـە) نـاو هـەبێت باشـترە لەسـیان، چـونکە لێکچوون و لێتێکچوون ئاسان دەبن بەخزم، سپاردنی پتر لە وەزیفەیەك بـە دەنگ حەرفێك یان بە وشەیەك، ئەگەر جاران وەك کەرەستە بۆ (جیناس) و (موعـەمما)ی شـیعری کلاسـیك جـێ هێـز بووایـە، ئـەوا ئـەمڕۆ بـۆ ڕوونـی و ڕەوانی لێکگەیشتن لەسەردەمی شۆڕشی زانیاریدا بێگومان جێ لاوازییە.

نووسینی ئەم سێ دەنگە وەزیفەی جیـاوازە کتومـت بەهـەمان حـەرفی (ی) هەم دەبێتە هۆی مەبەست لێتێکچوون و هەم دەبێتـە هـۆی شـێواندنی خێرایـی و ڕەوان خوێندنـەوە. بەتایبـەتی کـە ئیحتیمالـەکانی کۆبوونـەوەو بەسەریەکدا هـاتنی هـیچ نـەبێت دووانیـان گـەلێك زۆرن. تەماشـایەکی ئـەم نموونانە بکە:

**بارام ئازادی ڕۆژنامەوانی بینی.**
**بارام ئازادی ڕۆژنامەوانیی بینی.**
**بارام ئازادیی ڕۆژنامەوانیی بینی.**

**ڕۆژهەڵاتناسەکە کوردی ئێرانی هەڵبژارد.**
**ڕۆژهەڵاتناسەکە کوردیی ئێرانی هەڵبژارد.**
**ڕۆژهەڵاتناسەکە کوردیی ئێرانیی هەڵبژارد.**

نووسەرانی ئێمە، کە زۆربەیان هـەر بـە "هەسـت" کـوردی دەنووسـن و سەر لە ڕێزمانەکەی دەرناکەن، هەندێك جار ئەوەنـدە بێباکانـە دەنووسـن، کە ئەگەر بێت و بۆ نموونە بنووسن: "یاری من جوانترە لەهی تۆ"، نازانیت مەبەستیان لە "یار"ە یان لە "یاری"ە، هەندێکیش، کە دەرك بەم کێشەیە دەکـەن، هـەر جـارەی بـەجۆرێك و هـەر یەکـە بەڕێگـەی خـۆی هـەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن.

بـۆ نموونــه هەنـدێك بـۆ جوداكردنــەوەی جۆرەكـەی سـێیەم دوو (ی) بەسەریەكەوە دنووسن: ڕۆشنبیریی، هاوپەیمانیی.

هەندێك تەنیا ئەوكاتە دوو (ی) بەسەریەكەوە دەنووسن، كە (ی)ەكـەی جۆری سێیەم جۆری یەكـەم یـان دووەمـی بـەدوادابێت، ئەمـەش دیـارە بـۆ ئـەوەی سـێ (ی) بەســەریەكەوە نەیــەن: دەســتووری كــاتیی دەوڵــەت، هاوپەیمانیی كوردستان.

هەنــدێكیش (ی)ە كورتــەكانی ئیزافــە و ڕانــاو بــەجودا لــەدوای (ی)ە پاشگرە درێژەكەوە دەنووسن. تۆفیق وەهبی، كە وەك زمانەوانێكی شارەزا گرنگی لێكجوداكردنەوەی ئەو (ی)انـەی دەزانـی، لـە كتێبۆكەكـەی (قواعـد اللغــة الكرديــة)ی ســاڵی 1956ی دا بــەم شـێوەیەی نووسـیوە: كـوێرایی دائەهات.

دیارە ئەوكاتە لەڕووی تەكنیكی چاپكردنەوە ئیمكانییەتی ئەوە نەبووە، دوو (ی) بەسەریەكەوە بنووسـرێن بـەبێ ئـەوەی پێكـەوە بلكێنـرێن. بـەڵام ئـەمڕۆ ئەمـە هەیـە. بۆیـە هەنـدێك نووسـەر وەهـای دەنووسـن: كـوێرایی دائەهات، هاوپەیمانیی كوردستان، دەستووری كاتیی دەوڵەت.

ئەم ڕێنووسە دوایین چارەسەرێكی تاڕاددەیەك باشە، بەڵام هێشتا تەواو نییە، چونكە زۆرجار لەداڕشتنی ڕستەیەكدا دوو وشە بەسەریەكدا دێن، كـە بە (ی)ی درێژ كۆتاییان هاتووە. بۆ نموونە:

"دەستەڵاتی سیاسی زمانی كوردی هـەروەك كەرەسـتەیەكی سیاسـەت تەماشا دەكات".

لــەم ڕسـتەیەدا ڕەنگــە گــەلێك زەحمــەت نــەبێت، بــە تــەواوكردنی خوێندنـەوەی هـەموو ڕسـتەكە لـەمانای ڕسـتەكە تێبگـەیت. واتـە، مانـای وشەكان ڕێنوێنیت بكەن، كە دەستەواژەی "دەستەڵاتی سیاسـی" بكـەرەو "زمـانی كـوردی" تەواوكـەرە یـان (مفعـول بـە)ە، كـە وەك كەرەسـتەیەكی سیاسـەت تەماشـا دەكرێـت. بـەڵام ئەگـەر وشـەی "زمـان"مـان لەڕستەكە دەرهێناو "كوردی"مان بەتەنیا نووسی، وەك چۆن دەڵێین "ئینگلیزی" یان "فارسـی" بـەبێ ئـەوەی شـەرت بێـت، هەمیـشە "زمـان" لەپێـشیانەوە دووبارەبكەینەوە:

"دەستەڵاتی سیاسی کوردی، هەروەك كەرەستەیەكی سیاسەت تەماشا دەكات".

لێرەدا مرۆڤ یەكسەر هەر سێ وشەكەی "دەستەڵاتی سیاسی كوردی" وەكو بكەری ڕستەكە تێدەگات و بەسەریەكەوە دەیانخوێنێتەوە. چونكە (ی)ەكانی كۆتایی وشەكان پێش هەموو شتێك وەها دێنەڕوو كە وشەكەی دوای خۆیان وەكو سیفەت ئیزافەبكەن. تەنیا پاش تەواوبوونی خوێندنەوەی ڕستەكە بۆت دەردەكەوێت كە شتێك لەڕستەكەدا كەمەو مانا نابەخشێت.

ئەمە بەوە چارەسەر دەكرێت، كە (ی)ە درێژەكەی جۆری سێیەم وەكو حەرف لەدووانەكەی دیكە جودابكرێتەوە، تا یەكسەر لەكاتی خوێندنەوەدا لەڕێی هێماكانیانەوە لێكبناسرێنەوە، نەك پاش تەواوكردنی خوێندنەوەی ڕستەكەو لەڕێی ماناكەیەوە. بەشێكی گرفتەكە لەوەدایە، مرۆڤ بەمەودای ئیمكانییەتە لەبەردەستدابووەكانی (ئەلفوبێ)وە بەستراوەتەوە. ڕەنگە لە ئەلفوبێ لاتینییەكەدا ئەو جوداكردنەوەیە ئاسانتر بووایە، ئەوەش بە بەكارهێنانی حەرفی (y) بۆ (ی)ە درێژەكە و حەرفی (i) بۆ كورتەكان): hawpeymanyi Kurdistan.

من دەبینم، لەسۆرانییە بەلاتینی نووسراوەكەشدا، هەروەكو لای كورمانجی بۆ (ی)ە درێژەكە هەر حەرفی (i) یان (i)ی چوكڵە بەسەر بەكاردەهێنرێت. بەڵام دەبێ ئێمە ئەوە بزانین، كورمانجی كێشەی ئەم (ی)ە زۆرانەی نییە. لە كورمانجیدا ڕاناوی لكاو لە حاڵەتی ڕابردوودا نییە (نموونە: ئەوی نان خوار) و ئامرازی ئیزافەكردن و تەمەللوكیش بەگوێرەی نێر و مێ و تاك و كۆ دەگۆڕێت (نموونە: دایكا من، بابێ من، بەرخێن مە).

لە ئەلفوبێ عەرەبییەكەدا، كە لەهەردوو دیوی عێراق و ئێران دا"سۆرانی"ی پێ دەنووسرێت، گەرەكە بۆ (ی)ە درێژەكە حەرفێكی نوێ پەیدابكرێت یان دەستكاری (ی)ەكەی ئێستا بەشێوەیەك بكرێت كە ئاشكرا جودابكرێتەوە. كۆڕی زانیاری كورد، كە نووسەرەكانی لە حەفتاكانی سەدەی پێشوودا هەوڵی چارەسەركردنی ئەم گرفتەیان دابوو، بۆ (ی)ە درێژەكە (ی)ەكی داش بەسەری بەكاردەهێنا. من وەهای بە باشتر دەزانم، حەرفێكی تەواو جودا بۆ ئەو مەبەستە پەیدا بكرێت، بۆ ئەوەی مەودای تێكەڵبوونی لەگەڵ كورتەكان دا تەواو تەنگ ببێتەوە. خۆ ئەگەر ئەوەش

نەکرێت، (ی)ە داش بەسەرەکەی کۆڕ ئیلاجێکی خراپ نییە، هەتا ئەو جۆرە یایەش لەچاپخانەکان دا دادەڕێژرێت و وەك فۆنتیش بۆ کیبۆردی کۆمپیوتەرەکان حازردەکرێت، ئەوە پێشنیار دەکەم، کە (ی) ـ وەك ئەوەی لە عەرەبی دا هەیە ـ بەکاربێت، بەشەرتێك بە (ی)ە کورتەکەوە نەلکێنرێت ئەگەر بەدوای‌دا هات، بەو شێوەیە ڕادێین ئەگەر لە کۆتایی وشەیەکدا هێمای (ی)مان بینی، یەکسەر بزانین ئەوە نە ئامرازی ئیزافەکردنە بۆ وشەکەی دوای خۆی، نە ڕاناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك. ئەو کاتەش، ئەو پشووە کورتانەی لە ڕستەسازی‌دا بەپێی پێویست ئۆتۆماتیکییانە لەکاتی قسەکردن دا ڕەچاویان دەکەین، لەخوێندنەوەش دا دەیانکەین. بۆ نموونە، ئەگەر ڕستەکەی سەرەوە بەم شێوەیە ببینین: "دەستەڵاتی سیاسی کوردی وەك کەرەستەیەکی سیاسەت تەماشا دەکات". و ئاگاداری ئەوەش بین، کە (ی) و (ی) دوو حەرفی وەکو (ر) و (ڕ) جودان، ئەوسا "کوردی" وەکو سیفەتی ئیزافەکراو بۆ "دەستەڵاتی سیاسی" نابینین و پشووەکەی نێوانیشیان لە خوێندنەوەدا ڕادەگرین. خۆ ئەگەر هەروەکو گوتمان، ئەو دوو حەرفە لەشێوەدا تەواو جودا بن، ئەوا لێکتێکەڵبوونیان زەحمەتتر دەبێت.

دەبێ ئەوە بزانین، ڕێنووس تەنیا ڕەسمکردنەوەی ئەو دەنگانە نییە کە لە ممانەوە دێنەدەری، بەڵکو هەروەها داڕشتنەوەی بێنراوانەی ئو ڕێسا زمانەوانییانەیە کە هۆشمان پێیان دەشکێت. ڕێنووس نووسینەوەی تەنیا ئەوە نییە، بەگوێ دەبیستین، بەڵکو هی ئەوەشە، بە ئەقڵ دەیزانین، نەخشاندنی تەنیا فۆنەتیك نییە، بەڵکو هەروەها هی ڕێزمانیشە. تۆ لەئینگلیزی دا کە قسە دەکەیت دەڵێیت (ئیتس its)، بەڵام نانووسیت (its)، بەڵکو دەنووسیت (it it یان it’s) ئەو چوکڵەیە نیشانەی ئەوەیە، کە دەنگێك لەو نێوانەدا لەبەر پێداویستی‌ی فۆنەتیك خوارەوە. لە ئەڵەمانی دا ناوانی وەکو (Rad ڕاد، واتە ڕێچکە) و (Rat ڕات، واتە کۆڕ یان ئەنجومەن) کە دەکرێن بەکۆ، وەها دەردەگوترێت (Rede ڕێدە، Rete ڕێتە).

بۆیە لەکۆنیشدا هەروەها دەنووسران. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمانە بەم شێوە نووسینەیان لەگەڵ ناوان و کردارانی وەکو (Rede قسە، Rete

ڕزگاربکه یان ڕزگار دەکەم) تێکەڵ دەبوون، هاتن حەرفی (ä) یان داهێنا. بەو شێوەیە، کۆی (Rad و Rat و هتد) بوو بە (Räde و Räte و هتد).

لە کوردی یشدا، هەرچەندە کاتێك ئەو (یا)انە) بەسەر یەکدا دێن دەنگەکانیان تێکەڵ دەبن، بەڵام دەبێ هەر بنووسرێن. بۆ نموونە، کە دەنووسێت (یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەستووری کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، هاوپەیمانی کوردستان)، ڕەنگە ئەمڕۆ بۆ کەسێکی دانیشتووی کوردستانی عێراق هیچ گرفتێك نەبێت، لە مەبەستەکانیان تێبگات. بەڵام ڕەنگە بۆ کوردێکی ئێران، کە ئاگای لە پشتەکییە عەرەبی یەکان نییە، یان کورمانجی تورکیا یان بێگانەیەك، کە خۆیان فێری سۆرانی دەکەن، یان کوردێك کە لە ئایندەیەکی دووردا ئەم جۆرە دەربڕینانە لەشێوەی تێکستی دۆکەمێنتان دا دەکەونە بەردەمی، زەحمەتبێت بەهەمان مەبەست لێیان تێبگات. ئەوکاتە دەکرێ ئەمانە وەها بێنە تێگەیشتن، کە بە عەرەبی بکەنەوە (اتحاد وطن کردستان، دەستور زمن ادارة الدولة، حلیف کردستان). بۆیە دەبێ (یا)کان بەدوای یەکدا بنووسرێن و بۆ (یا) درێژەکەش، وەکو پێشتر باسم کرد، من جاری حەرفی (ێ) پێشنیار دەکەم: (یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان، دەستووری کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، هاوپەیمانیی کوردستان) یان بۆ نموونە (دیکتاتۆریی بەعس ئازادیی کوشت).

بۆ لێکگەیشتنی خێراتر و پاسپاسێنی باشتر لەتیپی تۆپتۆپێنەکەدا مندالان کۆڵانان بیرکردنەوە و خۆماندووکردنێکی زۆریان ناوێت، تا "حەمە"کان بەناونیشانی دیکە لێك جودابکەنەوە. بەڵام ـ ئەو با بڵێین ـ "ڕیفۆرمە زمانەوانییە"ی لە تیپێکی چەند کەسیدا بەحوکمی زەروورەت دێتە پێشێ و ئاسان و ئۆتۆماتیك دێ بەدەستەوە، مەرج نییە لەنێو گروپێکی چەند ملیۆنیدا، کە هەزاران کەس لەخوێندنگەکان و فەرمانگەکان و ڕۆژنامەکان و تەلەفزیۆنەکان دا تاك تاك و تیپ تیپ خەریکی تۆپتۆپێنی زمانن، وەها ئاسان و ئۆتۆماتیك بەدەستەوە بێت.

لە گەلێك وولاتدا، کە دەرك بە گرنگیی کارایی و ووردێتی ئامرازی زمان لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و میللەتدا دەکرێت، سیاسەت ئەرکی ڕێکخستن و شەرعییەت پێ دان و گشتاندنی ڕیفۆرمە زمانەوانییەکان

دەگرێتــە ئەســتۆی خــۆی. بــۆ ئــەم مەبەســتە دەزگــای "ڕێنووســی orthography" هەیـە، کـە بڕیارەکـانی دەبنـە ڕەسمـی پـاش ئـەوەی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشـنبیرییەوە پەسـەند دەکـرێن. ئـەوجا ئەگـەر هـات و بڕیـــاردرا لەســـەر گـــۆڕینی شـــێوەی نووســـینی دەنگێـــك، لکانـــدن و جوداکردنـــــەوەی پاشـــــگرو پێـــشگرێك، جوداکردنـــــەوەی یـــــان بەسەریەکەوەنووسینی وشەیەکی پێکەوەنراو، یان بۆنە و جێ بـەکارهێنانی داشێك یان کۆمایـەك، ئـەوا، هـەروەکو لەهـەردوو ڕێنووسـە کـۆن و تازەکـە قبوولْ دەکرێن. بەڵام پاش بەسەرچوونی ماوەکە ئیدی دەبێ قوتابخانەکان و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و هتد پابەندی گۆڕانکارییەکان بن.

لەکوردستانی خۆمان دا، کە حکومەتەکانی هەرێم بەو هەموو وەزارەتـە زۆر و زەبەندانەیانەوە هێشتا دەرکیان بە گرنگیی ئەوە نـەکردووە، لـەدوو ڕێیانەکانی نێوان شارەکاندا بەدوو پارچە نووسین بەشێوەیەکی ڕێکـو پێـك ڕێنووێنیی لێخوڕان بکەن، تۆزێك زۆر و ساویلکانەیە، حاڵی حازر چاوەڕێی ئەوە لە سیاسەت بکەیت، دەرك بە گرنگیی چاکردنی ڕێنووسی بەردەستی منداڵانی قوتابخانە و ئەندامانی پەرلەمانەکەی خۆی بکات.

بەڵام ئەمە ئـەوە ناگرێتـەوە، نەکەوینـە چـاکردن و گونجانـدنی زمـان و ڕێنووسەکەمان. کـوردی ئەوەنـدەی کوردسـتان دامـاوی ئاوەدانکردنـەوە و چاکردن و ڕێکخستنە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ پێش هەموو شتێك خەڵکەکـە لـەم پرسـە بـە ئاگـابهێنین. ئـەوەش بـەکردنی بەمـەوزووع و کەرەسـتەی موناقەشـە لەسـەر ڕووپـەڕی ڕۆژنامـەو میـدیا بینـراو و بیـستراوەکان. لـەم حاڵەتەدا باشتر وەهایە، بەتایبـەتی ڕۆژنامـەکان بۆچـوون و پێـشنیارەکانی خۆیان بخەنـەڕوو و جـارێ پێـڕەوی ئـەو ڕێنووسـە بکـەن کـە بەڕاسـتترینی دەزانن. بەمـە هـیچ نـەبێت دەگەینـە بینینـی ڕێنووسـانێك، کـە لـە ئاگـاوە پەیدابوون نەك هەر لە خۆوە و بێ بیرکردنەوە. ئەمـەش ڕەنگـە لەکۆتایـدا بمانگەیەنێتـە ڕێکـەوتن لەسـەر بەشـێك لـە پێـشنیارەکان، ئەگـەر لەسـەر هەمووشیان نەبێت.

# زمانی دکتۆرەکان، زمانێکی دکتاتۆرانەیە؟!

سەلام ناوخۆش

**دەروازەیەك:**

زمان و مرۆڤ و کۆمەڵگا سێکوچکەیەك پێکدەهێنن، هەرسێك بەیەکەوە پرۆسەی پەیوەندیکردن فەراهەم دێنن. زمان لەەس رهەر بنەماو شەنگستێك پێناسە بکرێ، ناتوانرێ لەو (ڕەوت) و (ئاراستە)یە دوور بکەوینەوە، کە زمان ئادەمیببوونی مرۆڤ دەگەیەنێ. ئەو چەمکی (ئادەمیبوون)ە، بەشێکی پەیوەستە بە فەلسەفەی ئایینەوە، بەشێکی تر پەیوەستە بەپێکهاتەی ئافراندنی سیستەمی (سەر ـ head) ی مرۆڤەوە.

لەسەری مرۆڤدا ئامێرێکی تایبەت بەزمان هەیە. ئەو ئامێرە پێی دەوترێ: ئامێری وەرگرتنی زمان ـ Language Acquisition Device. ئەو ئامێرە بەگوێرەی زمان و دایەلێکت و شێوەزاری هەر مرۆڤێك دروستکراوە ! !

وێڕای زمانی دایك، ئەو ئامێرە هەموو زمان و دایەلێکت و شێوەزارو بنزاری تر وەردەگرێ. ئەو ئامێرە دەگەڵ وەرگرتنی هزر ـ Thought و فەلسەفە ـ Philosophy ئایین ـ Religion جیاوازییەکی هەیە. ئەو ئامێرەی زمان لەتەمەنی گەنجێتی مرۆڤ زۆر کارایە. دەکرێ، بۆ نموونە، کوردێکی هەندەرانی دایك سویدی لەکۆمەڵگای بەریتانی لەیەك کاتدا (سێ) زمان فێر ببێ: زمانی دایك کە زمانی سویدیە، زمانی خوێندن و دەوروبەر کە ئینگلیزیە، زمانی باوکی کە کوردییە! بەڵام باوکی ئەو کوڕی ئەو شیانەی نییە، زۆریش بە دروست و ساغلەمی فێرنابێ، جگە لەزمانی ژنە

سویدییەکەی نەبێ، کە ئەویش لە ڕێگای پەیوەندی (سەرجێی و پێکەوە ژیانی هەمیشەیی) فێری دەبێ نەك بۆ خوێندن!

هزرو فەلسەفەو ئایینداری لەقۆناغی (کامڵ بوون)ی مرۆڤ دەستپێدەکەن، نەك گەنجێتی. زۆر دەگمەن نەبێ هەرگیز لەتەمەنی هەرزەکاری هزرڤان، فەیلەسوف یان پێغەمبەر یان زانایەکی ئایینی هەڵناکەوێ!

بێگومان کەم کۆمەڵگا هەیە، کۆمەڵگایەکی تاك چینی، تاك ـ زمانیی بێ. لەوانەیە، لەچوارچێوەی خێزاندا دیاردەی تاکزمانیی، تاکدیالێکتی هەبێ، بەڵام هەرگیز دیاردەی تاك ـ چینی نییە. هەبوونی جووت ـ چینی یان فرە ـ چینی حاڵەتێکی سروشتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، دیاردەیەك نییە ئایین، فەلسەفە، تێڕوانینی خەڵك فەراهەمی هێنابێ. ئێمە لەو خاڵەوە دەست پێدەکەین ئاخۆ کە فرە چینی هەبوو، فرە زمانیی، هەژموونی زمانیی دروست دەبێ؟! هۆکاری هەبوونی ئەو دیاردە زمانەوانییە، ئایینە، کۆمەڵگایە یان فەلسەفەی سیستەمی وڵاتە؟!

لەم کورتە توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین جەخت لەسەر زمانی دکتۆرەکان بکەین. ئاخۆ هیچ پەیوەندییەك هەیە لەنێوان زمانی دکتۆر و دکتاتۆر؟!

* لەزمانەوانی ـ کۆمەڵایەتیدا، چەمکی دوو ـ زمان Multi Linguistics بۆ کۆمەڵگایەکی زمانەوانیی چەند زمانی بەکاردێ. هەندێ جار دوو ـ زمان، بەواتای دوو زمانی نەتەوەیی جودایە لەیەك بەکاردێ.

لەم نووسینە، دوو زمان، هیچ یەکێ لەو مانایانەی سەرەوە ناگرێتەوە. لێرە، مەبەستمان لە (دوو زمان) زمانی کۆمەڵایەتی دوو چینە، دوو توێژە، دوو نەوەیە هەروەها دوو پۆستی دەسەڵاتی و بێ دەسەڵاتییە دوو زمان، بەواتای شێوازی زمانی دوو کۆمەڵە، دوو گروپ، کە لە پۆست و پیشەو تەمەن و دەسەڵاتەوە لەیەك جودان. زمانی ئەو دوو گروپ لەبنەڕەتدا یەك زمانی نەتەوەییە هەروەها ئاخێوەرو وەرگری ئەو دوو شێوازەی یەك زمانی نەتەوە، سەربەیەك نەتەوەن لەڕووی ڕەگەزەوە، بەڵام لەوانەیە لەڕووی ئینتمای نەتەوەییەوە زۆر لەیەکەوە دووربن!!

زمان، ئەگەر ناسنامەی نەتەوەش بێت، بەڵام ئەگەر "هەستێکی نەتەوەیی" لەدواوەی ئەو ناسنامەیە نەبێ، ئەوە ناسنامەکە هەر ئەوەندەی

وشەی "موسلمان"ی سەر ناسنامەی کەسێکی کۆمۆنیست کاریگەری دەبێ!!

## * زمان و هۆنریفیکس Language and Honorifics

زمانی کوردی یەکێ لەو زمانانەیە کە کۆمەڵێك پەیڤی دەربڕینی ڕێزی لە لێکسیکۆنی کەلتورو کۆمەڵگاوە هەیە. ئەو زاراوانەی چەمکی ڕێز لەزمانی کوردی دەردەبڕن دەلالەت لەهزرو بیرکردنەوەی خەڵکی کورد دەکەن. هەبوونی هۆنریفیکس لەزماندا پەیوەندییەکی بنەڕەتی بەهەژموونی ئایینەوە هەیە، چونکە گوتاری ئایینی گوتارێکی ڕێز ـ ئامێز و هەردەم کار لەسەر تەبایی نێوان تاکەکان و کۆمەڵگا دەکات.

هەرچەندە لە ئیسلام دا، شێخ و مەلاو سەید پلەو پایەی ئایینی نیین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی موسڵمان بەزمانێکی پڕ ئەدەبەوە لەگەڵ ئەو کەسانە دەدوێ. ئەوە زمان و کەلتورو تێگەیشتن لەدین ئەو حاڵەتە پڕ ڕیزە لە ئاخاوتن دەگوازێتەوە ناو زمان. جا هەرکەسێك بووە شێخ یان مەلا، ئەوە هەرگیز ئاخێوەر جورئەتی ئەوە ناکات بەناوی کەسیی لەگەڵ ئەو شێخ و مەلایە بدوێ، بەڵکو لەقەبی مەلا یان شێخ لەپێش ناوەکەی بەکاردێنێ. ئاخێوەری کوردی لەهەمبەر ئەو دووە ئەوەندە بەڕێزە، بۆیە جگە لەوتنی (مەلا) و (شێخ) ئەوە هەندێ مامۆستا مەلا...، یا شێخ...، کاکە شێخ، کاك شێخ... .

ئاخێوەری کورد، نەك تەنها بۆ وەرگر، بەڵکو بۆ زاتی خۆیشی لەقەبی ڕێز ئامێز بەکاردێنێ: کاك ئازاد، کاکە ئازاد..، خوشکە نەرمین، هیڤی خان... لەرۆژهەڵات (خانم) و (ئاغا) بۆ زۆربەی خەڵك بەکاردێت!

## * زمان و ناو بچووککردنەوە Language and Diminutive

بەزۆری ناو بچووککردنەوە لەدوو حاڵەت بەکاردێ: حاڵەتی شکاندن، کەمکردن، بریندارکردن یان حاڵەتی ناز پێدان.

هەر کۆمەڵگایە ململانێی چینایەتی تێدا باڵا دەست بوو، هەژموونی دەسەڵاتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری هەتا فەرهەنگیی وەك دیاردەیەك بوو، کاریشی بۆ بکرێ بۆ ئەوەی ڕەگ دابکوتێ، ئەوە هەردەم چینی باڵا

دەست یان توێژی باڵا دەست بەزمانێکی "پیس" "شکاو" مامەڵە لەگەڵ ئەوەی خوارەوەی خۆی دەکات. لەم نووسینەدا زیاتر جەخت لەسەر حاڵەتی شکاندنی کەسایەتی مەعنەوی و زمانیی ناو دایەلۆگی ناچاریی نێوان ئەو دووچین و توێژە دەکەین. گرنگە سەرنج بدەین کە ئەو حاڵەتی شکاندنی زمانە زادەی هزرو تێڕوانینی گروپی دەسەڵاتە (هەر دەسەڵاتێك: سیاسی، خێزانیی، کۆمەڵایەتی، عەسکەریی... هتد).

## * حاڵەتەکانی هۆنریفیکس و بچووککردنەوە لەهەندێ گوتاری دوو ـ زمانی یەك نەتەوەدا

ئەم جۆرە دیاردەیە (حاڵەتی هاوکات هەبوونی هۆنریفیکس و بچووککردنەوە لەیەك ئاخاوتن ـ Discourse) دیاردەیەکی زۆر باوە لەکۆمەڵگای فرە چینی و فرە ـ توێژییدا. لێرە تەنها ئاماژە بەو چەند جۆرەی خوارەوە دەکەین:

ئاغا ـ کرمانج

زمانی ئاغا هەردەم زمانێکی زبرە لەشێوەی ئاسایشدا بەهەژموونێکی مەعنەوی بارگاوی کراوە، ئەگەر خودی ئاغاش ئەوها گوفتارو ڕەفتار نەکات ئەوە کرمانج بەحوکمی ژیانی تەپەسەری ئەوە بە "ویقاری درۆزنانە" و "ئەزبەنی ناچاری" هەر خوێندنەوەیەکی نێگەتیڤ بۆ شێوازی زمانی ئاغا دەکات!

زمانی ئاغا پڕپەتی لە وشەی بێڕێزی و داخوازی ڕەها، هەرچی زمانی کرمانجە، ئەوە زمانێکی سادەو لەرزۆکە ـ هەردەم دەبێ حاڵەتی "بەرئەمری" لەخۆ بگرێ. ئەو گوتارەی کرمانج دەبێ بە هەرچ نەبێ بە گەورەم! دەست پێبکات! تەمەنی ئەو پارادۆکسیە بەقەد تەمەنی (حاڵەتی) دەرەبەگی و سیستەمی ئاغا ـ کرمانجیە! ئەم دیاردەیە، بە دروستبوونی حیزب و کۆمەڵگای شارو "مەدەنیەت"یش نەختێك کاڵ بووە، بەڵام هێشتا ڕەگی لەناو حیزبیش دا هەیە!

### * ئەفسەر ـ سەرباز

زمانی عەسکەری زمانێکی زبرە. ئەو جۆرە زمانە هیچ جۆرە ڕۆمانسیەتێك لەخۆ ناگرێ. پەیڤەکانی ئەو بوارە دەلالەت لەهەژموونی

دەسەڵاتی عەسکەری بەسەر تاکەکان دادەکەن. زمانی ئەو جۆرە توێژە هەتا لەدەرەوەی "سەربازگە"ش هەر خاونابێتەوە.

هەر بۆیە زمانی هەر ئەفسەرێك نەك هەر کاریگەری بەسەر سەربازەکانییەوە هەیە، بەڵکو بەسەر (ماڵ) و منداڵیشی دا هەیە. هیچ ئەفسەرێك قەبوڵ ناکات سەربازێکی ئاسایی بەبێ سەڵاوکردنی سەربازی و "گەورەم" قسەی لەگەڵ دا بکات! هەر مرۆڤێکیش، کە بووە سەرباز، "گەورەم"ی لەلا دەبێتە کەلتورێکی پیرۆز و بەشێك لە کەسایەتی!

## *دکتاتۆر ـ گەل

دکتاتۆر لەزۆر شێوە دەردەکەوێت، هەمووی گوزارشت لە منی باڵا دەکەن. منی باڵا، منی بێ هەڵە، منی خودا وەك فیرعەونی سەردەمی موستا ڕەهای ناو ڕەهای موتڵەقە!

مەرج نییە هەموو جار دکتاتۆریەت لە "دەسەڵاتی" عەسکەریەوە دروست بێ، بەڵکو زۆر جاریش لەدەسەڵاتی مەعریفیەوە پەیدا دەبێ. زۆرجارانیش لەشۆڕشگێڕیەوە، ئەوەتە سەرانی شۆڕشی فەرەنسا چۆن لەو پەڕی شۆڕشگێڕیەوە بوونە دکتاتۆر بەسەریەکەوە زۆربەیان بەدەستی هاوڕێکانیان بە مقسەکەی ڕۆپسێر سەریان پەلدرا!

زمانی دکتاتۆر نەك هەر فیرعەون، بەڵکو لەناو حیزبی مۆدێرنیش، زمانێکی پڕ (من)ە!

لەڕۆژهەڵاتی ناوین، کام دکتاتۆر نەیتوانیوە بەزمانی پڕ دیماگۆجیەتی خۆی نەك هەر بە فیرعەون نەزانێ بەڵکو دەستووری حیزب و وڵاتیش لەپێناو تەنها مانەوەی خۆی و دوای خۆی کوڕەکەی نەگۆڕێ گەل بە مێگەل تێنەگات؟!

بۆچی دەبێ زمانی دکتۆر وەك دکتاتۆر وابێ؟! لەژیانی پزیشکانی سەردەمدا چەند دیاردەیەکی زمانەوانی هەن: زمان ـ گۆڕین ـ Code swiyching لەکاتی دیتنی و پشکنینی نەخۆشدا دکتۆرەکان لەگەڵ یەك هەرگیز بەزمانی کوردی قسە ناکەن، بەڵکو هەردەم هەوڵدەدەن بەزمانی ئینگلیزی پزیشکی، نەك ئینگلیزی گشتی، لەگەڵ یەك بدوێن. ئەو جۆرە

دایەلۆگەی ئەوان کاریگەرێکی نێگەتیڤ لەسەر دەروونی نەخۆشەکە دروست دەکات و نەخۆشەکە بیری بۆ ئەوە دەچێت کە نەخۆشییەکەی ئەو کوشندە بێت ! !

ئەك كۆد گۆڕینە هێندەی شاردنەوەی حاڵەتی نەخۆشی نەخۆشەکەیە، ئەوەندەش ئیستیعلای دکتۆر بەسەر زمان و حاڵەتی شەپرزەی نەخۆشەکەوەیە هەروەها دیاردەیەکی تر پەیوەست بەزمان لەناو دنیای پزیشکانی دا هەیە. زمانی دکتۆر، زمانێکی پڕ داخوازی و هەڕەشەیە. لەزمانی وا دەفامرێتەوە، کە دەبێ فەرمانەکانی ئەو هەمووی جێ بەجێ بکرێن ـ بەداخەوە زۆربەی فەرمانەکانی دکتۆری ڕۆژهەڵاتی بەکارهێنانی "دەرمانە" کە زۆرجار زەرەو زیانی لەسوودی زۆرترە !

لەفەرهەنگ و کەلتوری پزیشکیدا، مرۆڤی نەخۆش لەتەك دکتۆرەوە سیفەتی "مرۆڤی" نامێنێ و دەبێتە حاڵەت ـ case ! ئەو کەیسانەش ژمارەیان هەیە هەروەك چۆن لەزیندانەکان، بەندییەکان ژمارەیان هەیە !

زمانی نەخۆش (کەیس) زمانێکی زۆر شڕە، بێ دەسەڵاتی زۆر پێوە دیارە. ئەو جۆرە زمانە لەبەردەم دکتۆر ئەوەندە هەژار دەبێ بەجۆرێ ئەگەر (گۆران)ی شاعیریش بێ، لەل دەبێت. لەل بوونی زمانی هێندەی پەیوەندی بەحاڵەتی سایکۆلۆرای نەخۆشەوەیە ئەوەندەش زیاتر پەیوەستە بەهەژموونی مەعنەوی زمان و ڕەفتاری دکتۆرەوە. ئەگەر نەخۆشی ڕۆشنبیریەکی پزیشکی هەبێ و ئاگای لە تەندروستی خۆی بێ، ئەوها زمانی شڕو لال نابێ !

ئێمە چاك دەزانین، دکتۆر: ئاغا، دەرەبەگ، ئەفسەر، دکتاتۆر نییە، بەڵکو فریشتەی ڕەحمەتە بۆ نەخۆش، بەڵام نازانین بۆچی نەخۆش لەبەردەم دکتۆردا وەك کرمانج و سەپان و سەرباز زمانی لەل دەبێ؟! دەبێ ئەمە لە ئاکامی ترسان لەنەخۆشیەوە سەرچاوەی گرتبێ یان لەزەینی (نەخۆش کورد) دکتۆر، دکتاتۆربێت؟!

**پوختە:**

کەسایەتی ئاغا، ئەفسەر، دکتاتۆر کەسایەتی لەیەك نزیکن هەرهەموو لەسەر بەرەی "دەسەلآت" و ڕژێمی سیاسی و کۆمەلآیەتی حسێب دەکرێن. زمانی ئەو کەسایەتیانە، زمانێکی زبرە بەرانبەر کەسانی ژێر دەستی خۆیان. ڕەوشی سیاسی، کەلتور، جوگرافیا فاکتەری سەرەکی دروستکردنی کەسایەتی و زمان و کەلتوری ئەوانەن.

دکتۆر، لەوانەیە لەڕووی جێنایەتییەوە سەر بەچینی سەرەوە، ناوەڕاست یاخود پرۆلیتاربێ بۆیە ڕەفتارو گوفتارو زمان و گوتاری ئەو ژێدەرانەی چینایەتی نییە، بەڵکو پەیوەستە بەتوێژەوە: ئەو توێژە بەو پیشەوە زمانێکی بۆ دروست دەبێ، کە جیا بێ لەزمانی چینەکەی بەلآن بارگاوی بێ بە ئەدگاری زمانی ئەهلی دەسەلآت. هەر ئەمەش وایکردووە شێوە ئاخاوتن و گوتاری دکتۆر وەك هەر دەسەلآتدارێك زمانێکی فەوقی بێ و ئەوەی ژێر خۆی پێ نزم و کز بێت ـ بەواتای لەناو بەشێکی زۆری دکتۆران حاڵەتی زمانی ڕێزو خۆشەویستی و زمانی بچووککردن حاڵەتێکی حەتمییە !

وێڕای ئەمەش، تروسکایەك لەوسەری تونێلە تارێك و نوتەکەکەوە هەیە، دەیەوێ ئەو "ڕاستییە تاڵە" بگۆڕێ زمانی دکتۆر و زمانی نەخۆش (ـ کەیس) وەك زمانی باوك و منداڵ لێ بکات... بۆ نا، وەك وتمان خۆ مەسەلەی زمانی دکتۆر بەچینەوە پەیوەست نییە، بەڵکو دەرهاوێشتەی ڕەوشتێکی کۆمەلآیەتی و کەلتورییە !

# جۆرەکانی زمان

و: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

زمان جیاکارییەکە لەجیاکارییەکانی مرۆڤ، کە لە دروستکراوانی دی جیای دەکاتەوە، جگە لەوەش زمان بەخششێکە لەلایەن خودای گەورەوە بە مرۆڤ بەخشراوە، مرۆڤ بەهۆی زمانەوە زۆر شتی لەدەست دێت، چونکە گەر زمان نەبووایە نە زانست و نەفێربوون و نە قوتابخانەو نە زانکۆ لە ئارادا دەبوو، گەر زمان نەبوایە نە پەخشان و نە شیعرو نە چیرۆك نەدەبوون، گەر زمان نەبوایە نە رادیۆ و نە تەلەفزیۆن و نە هیچ بەرنامەیەك نەدەبوو، گەر زمان نەبوایە، نە پەرتووك و نە رۆژنامەو نە گۆڤار لە ئارادا نەدەبوون. گەر زمان نەبوایە هیچ کەلتورو مێژوویەك تۆمار نەدەکران، بەڵام زمان چەندەها جۆرو چەندەها تەرزو چەندەها شێوەی هەیە، ئایا ئەم شێوانە چین کە لەزماندا بەدی دەکرێن.

## زمانی سەرچاوە:

زمانی سەرچاوە ئەو زمانەیە کە چەندەها زمانی دی لێکەوتۆتەوە، بۆ نموونە، زمانی ساسانی سەرچاوەی هەردوو زمانی فارسی و ئەفغانییە، زمانی لاتینیش زمانەکانی پورتوگالی و ئەسپانی و فەرەنسی و ئیتالی و سۆماڵی بەدی هێناوە، زمانی سەنسکریتیش هەردوو زمانی ئوردی و هیندی دروست کردووە.

## لقە زمان:

لقە زمان ئەو زمانەیە کە لەزمانی سەرچاوە پەیدابووە، زمانی فەرەنسی کە لقە زمانی لاتینییە، زمانی ئەڵمانی لە ئەڵمانی رۆژئاواییەوە دەرکەوتووە، زمانی سویدیش لقە زمانی جەرمانی باکوورو زمانی روسیش لقە زمانی سلاڤی رۆژهەڵاتییە.

**زمانی برا:**

زمـــانی بـــرا ئـــەو زمانەیـــە کـــە لەڕەچـــەڵەکدا لەگـــەڵ زمانـــەکی دی یەکدەگرێتەوە، بۆ نموونە زمانی دانیمارکی لەگـەڵ زمـانی نەرویجیـدا بـرای یەکدین، چونکە هەردووکیان سەر بەئەڵمانی باکوورن. زمانی ئیتالیش بـرای زمانی فەڕەنسییە، چونکە هەردووکیان لەلاتینیـەوە پەیدابوونـە، هـەروەها زمانی پۆڵەندی برای بوهیمیە، چونکە هەردووکیان دەچنەوە سـەر سـلاڤی رۆژئاوا.

**زمانی سروشتی:**

زمانی سروشتی ئەو زمانەیە کە بەبێ دەستێوەردانی مەرامـدار لەلایـەن مرۆڤەوە دروست بووە، ئەم وەسفەش لەسـەر سـەرجەم زمانـەکانی جیهـان پراکتیزە دەبێت، چ ئەو زمانانەی کە لەپێشوودا سەریان هەڵداوە و چ ئـەو زمانانەی کە ئێستا بڵاوبوونەتەوە.

**زمانی دەستکرد:**

زمـانی دەسـتکرد ئـەو زمانـە ناسروشـتیەیە بەمەبەسـتی ئاسـانکردنی فێرکردنـی زمانێـك لـەڕێگای هەڵبـژاردنی چـەند وشـەو چـەند پێکهاتەیـەکی گرنگەوە، لەوانەشە دروست کردنی ئەو زمانە لەڕێگای هەڵبژاردنی وشەکانی چەند زمانێك بەمەبەستی داهێنـانی زمـانێکی دی بەرهـەمبهێنرێت، ئـەویش بەمەبەسـتی دروسـتکردنی زمانێـك ببێتـە زمـانێکی جیهـانی ئاسـان، وەکـو زمانی (ئیسپرانتۆ).

**زمانی دەنگی:**

زمانی دەنگی ئەو زمانەیە کە ماناکان لەڕێگای دەنگـەکانی ئاخافتنـەوە پەیدا دەبن، پاشان وشەو ڕستەکانمان دروست دەبن و بەشـێوەی شـەپۆلی دەنگـی بـۆ گوێیـەکانمان دەگوازرێنـەوە و گـوێگر گـوێی لێ دەبێـت و لێـی تێدەگات گەر بیەوێ، وەك ئەو زمانەی کە لە کاسێت و رادیۆ و تەلەفۆنـەوە بەرگوێمان دەکەوێت.

**زمانی نوسراو:**

زمـانی نووسـراو ئـەو زمانەیـە کـە ماناکـان لـەڕێگای ئـەو پیتانـەوە دەگوازێتەوە، کە ئەو وشەو ڕستە دروست دەکات کە دەیاننوسـین، پاشـان

لەسەر شێوەی شەپۆلی رووناکی بۆ چاوەکان حەواڵە دەبن، ئیتر خوێنەر دەیبینێت و گەر بیەوێ لێی تێ دەگات، وەکو ئەو زمانەی کە لە پەرتووکەکان و رۆژنامەکاندا دەیانخوێنینەوە.

**زمانی ئاماژەیی:**

هەندێك زمان هەن کە نە گوێمان لێ دەبێت و نەوەکو پیتیش لەسەر کاغەز دەیانبینین، چونکە وەکو هێما بەهۆی پەنجە یان هەر ئامرازێکی ترەوە بێت دەیبینین، وەکو ئەو ئاماژانەی کە کەڕولاڵەکان ئەنجامی دەدەن، هەروەها هێماکانی رێگاو بان کە هیچ درکاوێکیان نییە، تەنها هەر ئاماژەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مانایەکی تایبەت دەبەخشن کە شوفێرو رێبوارەکان لێی تێ دەگەن.

**زمانی جەستەیی:**

زمانی جەستەیی ئەو زمانەیە کە لەگەڵ زمانە دەنگیەکەدایە، کاتێك قسە دەکەین، چاو و پەنجە و دەست و سەرو گەردنمان دەجولێنەوە، بێ گومان هەموو پێکەوە ناجولێنەوە، بەڵام جارنا جارێك دەستێك یان چاوێك یان پەنجەیەك یان سەرێك یان باسکێك دەجولێتەوە و هەر جولەیەك مانایەك دەبەخشێ یان قسەیەك هەڵدەوشێنێتەوە یان ڕەتی دەکاتەوە یان جەختی لەسەر دەکات.

**زمانی منداڵان:**

زمانی منداڵان ئەو زمانەیە کە منداڵان پێش تەمەنی (15) ساڵی قسەی پێ دەکەن، کە زمانێکە ژمارەی وشەکانی و فرێزەکانی کەمن و ڕستەکانی زۆر کورتن، هەروەها زمانێکە فۆنەتیکێکی تایبەتی هەیە لە ئاخافتندا، زۆرجار منداڵ دەنگەکان هەڵاوەگێڕ دەکات، و پیتی (س) بە (ش) و (ر) بە (ل) و (ج) (ز) دەدرکێنێت، هەروەها زمانی منداڵ پێوانەی بەسەر زاڵە وەك لەزۆر حاڵەتدا دەردەکەوێت.

**زمانی هەرزەکاران:**

زمانی هەرزەکاران ئەو زمانەیە کە گەورەکان قسەی پێ دەکەن و لەگەڵ زمانی منداڵاندا جیاوازی هەیە، چونکە زمانی هەرزەکارن وشەکانی چڕترو ڕستەکانی درێژترو پێکهاتەکانی فراوانترن و ڕاستترن لەدرکاندنیدا.

**زمانی شێوەزار:**

زمانی شێوەزار ئەو زمانەیە کە شێوەزارێکی تایبەت بە قسەکەرەکەی تیادا دەردەکەوێت، جاری واش هەیە زمانەوانێك دەتوانێت لەشێوەزاری کەسێکەوە ناونیشانی و وڵاتەکەی و بگرە شەقام و باڵەخانەکەی کە تیاشیدا دەژی بدۆزێتەوە، ئەمەش تەرحێکە لە گاڵتەجاری، بەڵام ئیتر مەبەست لەم قسەیە ئەوەیە کە زمانی کەسێك دەلالەت دەکاتە سەر شێوەزارە جوگرافیەکەی و ئاستە رۆشنبیرییەکەی.

**زمانی ناشێوەزار:**

زمانی ناشێوەزار ئەو زمانەیە کە مرۆڤ بەشێوەیەك قسەی پێ دەکات کە دەلالەت ناکاتە سەر شێوەزارێکی تایبەت، بە بەکارهێنانی ئەم زمانە شوێنی جوگرافی ئەو کەسە نازانرێت، زۆرجاریش ئەم شێوازە لەبەرکارهێنانی زمانی پەتیدا بەرجەستە دەبێت.

**زمانی پەتی:**

زمانی پەتی زمانی ئەدەب و زانستە، کە زیاتر بۆ فێرکردن بەکاردەهێنرێت، و لە وتنەوەی وانەکانی زانکۆ و قوتابخانەکاندا قسەی پێ دەکرێت، زمانێکە ئەم زمانە کە وشەی سادەو بازاڕی و نەشیاوی تیادا نییە، جگە لەمانەش ئەم زمانە سیستەمێکی تایبەتی خۆی هەیە لە درکاندن و ڕەچاوکردنی بنەما ڕێزمانییەکان دەکات و خۆی لە گوزارشتەکانی ڕەمەکی و درکاندنە بازاڕییەکان دەپارێزێت.

**زمانی ڕەمەکی:**

زمانی ڕەمەکی ئەو زمانە سادەیەیە لە مامەڵە نافەرمییەکاندا بەکاردەهێنرێت، ئەم زمانە لەنێوان دۆست و برادەران و لەنێوان ئەندامانی خێزاندا بەکاردەهێنرێت، جگە لەوەی ئەم زمانە زمانی ڕستەی کورت و وشە کارتێکراوەکانە، هەروەها زمانی پێکهاتە سادەو ساکارەکانەو دەلالەت دەکاتەسەر شێوەزاری جوگرافی قسەکەرەکە، لەیەك زمانیشدا چەند شێوەزارێکی ڕەمەکی بەکاردەهێنرێت.

**زمانی زیندوو:**

زمانی زیندوو ئەو زمانەیە کە ڕۆژانە لەقسەی ناو خەڵکیدا بەکاردەهێنرێت، ئەو زمانەیە کە خەڵکانێك تاکو ئێستا قسەی پێ دەکەن،

جا زمانێك بۆ ئەوەی كە زیندوو بێت بەس نییە تەنیا لە بۆنە ئایینی و زانستییەكاندا بەكاربهێنرێت، بەڵكو پێویستە لەژیانی رۆژانەشدا خەڵكی بەكاری بهێنن.

**زمانی لەناوچوو:**

زمانی لەناوچوو ئەو زمانەیە كە پێشتر بەكاردەهێنرا، بەڵام لەگەڵ نەمانی ئەوانەی كە قسەی پێ دەكەن، ئەویش نەماوە و لەناوچووە، یان لەڕووی تیۆرییەوە لەوانەیە ئەو زمانە هەرمابێ، بەبێ ئەوەی لە نووسین و خوێندندا بەكاربهێنرێ، وەكو زمانی ساسانی و زمانی قونی، زانایانیش ئەم زمانانەیان لەڕێگەی نەخش و نووسینە مێژووییەكان و شوێنەوارو پەرتووكە دێرینەكانەوە زانیوە.

**زمانی نیمچە زیندوو:**

زمانی نیمچە زیندوو ئەو زمانەیە كە لەژیانی ڕۆژانەی خەڵكیدا بەكارناهێنرێت، بەڵكو تەنها لەبۆنە ئایینی و زانستییەكاندا بەكاردەهێنرێت، وەكو زمانی (لاتینی)، زمانی نیمچە زیندوو لەگەڵ زمانی زیندووی تەواودا جیاوازی هەیە، چونكە لە ئاخافتنی رۆژانەدا بەكارناهێنرێت، لەگەڵ زمانی لەناوچووشدا لەو ڕووە جیاوازی هەیە، كە ئەم زمانە تاكو ئێستا هەر ماوە، واتە ئاستێكی ناوەندی وەرگرتووە، لەبەر ئەو هۆیە ناوم ناوە زمانی نیمچە زیندوو، دەشتوانی ناوی بنێی نیمچە مردوو، ئەگەر ویستت.

**زمانی ناوەكی:**

زمانی ناوەكی ئەو زمانەیە كە بەبێ دركاندن و بەبێ شەپۆلی دەنگی بەكاری دەهێنێت، واتە لەناو دەروونی خۆی و لەكاتی بیركردنەوەدا مامەڵە بە وشەكانی دەكات، ئەو زمانە زمانێكە كەس ناتوانێت گوێی لێ بگرێت و بەهیچ پێوەرێكی دەنگی بیپێوێت، و بە زمانی (گوێ لێ نەبوو)ش ناوزەد دەكرێت.

**زمانی یەكەم:**

زمانی یەكەم ئەو زمانەیە كە مرۆڤ یەكەمجار فێری دەبێت، ئەو زمانە یەكەمجار منداڵ لەدایك و باوكییەوە وەری دەگرێت، پێش ئەوەی بچێتە قوتابخانە، ئەو زمانەیە كە منداڵ بەبێ ركابەری لەلایەن زمانێكی دییەوە فێری دەبێت.

**زمانی دووەم:**

زمانی دووەم ئەو زمانەیە کە منداڵ پاش فێربوونی زمانی یەکەم فێری دەبێت، سەرچاوەی فێربوونی ئەم زمانەش یا ماڵ یاخود قوتابخانە یاخود کۆمەڵگایە، ئەم زمانە منداڵ فێری دەبێت، پاشان بۆی دەردەکەوێت کە لەدەرەوەشدا بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە مرۆڤێکی چینی، زمانەکەی لەسەرەتاوە هەر چینییە، بەڵام گەر کۆچ بکات بۆ ئەمەریکاو فێری زمانی ئینگلیزی ببێت، ئەوە زمانی دووەمی بۆ پەیدا دەبێت کە ئینگلیزییەکەیە، چونکە ئەم زمانی دووەمە لەژیانی رۆژانەیدا بەکاردەهێنرێت.

**زمانی بێگانە:**

ئەو زمانەیە کە مرۆڤ جگە لە زمانەکەی خۆی، ئەویش فێر دەبێت، بەبێ ئەوەی کە لەژیانی رۆژانەدا و لە دەرەوەی قوتابخانە بەکارهێنراوبێت، بەمشێوەیە زمانی بێگانە لەگەڵ زمانی دووەمدا جیاوازی هەیە، بۆ نموونە منداڵی کورد کە لە وڵاتەکەی خۆی زمانی ئینگلیزی فێر دەبێت وەکو زمانێکی بێگانە فێری دەبێت، نەك وەك زمانێکی دووەم، بەڵام گەر لە ئەمەریکا فێری بێت، ئەوا دەبێتە زمانی دووەم.

**زمانی بیرکردنەوە:**

لەوانەیە زمانی کەسێك کوردی بێت، بەڵام کاتێك کە بیر دەکاتەوە یان دەنووسێت یان شرۆڤە دەکات، ئەوا بە ئینگلیزی ئەم شتانە دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە کە زمانی یەکەمی کوردییە، بەڵام زمانی بیرکردنەوەی ئینگلیزییە، ئەمەش لە حاڵەتێکدا روودەدات کە ئەو کەسە بە رۆشنبیری، و کەلتوری کۆمەڵگایەکی دی کاریگەر بووبێت، بەتایبەتی گەر ماوەیەکی زۆر لەو کۆمەڵگایە ژیانی بردبێتەسەر، یان لەو حاڵەتەدا دروست دەبێت کە زاراوە و گوزارشی پێویست بە زمانەکەی یەکەمی بۆ دەستەبەر نەبێت.

**زمانی فێربوون:**

ئەمەش لەحاڵەتێکدا روودەدات کە لەوڵاتێکدا زمانی فێربوون لەگەڵ زمانی یەکەمی خەڵکەکە جیاوازبێ. ئەمەش زۆرجار لەژێر کاریگەریی داگیرکردندا دروست دەبێت، هەروەك لە جەزائیر لەسەردەمی ئیستیعماری فەرەنسی روویدا. ئەوکاتە زمانی فێربوون زمانی فەرەنسی بوو، کەچی

جەزائیر وڵاتێکە زمانی یەکەمی خەڵکەکەی عەرەبی بوو، لەوانەشە ئەم حاڵەتە لەلای میللەتێك رووبدات کە فرە زمان بێت، ئەو کاتە دەوڵەت پەنا دەباتە بەر یەکخستنی زمانی فێرکردن، بۆ ئەوەی زمانێك بکاتە زمانی باڵا دەست لەوڵاتدا، هەروەك زمانی رووسی لە (یەکێتی سۆڤیەت) وابوو.

**زمانی هاوبەش:**

زمانی هاوبەش ئەو زمانەیە کە هەموو یان زۆربەی زۆری وڵاتێك دەیزانن، کە فرە گەل و فرە زمان بن، ئەم زمانەش بۆ لە یەکگەیشتنی نێوان گەلانی یەك وڵات بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چەندەها کەمینە هەن کە زمانی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام زمانە هاوبەشەکەی زمانی ئینگلیزییە، لەیەکێتی سۆڤیەتیشدا چەندەها زمان و چەندەها کەمینە هەن، بەڵام زمانی ڕووسی زمانی هاوبەشیانە، لە وڵاتە عەرەبییەکانیشدا چەندەها زمان و چەندەها کەمینە هەن، بەڵام زمانە هاوبەشەکەیان زمانی عەرەبییە.

**زمانی فەرمی:**

زمانی فەرمی ئەو زمانەیە کە حکومەت لە نامە ناردن و تۆمارەکان و بەڵگەنامەو تۆمار نامەکانیدا مامەڵەی پێ دەکات، ئەم زمانەش لەگەڵ زمانی باوی وڵاتەکە لەوانەیە یەکاویەك بکاتەوە، بەڵام لەوانەیە ئەو زمانە زمانی کەمینەیەك بێت کە خاوەن دەسەڵاتە، یان لەوانەیە ئەو زمانە زۆر گرنگ بێت یان لەوانەیە زمانەکە تەنیا تایبەت بێ بە مامەڵە فەرمییەکان، و پەیوەندی بەزمانی بەکارهێنراوی گەلەوە نەبێت.

**زمانی پاك (بێگەرد):**

ئەم زمانە زمانێکە کە نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری هیچ زمانێکی دی، و زۆربەی زۆری وشەکانی بەڕەچەڵەك دەگەڕێنەوە سەر خودی زمانەکە، ئەم حاڵەتەش لەسەر زمانی عەرەبی جێبەجێ دەبێت.

**زمانی بەرهەمهاتوو:**

ئەو زمانەیە کە لە دوو زمان یان زیاتر پێك دێت، هەندێك پێی دەڵێن زمانی (دوو ڕەگ). دەکرێ ئێستا زمانی ئینگلیزی تازە بەزمانێکی بەرهەمهاتوو هەژمار بکەین، چونکە زمانێکە لە ئینگلیزی ناوەندو لەزمانی فەرەنسییەوە بەرهەمهاتووە. هەروەها زمانی ئوردی لەوانەیە

بەرهەمهاتووبێت، ئەویش لەبەر ئەو ڕێژە زۆرەی وشە هیندی و فارسی و عەرەبیانەی کە لەناویدا هەن.

**زمانی ناوخۆیی:**

زمانی ناوخۆیی ئەو زمانەیە کە تایبەتە بە یەك میللەت، ئەو زمانە زمانێکی نەناسراوە لە دەرەوەی وڵات، وەکو زمانی ئەلبانی و زمانی ڕۆمانی.

**زمانی جیهانی:**

زمانی جیهانی ئەو زمانەیە کە لەجیهاندا زۆر بەربڵاوە، ئەم زمانە زۆر بەکاردەهێنرێت و لە چەند وڵاتێکدا وەکو زمانی یەکەم یان زمانی دووەم یان زمانی بێگانە بەکاردەهێنرێت، زمانێکە لەبوارە زانستییەکان و هەردوو بواری بازرگانی و سیاسەتدا زۆربەکاردەهێنرێت ئەم شتەش لەسەر چەند زمانێك پراکتیزە دەبێت، هەرچەندە لە ئاستەکانیاندا جۆرێك لە جیاوازی هەیە، وەکو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەلمانی و روسی و عەرەبی.

**زمانی جێگرەوە:**

زمانی جێگرەوە ئەو زمانەیە کە جێگای زمانێکی دی دەگرێت و وردە وردە لەبازنەی بەکارهێنانی ئەو وڵاتە دەری دەکات، ئەم وەسفەش لەسەر زمانی ئینگلیزیدا پراکتیزە دەبێت، چونکە زمانی ئینگلیزی جێی زمانی هیندییە سوور پێستەکانی گرتەوە لە ئەمەریکای باکوور، هەروەها زمانی ئیسپانی شوێنی چەندەها زمانی گرتەوە لە ئەمەریکای باشوور، چەندەها زمانی عەرەبیش لەکاتی هاتنی سوپای ئیسلامی لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدین شوێنی چەندەها زمانی گرتەوە لە شام و باکووری ئەفریقا.

**زمانی لابراو:**

زمانی لابراو ئەو زمانەیە کە بەرامبەر بەزمانی لەجێگرەوە هەرەسی هێناوە، کە زمانی ئەو میللەتەیە کە بەرامبەر میللەتێکی دی بەهێز لەڕووەکانی ژیاری یا سەربازی یا ئابووری یا ڕۆشنبیری هەرەسی هێناوە، ئەم وەسفەش لەسەر زمانەکانی هیندیە سوورەکانی ئەمەریکا پراکتیزە دەبێت، چونکە ئەم زمانە لاچوو و زمانی ئینگلیزی هاتەجێی.

**زمانی باو و باڵا دەست:**

زمـانی بـاڵا دەسـت ئـەو زمانەیـە کـە لەزمانـەکانی دی بـەر بڵاوتـرە لەوڵاتێکدا کە فرەزمانە، ئەم زمانـە لەگـەڵ زمـانی جێگـرەوە جیـاوازە لـەو رووەوە کە زمانی جێگرەوە زمانەکانی دی لا دەبات و جێی زمانە لابراوەکە دەگرێتەوە، بەڵام زمانی بـاڵا دەسـت لەوڵاتـدا بـاڵا دەسـت دەبێـت بەسـەر ئەوانی تردا سەردەکەوێت، بەڵام زمانـەکانی دی هـەر دەمێـنن، بـۆ نموونـە زمانی فارسی لە ئێـران لەهـەموویان بـاڵا دەسـتترە، هەرچـەندە لـە ئێرانـدا زمانی تریش هەن کە زمانی کەمینەکانن.

**زمانی گشتی:**

زمانی گشتی لەگەڵ زمـانی رەمەکیـدا جیـاوازی هەیـە، زمـانی رەمـەکی بەرامبەرەکەی زمـانی پەتییـە، بـەڵام زمـانی گـشتی بەرامبەرەکـەی زمـانی (تایبەت)ە، مەبەست لە زمانی گشتی ئەو زمانەیە کە هەموو خەڵك لەوڵاتـدا بەکاری دەهێنن، ئەم زمانە تایبەت نییە بە خاوەن پیشەیەکی دیـاری کـراو یان بوارێك لەبوارەکانی مەعریفەوە.

**زمانی تایبەت:**

زمــانی تایبــەت ئــەو زمانەیــە کــە بــۆ بــوارێکی زانــستی تایبــەت بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە وشەکانی زمانەوانی لەگەڵ وشەکانی ئەندازیاری جیاوازە، وشەکانی زانستی پزیشکی لەگـەڵ وشـەکانی تایبـەت بـە زانـستی پەروەردە جیاوازن، هەروەها وشەکانی دەروونزانی لەگەڵ وشەکانی زانستی فقە جیاوازی هەیە، وشەکانی زانستی کشتوکاڵ جیاوازە لەگەڵ زانستەکانی بازرگانیدا، وشەکانی زانستی کیمیا لەگەڵ وشەکانی (رووەکزانـی) جودایـە، ئیتر بەم شێوەیە هەر زانستێك وشەگەلی تایبەت بـەخۆی هەیـە، کـە کـەم و زۆر لەگەڵ وشەکانی دیدا جیاوازی هەیە، ئەم وشـانەش بـەزمانێکی تایبـەت هەژمار دەکرێن، کـە کەسـێك شـارەزایی لـەو بـوارە یـاخود ئـەو زانستەدا نەبێت، ئەوا لێی تێناگات، بۆ نموونە گەر پزیـشکێك پـەرتوکێکی لەزانـستی ئەندازیاریـدا بەرچـاوکەوت، ئـەوە لـەزاراوەکانی ئـەو زانـستە تـێ ناگـات، هــەروەها گــەر ئەنــدازیارێك پــەرتوکێك لــەبوارەکانی زمانــەوانی یــاخود دەنگسازی بخوێنێت، ئەوا تووشی سەختییەك دەبێ.

**زمانی نموونەیی:**

زمانی نموونەیی ئەو زمانەیە کە هەر بەو شێوەیەی کە دەخوێندرێت، واش دەنووسرێت و هەر بەو شێوەیەش دەنووسرێتەوە کە دەخوێندرێت، زمانەکان لەم بوارەدا و لە گەیشتن بە ترۆپکی نموونەیی جۆراوجۆرن، بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی زمانێکی نموونەیی نییە، چونکە زۆرجار بەپێچەوانەی نووسینی دەیخوێنیتەوە، لەبەر ئەوەی هیچ جۆرە تەباییەك لەنێوان دەنگ و پیتەکانیدا نییە، بۆ نموونە پیتی (S) دەنووسین، بەلأم وەکو پیتی (Z) دەخوێنرێتەوە، لەوانەشە پیتەکە (C) بە (S) یان (k) بخوێندرێتەوە، جاری واش هەیە کە پیتەکە دەنووسرێت، بەلأم ناخوێندرێتەوە، بەرامبەر بەمەش زمانی کوردی و زمانی عەرەبی دەتوانین بلێین زمانێکی نموونەیین چونکە یەك پیت ئاماژە بۆ دەنگێك دەکات و هەروەکو خۆشی دەنووسرێتەوە و هەر دەنگێك بە پیتێك ئاماژەی بۆ دەکرێت.

### زمانی وەسفی:

زمانی وەسفی ئەو زمانەیە کە لە وەسفکردنی زمانێکی دیدا بەکاری دەهێنین، بۆ نموونە زمانی عەرەبی بۆ وەسف کردنی زمانی ئینگلیزی بەکاردێت، کە کاتێك دەمانەوێ ئینگلیزی فێربین، لەم حاڵەتەدا زمانی عەرەبی دەبێتە زمانێکی وەسفکار و زمانی ئینگلیزیش دەبێتە زمانی خوێنراو، زانایانی زمان بەگشتی پەنا دەبەنە بەر ئەم حاڵەتە، ئەویش لەکاتێکدا کە دەیانەوێ زمانی پەرتوکەکە دوو زمان بێت، ئەوان زمانی خوێنەر بۆ وەسفکردنی زمانێکی دی بەکاردەهێنن، گەر زانایەکی ئەمەریکی خوێنەرێکی ئەمەریکی فێر بکات، ئەوا زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنێت بۆ وەسفکردنی هەر زمانێك، بۆ نموونە زمانی عەرەبی.

### زمانی خوێنراو:

زمانی خوێنراو ئەو زمانەیە کە بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوە بەکاردەهێنرێت، لەوانەشە دەرەنجامی خوێندنی زمانەکە بەزمانێکی دی بدرکێندرێت، لەوانەیە زمانەکە زمانی عەرەبی بێت، بەلأم بەزمانی ئەڵمانی یان فەڕەنسی وەسف بکرێت، لەوانەشە ئەم حاڵەتە بەپێچەوانەوە بێت.

**بەکورتی:**

بەمجۆرە دەبینین زمان چەندەها جۆرە، لەوانەیە زمانی سەرچاوە بێ یان لقە زمان بێ یان برا یان سروشتی یان دەستکرد یان دەنگی یان خوێندراو یان ئاماژەیی یان جەستەیی بێت، زمان یا زمانی منداڵان یان گەورانە، یان شێوەزاریە یان ناشێوەزاریە، یان پەتییە یان زمانی ڕەمەکییە یان زیندووە یان نیمچە زیندووە، زمان دەرەکییە یان ناوەکییە، زمانی یەکەمە یان دووەمە یان زمانی بێگانەیە یان زمانی بیرکردنەوە یان بۆ فێربوونە، یان زمانی هاوبەشە یان فەرمیە، هەروەها زمان یا پاك و پاکژە یان لەدایك بووە یان ناوخۆییە یان جیهانییە، هەروەها زمان یا جێگرەوەیە یان لابراوە یان باڵا دەستە یان تایبەتە یان گشتییە یان نموونەییە یان نموونەیی نییە یان وەسفکارە یان خوێندراوە.

ژێدەر: محمد على الخولي، دراسات لغوية، دار الفلاح للنشر والتوزيع، 1998، ص 25 ـ 34.

# فەرهەنگی زمانناسی

# چەپکێك لە زاراوەگەری بواری ئەندازیاری

بەشی دووەم و کۆتایی

د. شێرکۆ بابان
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەدین

| | | |
|---|---|---|
| inspection | فحص | پشکنین |
| interchangeability | التبادلية | تێك گۆڕکێ |
| Interference fit | ازدواج تداخلي | جووتگری بە تێکپەڕ |
| internal micrometer | ميكرومتر قياس داخلي | مایکرۆمەتری ناوەکی |
| Irregularities | عدم الانتظام | نارێکی، لادان لەباری رێکی |
| ISA – system | نظام ايزا | سیستەمی (ئایزا) |
| ISO – system | نظام ايزو | سیستەمی (ئایزۆ) |
| Ignition | اشعال | داگیرساندن، ئاگر پێدان |
| Input | دخل | داهات |
| Impulse | زخم، دفع | تەووژم، هرووژم |
| Joint | مفصل | جومگە |
| Key | خابور | پواز |
| Key way | موضع خابور | جێ پواز، رێ پواز |
| Knob | مقبض | دەستك، جێدەست |

| | | |
|---|---|---|
| Kinetic energy | طاقة حركية | جووله وزه |
| lathe، turning machine | مخرطة | داتاشه، تۆڕنه |
| Level | مستوى | ئاست |
| Load | الحمل، الأحمال | بارگ، بارگه، بار |
| Lip | شفه، حافه | لچ، لێوار، لێواره، رۆخ |
| lip angle | زاوية الشفة، زاوية الحافة | لێواره گۆشه |
| lap joint | وصلة تراكبية | تێكبەستی تێكپەڕ واتە، سەری هەردوو پارچەكە تێكپەڕ دەكرێن ئەوسا لەیەكتری دەبەسترێن |
| laser welding | لحام الليزر | لكاندن به لێزەر |
| leather apron | صدرية جلدية | به روانكەی چەرم |
| leather gloves | كفوف جلدية | دەستەوانەی چەرم |
| left word welding | اللحام اليساري | لكاندن بەرەو چەپ |
| length | الطول | درێژی |
| lens | عدسة | زەڕەبین |
| light | ضوء | ڕووناكی |
| limit | حد | سنوور، پایان |
| leather | جلد | چەرم، قایش |
| linear measurement | القياسات الطولية | پێوانەی درێژی |
| longitudinal graduation | التدريج الطولي | پلەپله به درێژی |
| lateral stability | استقرارية عرضية | جێگری تەنیشتی |
| lorry | شاحنة | باركێش، بارهەڵگر، لۆری |
| leaf spring | نابض ورقي | تەختە سپرنگ |
| mark | علامة | نیشانه، زناك |
| metal cutting | قطع المعادن | كانزابڕین، كانزابڕی |

| | | |
|---|---|---|
| Wet cutting | القطع باستعمال سائل تبريد | تەڕە بڕین |
| milling | التفريز | فرێزەکاری، بڕین بە فرێزە |
| Metal forming | تشكيل المعادن | شێوەڕێژی کانزایی |
| mixture | خليط | تێکەڵە، تێکەڵاو |
| maximum | اكثر | زۆرترین |
| minimum | أقل | کەمترین |
| member | عنصر | ئەندام، بەشدار |
| machining | تشغيل ميكانيكي | بڕین، لە مەکینەدان |
| machining allowances | سماح التشغيل | ڕێدراوی بڕین واتە، کەم و زۆری ڕێدراو لە لادان لە پێوانەی خوازراو لە کاتی بڕیندا. |
| magnetic particles inspection | الفحص بالدقائق المغناطيسية | پشکنین بە تەنۆلکەی موگناتیسی |
| magnified image | صورة مكبرة | وێنەی گەورەکراو |
| magnified lens | عدسات مكبرة | زەڕەبینی گەورەکردنەوە |
| mass production | الإنتاج الواسع | بەرهەم هێنان بە لێشاو |
| measuring accuracy | دقة القياس | هوردی پێوانەیی |
| measuring range | مدى القياس | مەودای پێوانەیی |
| measuring unite | وحدات القياس | یەکەی پێوانەیی |
| melting temperature | درجة حرارة الانصهار | پلەی گەرمی توانەوە |
| metal electrode | قطب معدني | جەمسەری کانزایی |
| metric system | النظام المتري | سیستەمی مەتری |
| micro | مجهري | بینراو بە مایکرۆسکۆب پێشگری زاراوەیی بە واتای (بینراو هەر بە مایکرۆسکۆب) |

| | | |
|---|---|---|
| mild steel | صلب لين | ئاسنی نەرم |
| minute | دقيقة | خولەك |
| mirror | مرآة | ئاوێنە، نەینووك |
| mixer | خلاط | خەباتە، تێكەڵكەرە |
| macro | غير مجهري، بالعين المجردة | بینراو بە چاو پێشگری زاراوەیی بە واتای (بینراو بێ مایكرۆسكۆب) |
| moisture percentage | نسبة الرطوبة | رادەی شێ، رادەی نسێ |
| mould | قالب | خشتبڕ، ناوچێوە |
| momentary pole | قطب آني | جەمسەری كاتی |
| modulus of torsion | معامل الالتواء | كۆلكەی بادان، |
| modulus of elasticity | معامل المرونة | كۆلكەی سركی |
| motion resistance | مقاومة السير | بەرهەڵستی جووله |
| measure | مقياس | پێوەر |
| mechanics | ميكانيك | میكانیك |
| metal spring | نابض معدني | سپرنگی كانزایی |
| model | نموذج | نموونە |
| nonagon | ذو التسعة أضلاع | نۆلا، نۆلایی |
| neutral | متعادل | بۆش، بێ بەری، بێ لایەن |
| neutral flame | لهب متعادل | بلێسەی هاوسەنگ |
| nondestructive inspection | فحوص لاتدميرية | پشكنین بێ شكاندن |
| nut | صامولة | سەموونە |
| natural vibration | اهتزاز طبيعي | لەرەلەری سروشتی |
| number of turns | عدد اللفات | ژمارەی سووڕ |

| | | |
|---|---|---|
| oblique | مائل | خوار، خێچ |
| oblique turning | الخراطة المائلة | داتاشین به خواری |
| obtuse angle | زاوية منفرجة | گۆشـــەی کــراوه، گۆشـــەی پـەل |
| octagon | مثمن | هەشتلا، هەشتلایی |
| optical contour projector | جهاز الاسقاط الضوئي | ئامێری داکەواندنی تیشك |
| optical interference | التداخل الضوئي | تێکپەڕی تیشکی |
| orifice | فتحة | کون، کونیله، دەلاقه |
| Oxidizing flame | لهب مؤكسد | بلێسەی ئۆکسێنەر |
| oxy – acetylene cutting | القطـــــع بالاوكـــــسي استيلين | بڕین به ئۆکسی ئەسیتیلین |
| oxy – acetylene welding | لحام الاوكسي استيلين | لکانـــــدن بـــــه ئۆکـــــسی ئەسیتیلین |
| Optimum | امثل، افضل | باشــــترین، چـــــاکترین، رەگینترین |
| Oil | زيت | رۆن |
| principles | الأساس | بنــچینه، بنــەڕەت، بنــەما، بنەتا |
| Pitch | خطوة | هەنگاو، پێنگاڤ |
| polygon | مضلع | چەندلا، چەندلایی |
| parallelogram | متوازي الأضلاع | لاتەریب |
| perpendicular | متعامد | ستوونی |
| Periphery | المحيط | چێوه |
| Pivot | محور ارتكاز | گرێژەنه، دوولایی |
| portion | جزء | پرتك، پارچه، پرزۆڵ |
| Prim | موشور | ئاوێزه |
| projection | إسقاط | دا کەواندن |

| | | |
|---|---|---|
| pyramid | هرم | قووچەك |
| Pin | مسمار | نێرك، پن |
| protractor | منقلة | گۆشەپێو |
| porosity | مسامية | كونكونی، فشەڵی |
| position | موضع | جێگە، پێگە |
| preparing | تحضير | ئامادە كردن، بەرهەڤ كردن |
| pressure inspection | الفحص بالضغط | پشكنین بە پەستان |
| pressure inspection | لحام الضغط | لكاندن بە پەستان |
| products of combustion | نواتج الاحتراق | پاشەرۆكی سووتاندن |
| profile | مظهر جانبي | لاچێوە، لارۆخ |
| pulse | نبضة كهربائية | ترپە |
| periodic excitation | اثارة دورية | هەژاندنی ناوبەناو |
| pipe | أنبوب | بۆڕی، لوولە |
| plastic deformation | تشويه لدن | شێوەگۆڕی تورت |
| periodic | دوري | ناوبەناو، خولدار |
| pressure | ضغط | پەستان |
| Propeller shaft، Cardin shaft | عمود الإدارة (عمود كردان) | گاردن، دەستەكی پاڵنەر |
| piston shaft | عمود المكبس | شەفتی پەستێنەر |
| Period | فترة | ماوە |
| piston | مكبس | پەستێنەر |
| progressive spring | نابض تقدمي | سپرنگی پلەدار |
| resistance | مقاومة | بەرگری |

| | | |
|---|---|---|
| resistant | مقاوم | بەرگر |
| Rake angle | زاوية الجرف | گۆشەی راماڵ |
| Rough | خشن | زبر، دڕ |
| Rigid | جسي | توند و تۆڵ، توند |
| Rigidity | جساءة | توند و تۆڵی، توندی |
| Radial | نصف قطري | نیوەتیرەیی |
| Ray | شعاع | تیشك، تیژیەڕ |
| Rectangle | مستطيل | لاکێشە |
| Right angle | زاوية قائمة | گۆشەستوون |
| Roller | حادلة | باگردێن، ئامێری کوتینەوە |
| Ruler | مسطرة | راستە |
| Radiographic inspection | الفحص بالأشعة | پشکنین بە تیشك، رادیۆگرافی |
| Radius gauge | قياس نصف القطر | نیوە تیرە پێو |
| reducing flame | لهب مختزل | بلێسەی ئۆکسید لابەر |
| refractory materials | مواد مقاومة للحرارة | مادەی دژەگەرمی |
| regulator | منظم | رێکخەر |
| resistance welding | لحام المقاومة الكهربائية | لکاندن بە بەرهەلستی کارەبایی |
| reverse polarity | القطبية المعكوسة | جەمسەرایەتی پێچەوانە |
| right ward welding | اللحام اليميني | لکاندن بەرەو راست |
| roughness | الخشونة | زبری، دڕیی |
| roundness | الاستدارة | بازنە نوێنی، بازنەگری |
| rotating parts | أجزاء دوارة | پارچە سووڕاوەکان |
| real | حقيقي | راستەقینە، بەرجەستە |
| random | عشوائي | هەڕەمەکی |
| reaction force | قوة رد فعل | هێزی کاردانەوە |
| range | مجال | بوار |

| | | |
|---|---|---|
| rear axle | محور خلفي | ئەکسلی دواوە |
| resistance | مقاومة | بەرهەڵستی |
| rolling resistance | مقاومة التدحرج | بەرهەڵستی غلۆربوونەوە |
| Rear | مؤخرة | پاشەنگ |
| ratio | نسبة | رادە |
| reduction ratio | نسبة التخفيض | رادەی دابەزانـــدن، رادەی کەمکردنەوەی خێرایی |
| radius of turn | نصف قطر الاستدارة | نیوە تیرەی پێچ دانەوە |
| system | نظام، منظومة | سیستم، رژێم |
| section | مقطع | لابڕ، گردەبڕ |
| surface | سطح | رووەکەش |
| screw | مسمار | جەڕ، بورغی |
| scraper | عدة كشط يدوية | ڕنەك، رەندە |
| shaft | عمود | شەفت، دەستەك |
| sharp | حاد | تیژ، دەم تیژ، نووك تیژ |
| shell | قشرة | توێك |
| spiral | حلزون | لوول |
| sector | قطاع | کەرت |
| segment | قطعة، جزء | پرتك، بەش |
| Solid | صلب، صلد | رەق، توند، پڕ (دژواتای کلۆر) |
| Sphere | كرة | تۆپ، گۆ |
| Stretch | تلبيس | تیَ ترنج |
| Symbol | رمز | هێما |
| Spark | شعلة صغيرة جداً | پڵاچە، بڵێسەی زۆر بچووك |
| Stress | إجهاد | رەنجان |
| support | مسند | پاڵپشت |
| Slope | ميل | لاری |

| | | |
|---|---|---|
| Stable | مستقر | جێگیر، داسا کاو |
| stability | استقرار | جێگیری |
| Saw | منشار | هەرە، مشارە، بڕەر |
| Sand | الرمل | لم |
| shrinkage | انكماش | قووپان |
| sand blasting | التنظيف بالرش الرملي | کڕاندن بە لم |
| sand casting | سباكة الرمال | داڕشتن بە لم |
| Screw | لولب | لوول، دانی لوول وەك دانی بورغی |
| seam welding | لحام الخط | هێڵـە لکانـدن، لکانـدن بـە هێڵ |
| set | مجموعة | سێت، پێڕ |
| shrinkage allowances | سمح الانكماش | ڕێدراوی قووپان |
| signal | إشارة كهربائية | نیشانە، ئاماژە، پلاچە |
| slag | خبث | خڵتە، سەرتوو، سەرکەف |
| soldering iron | كاوية اللحام | داخکەر، داخکەری لکاندن |
| solid solution | محلول صلب | ئاوێتەی توند |
| special micrometers | ميكرومترات خاصة | مایکرۆمەتری تایبەتی |
| spot welding | لحام النقطة | لکاندن بە نوختـە، لکانـدنی نوختەیی |
| Spring | نابض | سپرنگ، زەمبەلەك |
| steel rule | مسطرة حديدية | ڕاستەی ئاسن |
| stopper | سدادة | تەپەدوور، دەمەوانە |
| straightness | استقامة | ڕاستە هێڵ نوێنی |
| straight polarity | القطبية المباشرة | جەمسەگری ڕاستەوخۆ |
| surface finish | إنهاء السطوح | ڕووکەش سفتی |
| surface | تموج السطح | ڕووکەش شەپۆلدار |

| | | |
|---|---|---|
| waviness | | |
| symmetry | تماثل | چوونیەکی، هاوڕوخساری |
| steering system | أجهزة القيادة | دەزگای لێ خورین |
| single mass | أحادي الكتلة | تاك بارستە |
| statistics | إحصائيات | ئامار سازی، ئامار |
| signal | إشارة | نیشانە، ئاماژە |
| suspension | تعليق | هەڵواسین، هەڵبەستن |
| safety belt | حزام الأمان | پشتوێنی متمانە |
| static load | حمل أستاتيكي | باری ستاتیك<br>باری بێجوولە |
| system output | خرج المنظومة | بەرهەمی سیستەم |
| shock absorber | رادع صدمات | تەکانمژە، زرمەمژە |
| side wind | رياح جانبية | تەنیشتەبا، لابا، بای لاوەکی |
| slip angle | زاوية الانزلاق | گۆشەی خزین |
| shock | صدمة | تەکان، زرمە |
| spectrum | طيف | شەبەنگ |
| steering wheel | عجلة القيادة | سوکان، ستێرن |
| static force | قوة استاتيكية | هێزی ستاتیکی |
| switch | مفتاح | کلیل، سویچ |
| Tool | عدة | ئامێر، ئامراز، کەرەستە |
| turning | خراطة | داتاشین، داتاشی |
| thick | سميك | ئەستوور، بارستەدار |
| thickness | سمك | ئەستوورایی |
| Test | اختبار | پراوە، پرۆڤە، تاقی کردنەوە |
| through hole | ثقب نافذ | کونی دەراودەر، کونی بێبن |
| tangent | مماس | لێکەوت |

| | | |
|---|---|---|
| tooth | سن الترس | دانی (دیشلی) |
| torsion | لي، التواء | بادان |
| tension | الشد | توندبوون، گرژ بوون |
| Thin | رقيق | تەنك |
| tee - joint | وصلة على شكل T | تێكبەستی (تی) |
| Test specimen | عينية اختبار | نموونەی تاقیكردنەوە |
| three – point inside micrometer | ميكرومتر ذو الثلاث نقاط | مایكرۆمەتری ناوەكی سێسەر |
| thermit welding | لحام الثرميت | لكاندن بە تێرمیت |
| thickness gauge | قد قياس السمك | ئەستووری پێو |
| timer | مؤقت | كاتێنەر، كاتپێوە |
| tolerance grade | رتبة التسامح | پلەی رێدراوی |
| tolerance zone | منطقة التسامح | ناوچەی رێدراوی |
| transducer | ناقل الطاقة | وزە ـ راگوێز |
| transformer | محولة | وەرچەرخێنەر |
| tumbling barrels | براميل التقليب | بەرمیلی هەڵ شێلان |
| testing machine | ماكينة فحص | پشكێنەرە، مەكینەی پشكنین |
| train | قطار | قەتار، شەمەندەفەر، كاروان |
| tangential force | قوة مماسية | لێكەوتە هێز |
| turning resistance | مقاومة الاستدارة | بەرهەڵستی پێچ دانەوە |
| trailer | مقطورة | ترێلە |
| top view | منظر علوي | جێكەوتی ستوونی |
| Tensional spring | نابض التوائي | سپرنگی لوولدراو |

| | | |
|---|---|---|
| Ultimate | أعظم، أقصى | ئەوپەڕ |
| ultrasonic welding | اللحام بالموجات فـوق الصوتية | لكاندن بە ئەلْتراسۆن |
| Unit | وحدة قياس | یەكەی پێوانە |
| unbalanced | غير متزن | لاسەنگ، لاخوار |
| Vice | آلة | ئامێر |
| Valve | صمام | شێرە |
| vibration | اهتزاز | لەرەلەر |
| Viscosity | لزوجة | لینجی، لینج نوێنی |
| visual inspection | فحص بصري | پشكنین بە چاو |
| vertical motion | حركة عمودية | جوولەی ستوونی |
| vehicle، car | مركبة، سيارة | گالێـــــسكە، گــــــەرۆك، ئۆتۆمبێل |
| Wear | بلي، تآكل | داخوران |
| Welding | لحّام | لكاندن |
| Welder | لحام | لكێنەر |
| Wire | سلك | وایەر، تەل |
| Wave length | طول الموجة | درێژی شەپۆڵ |
| wheel | عجلة | باچكە، تەگەر |
| width | عرض | پانی، پانتایی |
| X - ray | أشعة سبينية | تیشكی ئێكس |



د. محەمەد مەعروف فەتاح

چاپخانەی منارە - هەولێر